# ریفۆرم یان شۆڕش

ڕۆزا لوکزامبورگ

و: ئاکام بەسیم

## پێشەکی

ڕەنگە لەیەکەم ڕوانیندا ناونیشانی ئەم بەرهەمە سەیر بێتە بەرچاو. ئایا سۆسیال دیموکراسی دەتوانێت نەیاری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بێت؟ ئایا دەتوانین شۆڕشی کۆمەڵایەتی، واتە پێکهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیستەمی مەوجود کەئامانجی کۆتاییەتی سۆسیال دیموکراسییە لەبەرانبەر ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دابنین؟ بەدڵنیاییەوە "نا". خەباتی ڕۆژانە بۆ ریفۆرم، بەئامانجی باشترکردنی هەلومەرجی کرێکاران لەچوارچێوەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەداو بۆ جێگیرکردنی ناوەندە دیموکراتیکەکان، ئامرازێك دەخاتە بەردەست سۆسیال دیموکراسی بۆ ئەوەی لەخەباتی چینایەتی پرۆلیتێری و هەڵسووڕان بەئاراستەی ئامانجی کۆتاییدا، واتە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە دەخالەت بکات. لەڕوانگەی سۆسیال دیموکراسییەوە لەنێوان ریفۆرم و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی جیانەکراوە هەیە. خەبات بۆ ریفۆرم ئامراز و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئامانجە.

لەتیۆری "ئیدوارد بێرنیشتاین"دا کە لەبابەتەکەیدا بەسەردێڕی "کێشەکانی سۆسیالیزم" لە"نیۆ تێسایت" ١٨٩٧-١٨٩٨ و بەتایبەتی لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی "پێش مەرجەکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی" هێناویەتە گۆڕێ، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ ناکۆکی ئەم دوو هۆکارەی بزووتنەوەی کرێکاری بەرەوڕوو دەبینەوە. مەیلی تیۆریکی ناوبراو بەو ئاراستەدایە کەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، واتە ئامانجی کۆتایی سۆسیال دیموکراسی وەلابنێ و بەپێچەوانەوە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی کەئامرازێکی خەباتی چینایەتییە، بکاتە ئامانج. "بێرنێشتاین" بەڕاشکاوی و بەوردی ئەم بۆچوونەی داڕشتووە کە "ئامانجی کۆتایی هەرچی بێت، بۆ من هیچە، بزووتنەوە هەموو شتێکە."

بەڵام بەهۆی ئەوەیکە ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم تەنها هۆکاری دیاریکەرە کەبزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی لەدیموکراسی بۆرژوایی و رادیکاڵیزمی بۆرژوایی جیا دەکاتەوە، تاقە هۆکارێکە کەسەرجەم بزووتنەوەی کرێکاری لەهەوڵی بێ هۆ بۆ باشتربوونی سیستەمی سەرمایەدارییەوە بۆ خەباتی چینایەتی لەدژی ئەو سیستەمە بەئاراستەی لەناوبردنی دەگۆڕێت، بۆ سۆسیال دیموکراسی پرسیاری "ریفۆرم یان شۆڕش" هەروەك "بێرنێشتاین" هێناویەتە گۆڕێ وەکو ئەو پرسیارەیە: "بوون یان نەوبوون؟". مەناقەشە لەگەڵ "بێرنێشتاین" و لایەنگرانی لەسەر

**ئەم یان ئەو شێوەی خەبات و ئەم یان ئەو تاکتیك نییە، بەڵکوو قسە لەسەر تەواوی فەلسەفەی بوونی سۆسیال دیموکراسییە.**

**(رەنگە ئەم بابەتە لەگەڵ لێکدانەوەی سەرسەری تیۆری "بێرنێشتاین" نەیەتەوە. مەگەر ئەو بەردەوام ئاماژە بەسۆسیال دیموکراسی و ئامانجەکەی ناکات؟ مەگەر ئەو چەندین و چەندین جار و بەراشکاوی نالێت کە خۆیشی بۆ ئامانجی کۆتایی هەوڵ دەدات، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە؟ مەگەر بەتایبەتی جەخت لەسەر ئەوە ناکاتەوە کەکردەوەی پراتیکی ئەمڕۆی سۆسیال دیموکراسی بەتەواوەتی تەئید دەکات؟ بەدڵنیاییەوە گشت ئەمانە دروستن. بەڵام ئەمەش دروستە کەهەر بزووتنەوەیەکی نوێ لەکاتی دارشتنی تیۆری و ستراتیژی خۆیدا هەوڵ دەدات لەنێو بزووتنەوەی پێشوودا جێ پێیەك بۆ خۆی بکاتەوە، هەرچەند رەنگە بەئاشکرا لەگەڵیدا ناکۆك بێت. بزووتنەوەی نوێ بەرێکخستنی خۆی لەگەڵ شێوەکانی ئەمڕۆ دەستپێدەکات و بەو زمانە قسە دەکات کە تا ئەمڕۆ قسەی پێکردووە. سەرئەنجام تۆوی نوێ توێکڵی کۆنە هەڵدەدڕێ و بزووتنەوەی نوێ شێوەو زمانی خۆی دەبینێتەوە.**

**چاوەروانی ئەوەیکە ئۆپۆزیسیۆنی سۆسیالیزمی زانستی هەر لەسەرتاوە خۆی ئاشکرا بکات و تا دوایین دەرئەنجامەکانی دەربڕێت، چاوەروانی ئەوەیکە بەئاشکراو راشکاوانە حاشا لەبناغە فیکرییەکانی سۆسیال دیموکراسی بکات، بەمانای بەکەم گرتنی هێزی سۆسیالیزمی زانستییە. ئەمڕۆکە ئەگەر کەسێك بیهەوێ سۆسیالیست بەئەژمار بێت و هاوکات لەدژی مارکس، قووڵترین بەرهەمی فیکری مرۆڤ لەم سەدەیە شەڕ رابگەیەنێت، دەبێ بەرێزگرتنی نابەدڵی لەمارکسیزمەوە دەستپێبکات. دەبێ خۆی بەقوتابی مارکس لەقەڵەم بداو لەنێو فێرکارییەکانی مارکسدا هەندێك خاڵ بۆ هێرش کردنەسەری بدۆزێتەوەو لەژێر ناوی تەکامولی زۆرتری دۆکترینی مارکس ئەم هێرشە دەرخواردی خەڵك بدات. هەر بەم بۆنەشەوە پێویستە بەبێ سەرنجدان بەتوێکڵی دەرەکی تیۆری بێرنیشتاین کاکڵەی حەشاردراوی ببینینەوە. ئەمە لەحیزبی ئێمەدا بۆ تەیفێکی بەرین لە پرۆلیتاریای پیشەسازی پێویستی هەنووکەیی هەیە.**

**سووکایەتییەکی زبرتر و تۆمەتێکی خوێڕییانەتر لەو رستەیە لەدژی کرێکاران نییە کە "مەناقەشەی تیۆری تەنها بەکەڵکی رووناکبیران دێت." لاساڵ[1] سەردەمانێك وتبووی: "کاتێك کەزانست و کرێکاران، ئەم دوو جەمسەرە ناکۆکەی**

---

**[1] "فێردیناند لاساڵ" (١٨٢٥–١٨٦٤) لەساڵی ١٨٦٣ ئەنجومەنی گشتی کرێکارانی ئاڵمانی دامەزراند کە یەکەمین حیزبی جەماوەری پرۆلیتاریای ئاڵمان بوو. سەرەڕای ئەوەیکە لاساڵ هەوڵی دەدا پشتیوانی مارکس بەرەو لای خۆی راکێشێت، بەڵام مارکس هەمیشە هەوڵی دەدا مەودای خۆی لەگەڵ ناوبراو بپارێزێ. بۆ وێنە مارکس رەخنەیەکی**

کۆمەڵ یەکبگرن، بەمستی پۆڵایینی خۆیان تەواوی ئەو کۆسپانە تێکدەشکێنن کە لەسەر ڕێگای فەرهەنگدایە."
تەواوی هێزی کرێکاری مۆدێرن بەزانستی تیۆری پشت ئەستوورە.

بەڵام ناسینی ئەو مەسەلەیە بۆ کرێکاران گرینگییەکی زۆری هەیە. چونکە لێرەدا ڕۆڵی "بێرنێشتاین" و نفوزی ناوبراو لەناو بزووتنەوە لەگۆڕێدایەو ئەوە گۆشت و پێستی ئەوە کە بۆ فرۆش لەبەرچاوی هەمووان دادەنرێت. ڕەوتی ئۆپۆرتۆنیستی لەناو حیزبی ئێمە کەبێرنێشتاین لەبواری تیۆریەوە فرمولەی دەکات، بێجگە لە هەوڵێکی غەریزی بەو ئامانجەی کەدەسەڵاتی مەیلی وردەبۆرژوایی لەناو حیزب زەمانەت بکات و پراتیك و ئامانجەکانی حیزب لەگەڵ تیۆرییەکانیان ڕێکبخات هیچی تر نییە. لەلایەکی دیکەوە پرسیار سەبارەت بەریفۆرم یان شۆڕش پەیوەندی بەئامانجی کۆتایی بزووتنەوەو تایبەتمەندی پرۆلیتێری یان وردەبۆرژوایی بزووتنەوەی کرێکاریەوە هەیە.

بەم پێیە بەقازانجی جەماوەری پرۆلیتێری حیزبە کەچالاکانەو بەتێر و تەسەلی لەگەڵ ئەم مەناقەشە تیۆریکەو لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیزم ئاشنا بن. تا ئەو کاتەی زانستی تیۆری ئیمتیازی ژمارەیەك "ڕووناکبیر"ی حیزب بێت، حیزب لەبەردەم مەترسی بەلاڕێ چووندایە. تەنها ئەو کاتەی کەجەماوەری بەرینی کرێکاران چەکی تیژ و دڵنیای سۆسیالیزمی زانستی بەدەستەوە بگرن، هەموو جۆرە مەیلێکی وردەبۆرژوایی و هەموو ڕەوتێکی ئۆپۆرتۆنیستی دەبنە بڵقی سەر ئاو. لەوەها بارودۆخێکدا بزووتنەوەکە لەسەر زەوییەکی پتەو و قایم ڕادەوەستێت. "چەندایەتی ئەو کارە دەکات.")

بێرلین، ١٨ی ئاوریلی ١٨٩٩

## ١. مێتۆدی ئۆپۆرتۆنیستی

ئەگەر تیۆرییەکان ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی جیهانی دەرەوە لەمێشکی مرۆڤن، پێویستە سەبارەت بەتیۆری "ئێدوارد بێرنیشتاین" بڵێم کە هەندێ جار ئەو حوکمە لەسەر ئەو پێچەوانە بووەتەوە. لەوانە دەتوانین ئاماژە بەتیۆری ناوبراو سەبارەت بەدامەزراندنی سۆسیالیزم لەڕێگەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیەوە بکەین. با بزانین "بێرنێشتاین" لەچ بارودۆخێکدا ئەو تیۆرییە دێنێتە گۆڕێ؟ "بێرنێشتاین" لەبارودۆخێکدا ئەو بۆچوونە دێنێتە گۆڕێ کەبزووتنەوەی

---

تووندوتۆڵی لەهەوڵەکانی لاساڵ بۆ بەرەوپێش بردنی سۆسیالیزم لەڕێگەی هاوپەیمانبوون لەگەڵ ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی دەگرت.

ریفۆرمیستی لەئاڵمان تووشی قەیرانێکی یەکلایی بووەتەوە. بیر لەتیۆرییەك بکەنەوە کەدەیەوێت کۆنترۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا بسەپێنێت. ئەوە لەبارودۆخێکدایە کەئەزموونی کرێکارانی بەرهەمهێنەری فلیز لەبەریتانیا لەو بابەتەوە شکستیان هێناوە. یان تیۆرییەك بێننە بەرچاو کەخوازیاری بەدەستهێنانی زۆرینە لە پەرلەمەندایە، ئەویش لەدوای پێداچوونەوە بەسەر یاسای بنەڕەتی ساکسۆن و دەستدرێژییەك کە لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی رایشتاگدا (پەرلەمانی نەتەوەیی ئاڵمان) کرایە سەر مافی دەنگدان. سەرەڕای ئەوە، ئێمە پێمان وایە خاڵی سەرەکی سیستەمی "بێرنێشتاین" لەتێگەیشتنی ئەو لەئەرکە هەنووکەییەکانی سۆسیال دیموکراسیدا نییە. پێویستە لەخاڵێکدا بەدوای کاکڵەی سەرەکیدا بگەڕین کەناوبراو سەبارەت بەرێگای تەکامولی بابەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری باسی دەکات. کەهەڵبەت پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ تێگەیشتنی ئەو لەئەرکە هەنووکەییەکانی سۆسیال دیموکراسیدا هەیە.

"بێرنێشتاین" پێی وایە ئەگەری داڕمانی گشتی سەرمایەداری لەجاران کەمترەو ئەو ئەگەرە رۆژ بەرۆژ کەمتر دەبێتەوە، چونکە لەلایەکەوە سەرمایەداری نیشانی داوە توانایی ئەوەی هەیە خۆی رێکبخات و لەلایەکی دیکەشەوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر لەجاران گۆڕانکاری بەسەردا دێت. "بێرنێشتاین" دەڵێت توانایی سەرمایەداری بۆ رێکخستنی خۆی لەچەند خاڵدا دەردەکەوێت:

١. لەناوچوونی قەیرانە گشتییەکان کە بەهۆی گەشەی سیستەمی ئیعتباری، رێکخراوەکانی خاوەنکاران، ئامێرەکانی پەیوەندیگرتن و خزمەتگوزاری بەرینی زانیارییەوە هاتووەتە ئاراوە.

٢. بەهۆی چەمەوازهەڵنەگری چین و تووێژە مامناوەندەکان کە لەجیابوونەوەی بەردەوامی لقەکانی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی تووێژگەلێکی بەرین لە پرۆلیتاریا بۆ نێو چینی مامناوەند سەرچاوە دەگرێت.[2]

٣. وە سەرئەنجام بەهۆی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و سیاسی پرۆلیتاریا لەئاکامی خەباتی یەکێتییە کرێکارییەکاندا.

---

[2] گوایە بەو بۆنەوە کەگوایە تیۆرییەکانی مارکس لەکوانووی تاقیکردنەوەدا دروست نەهاتووەتە دەر و چینەکانی مامناوەندە هەروا ماونەتەوەو درێژەیان بەتەمەنی خۆیان داوە. (بۆ ئەوەی رێگا بدەین رۆزا لوکزامبورگ وەڵام بەو بابەتە بداتەوە لەروونکردنەوەی زیاتر خۆدەبووێرین). و

**لەئاكامدا بەو دەرئە نجامە دەگات کەسۆسیال دیموکراسی نابێت خەباتی خۆی بەئاراستەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا ببات، بەڵکو تەنها لەرێگای باشترکردنی بارودۆخی چینی کرێکار و لەرێگای دامەزراندنی سۆسیالیزم (ئەویش نەك لەرێگەی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەڵکو لەرێگەی پەرەپێدانی بەشێنەیی بەچاودێری کۆمەڵایەتی و بەکردەوەدەرهێنانی قۆناغ بەقۆناغی بنەماکانی رێکخراوەکانی تەعاونی مەسرەفی ) خەبات بکات.[3]**

**"بێرنێشتاین" لەنێو تیۆرییەکانیدا شتێکی نوێ نابینێت. بەپێچەوانەوە پێی وایە کە ئەو تیۆرییانە لەگەڵ بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگڵس و ئاراستەی گشتی سۆسیال دیموکراسی تا بەئەمڕۆ دێتەوە. بەڵام ئێمە پێمان وایە حاشاکردن لەناکۆکی بنەڕەتی ئەم تیۆرییانە لەگەڵ تێگەیشتنی سۆسیالیزمی زانستی گەلێك دژوارە.**

**ئەگەر رێویزیۆنیزمی "بێرنیشتاین" تەنها تەئیدکردنی ئەو خاڵە بووایە کەرەوتی گەشەی سەرمایەداری خاوتر لەوەیە کە پێشتر بیری لێ دەکرایەوە، ئەو تەنها هۆکارێکی دەهێنایەوە بۆ ئەوەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتارياوە بخاتە داوە، کە تا بەئەمڕۆ هەمووان لەگەڵیدا هاوڕان. تەنها ئاکامێك کە ئەو بۆچوونە بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەوەیە کەخێرایی خەباتەکە خاو دەکاتەوە. بەڵام کێشە شتێکی دیکەیە. "بێرنێشتاین" خێرایی تەکامولی کۆمەڵگای سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیار، بەڵکو رەوتی تەکامول و بەم پێیە پەڕینەوە بەرەو سۆسیالیزم دەباتە ژێر پرسیار.**

**تا بەئەمڕۆ تیۆری سۆسیالیستی رایدەگەیاند کە قەیرانی گشتی و کارەساتبار خاڵی دەستپێکی گۆڕانکاری بەرەو سۆسیالیزمە. لەم تیۆرییەدا پێویستە لەنێوان دوو شت جیاوازی دابنێین. بیرۆکەی بنەڕەتی و کاکڵەی دەرەکی ئەو بیرۆکەیە. بیرۆکەی بنەڕەتی جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە سەرمایەداری بەهۆی ناکۆکییە دەروونییەکانیەوە بەرەو ئاقارێك دەڕوات کەهاوسەنگییەکەی تێکدەچێت و مانەوەی ناموکین دەبێت. گەلێك هۆکاری باش لەئارادایە کە پێمان وابێت ئەم خاڵە وەرچەرخانە مێژووییە لەشێوەی قەیرانێکی بازرگانی کارەساتباری گشتیدا خۆی دەردەخات. سەرەڕای ئەوە، ئەمە لەچاو بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆری سۆسیالیستی گرینگییەکی لاوەکی هەیەو بنەڕەتی نییە.**

**هەروەك دەزانین بەردی بناغەی سۆسیالیزمی زانستی لەسەر سێ ئاکامی تەکامولی سەرمایەداری راوەستاوە:**

١. گەشەی تێکەولێکەیی لەئابووری سەرمایەداری کەرۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت و سەرئەنجام بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر لەناوی دەبات.

٢. کۆمەڵایەتی کردنی بەشێنەیی رەوتی بەرهەمهێنان کەتۆوەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی داهاتوو پێکدەهێنێت.

٣. گەشەکردنی ئاستی رێکخستن و وشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا کە لەشۆڕشی داهاتوودا فاکتەرێکی گرینگ بەئەژمار دێت.

"بێرنێشتاین" یەکەمین بناغەی ئەم سێ پایەیەی سۆسیالیزمی زانستی لادەبات. ئەو دەڵێت گەشەی سەرمایەداری لێکهەڵوەشانی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی لێناکەوێتەوە.

ئەو نە تەنها شێوەی دیاریکراوی لێکهەڵوەشان، بەڵکو لێکهەڵوەشانیش رەت دەکاتەوە. ئەو وشە بەوشە دەڵێت: "دەتوانین نارازی بین بەوەیکە لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگای ئەمرۆ لەجۆری قەیرانی بازرگانی گشتی نابێت، واتە لەوەش خراپتر لێکهەڵوەشانی بەتەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری کە لەئاکامی ناکۆکییە تایبەتییەکانیدا دێتە ئاراوە." ("بێرنێشتاین" بەو شێوەیە ئەگەری لێکهەڵوەشانی ئەو سیستەمە رەت دەکاتەوە) و لەوەڵام بەم دوو خاڵەدا دەڵێت: "بەگەشەکردنی رۆژ بەدوای رۆژ زیاتری کۆمەڵگا، ئەگەری لێکهەڵوەشانی بەتەواوەتی و گشتی سیستەمی بەرهەمهێنانی ئەمرۆ زیاتر لەجاران نامومکین دەبێت، چونکە گەشەی سەرمایەداری لەلایەکەوە توانایی خۆرێکخستن و لەلایەکی دیکەوە (هاوکات) جیابوونەوەی پیشەسازی زۆرتر دەکات."

بەڵام ئەو پرسیارە گرنگە دێتە گۆڕێ: کە بۆچی و بەچ شێوەیەك بەئامانجی کۆتایی هەوڵەکانمان دەگەین؟ لەروانگەی سۆسیالیزمی زانستییەوە، پێویستی مێژوویی شۆڕشی سۆسیالیستی زیاتر لەهەر شتێك لەتێکەولێکەیی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتری سەرمایەداریدا خۆی نیشان دەدات کەسیستەم بەبنبەست دەگەیەنێت. بەڵام ئەگەر وەکو "بێرنێشتیان" ئەو مەسەلەیە تەئیدی بکەینەوە کەگەشەی سەرمایەداری بەئاراستەی لەناوچوونیدا بەرەو پێش ناچێت، ئەو کاتە ئیتر سۆسیالیزم لەبواری بابەتییەوە زەرورەتی نامێنێت. ئەوەی دەمێنێتەوە دوو پاڵپشتی سەرەکی لێکدانەوەی زانستی سۆسیالیزمە کە لەئاکامەکانی سیستەمی سەرمایەدارین، واتە کۆمەڵایەتی بوونی رەوتی بەرهەمهێنان و وشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا. "بێرنێشتاین" کاتێك دەڵێت بەلابردنی تیۆری لێکهەڵوەشان "دۆکترینی سۆسیالیستی بەهیچ شێوەیەك هێزی بەقەناعەت گەیاندنی خۆی لەدەست نادات، ئەم دوو بابەتەی لەمێشکدایە. چونکە ئەگەر بیدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، (ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ) کە گشت ئەو فاکتەرانە

کەدەبنە هۆی وەلانان یان گۆڕینی قەیرانەکانی پێشوو، چین. لەراستیدا شتێك نین بێجگە لە پێش مەرجەکان و تەنانەت تا رادەیەك تۆوەکانی کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ پێکردنی کالا."

پێویست ناکات تێڕامانێکی زۆر بکەین بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەویٚ ئەم دەرئەنجامەش هەڵەیە. گرینگی گشت ئەو دیاردانەی "بێرنێشتاین" دەڵێت ئامرازی خۆرێکخستنی سەرمایەدارین، واتە کارتێلەکان، سیستەمی ئیعتباری، گەشەی ئامێرەکانی پەیوەندیگرتن، باشتربوونی بارودۆخی چینی کرێکار و هیتر لەچیدایە؟ ئاشکرایە (لەروانگەی "بێرنێشتاین"ەوە) لەوەدایە کەناکۆکییە دەرونییەکانی ئابووری سەرمایەداری لەنێو دەبەن یان لانیکەم دایدەمرکێننەوەو پێش بەگەشە یان پەرەسەندنی ئەو ناکۆکییانە دەگرن. بەم پێیە، لابردنی قەیرانەکان بەواتای لەنێوچوونی ناۆکی نێوان بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕپێکردنی کالا لەسەر بناغەیەکی سەرمایەدارانەیە. باشتربوونی هەلومەرجی چینی کرێکار یان بەرزبوونەوەی جێگاوچوێنی چەند بەشێکی دیاریکراو لەو چینە بۆ نێو چینی مامناوەند بەمانای دابەزینی ناکۆکی کار و سەرمایەیە. بەڵام ئەگەر کارتێلەکان، سیستەمی ئیعتباری، یەکێتییە کرێکارییەکان و هیتر ناکۆکییەکانی سەرمایەداری لەنێو دەبەن و لەئاکامدا سیستەمەکە لەفەوتان رزگار دەکەن، ئەگەر ئەو توانایییە بەسەرمایەداری دەبەخشن کەخۆی بپارێزێت (هەر بەم بۆنەشەوە "بێرنێشتاین" بە"ئامرازی خۆرێکخستن" ناویان دەبات)، چۆن هاوکات دەتوانن "پێش مەرجەکان و تەنانەت تارادەیەك تۆوەکانی" سۆسیالیزم بن؟ تەنها بەو بۆنەوە کەتایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان بەیان دەکەن. بەڵام بەو بۆنەوە کە ئەم فاکتەرانە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان لەشێوەی سەرمایەداری دەپارێزن، هەر بەو رادەیە گۆڕانکاری ئەم بەرهەمهێنانە کۆمەڵایەتییە بەرەو بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی رەت دەکەنەوە. هەر بەم بۆنەشەوە ئەوانە تەنها دەتوانن وەکو چەمك تۆو یان پێش مەرجەکانی سیستەمێکی سۆسیالیستی بن، نەك لەواتای مێژووییدا. ئەوانە کۆمەڵێك دیاردەن کە لەژێر تیشکی تێگەیشتنمان لەسۆسیالیزمدا دەزانین پەیوەندییان بەسۆسیالیزمەوە هەیە، بەڵام لەراستیدا نە تەنها شۆڕشی سۆسیالیستی لیٚ نابێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە رەتی دەکاتەوە. تەنها بناغەیەکی دیکەی سۆسیالیزم دەمێنێتەوە، ئەویش وشیاری چینایەتی پرۆلیتارییە. بەڵام ئەمەش لەم بابەتەوە رەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی روو لەگەشەی سەرمایەداری و لەناوچوونی بەمزووانەی لەمێشکی پرۆلیتاریادا نییە، چونکە بەئامرازەکانی خۆرێکخستن پێش بەم فەوتانە دەگرن. بەمشێوەیە ئەم وشیاریە دەبێتە شتێکی دڵخوازی پەتی کەهێزی بەقەناعەت گەیاندنی تەنها لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی راوەستاوە.[4]

---

[4]بەواتایەکی دیکە کابرا قسەی خۆی دەکات یان گوێی پیٚ دەدەن و قەبووڵی دەکەن یان گوێی پیٚ نادەن.... و

بەکورتی ئەوەی لێرەدا هەمانە بناغەیەکی بەرنامەی سۆسیالیستییە کە لەرێگەی "ئەقڵی پەتی"یەوە پێکدێت. بەزمانێکی سادەتر لەگەڵ لێکدانەوەیەکی ئایدیالیستی لەسۆسیالیزم بەرەوڕووین. پێویستی بابەتی سۆسیالیزم، لێکدانەوەی سۆسیالیزم وەکو دەرئەنجامی تەکامولی مادی کۆمەڵگا ڕەت دەکرێتەوە.

تیۆری ڕێویزیۆنیستی لەبەرانبەر "یان ئەم یان ئەو" دایە. یان گۆڕانکاری: هەروەك تا ئەمڕۆ پشتڕاست کراوەتەوە، ئاکامی ناکۆکییە دەرونییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە. بەپێی ئەو تیۆرییە، ئەم سیستەمە ناکۆکییەکانی خۆی گەشە پێدەدات تا بەلوتکە دەگات و لەجێگایەکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر لێکهەڵدەوەشێتەوە. بەڵام لەم حاڵەتدا "ئامرازەکانی خۆڕێکخستن" کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن و تیۆری لێکهەڵوەشان لەکوانووی تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو دێتەدەر. یان "ئامرازەکانی خۆڕێکخستن" بەراستی دەتوانن پێش بەلێکهەڵوەشانی سیستەمی سەرمایەداری بگرن و بەمشێوەیە سەرمایەداری دەتوانێت لەرێگەی لەناوبردنی ناکۆکییەکانیەوە خۆی بپارێزێت. لەم حاڵەتەدا سۆسیالیزم ئیتر پێویستییەکی مێژوویی نابێت. دەتوانن هەر ناوێك پێتان خۆشە لەسەری بنێن، بەڵام ئیتر دەرئەنجامی تەکامولی مادی کۆمەڵگا نابێت.

ئەم دووڕیانە دووڕیانێکی دیکەی لێدەبێتەوە. یان ڕێویزیۆنیزم سەبارەت بەرەوتی گەشەی سەرمایەداری دروستەو بەم پێیە گۆڕانکاری سۆسیالیستی دەبێتە یۆتۆپیایەك یان سۆسیالیزم یۆتۆپیا نییەو بەم پێیە تیۆری "ئامرازەکانی خۆڕێکخستن" لەکوانووی تاقیکردنەوەدا هەڵەیە. مەسەلەکە ئەوەیە.

## خۆڕێکخستنی سەرمایەداری

بێرنێشتاین پێی وایە ئیعتبار، ئامێرەکانی گەشەکردووی پەیوەندیگرتن و ڕێکخراوە تازەکانی خاوەنکاران کۆمەڵێك ئامرازی گرینگن کەدەبنە هۆی ئەوەی ئابووری سەرمایەداری خۆی ڕێکبخات.

ڕێگام بدەن باسەکەمان بەئیعتبار دەستپێبکەین. سیستەمی ئیعتباری لەئابووری سەرمایەداریدا کارکردی زۆری هەیە. هەروەك دەزانین چوونەسەرەوەی توانایی بەرهەمهێنان و ئاسانکاری کردن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کالا دوو کارکردی گرینگی سیستەمی ئیعتباری بۆ سەرمایەدارییە. کاتێك کەمەیلی دەرونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆ پەرەپێدانی بێ سنووری خۆی لەگەڵ کۆسپی خاوەنداریێتی بەرەوڕوو دەبێتەوە (ئاستی بەرتەسکی سەرمایەی کەرتی تایبەت)، تەرخان کردنی بوودجە وەکو ئامرازێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەند و کۆسپانە بەکار دەبرێت. ئیعتبار لەرێگەی شەریکەکانی پشکەوە ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار لەناوەندێکی یەکپارچەدا لەدەوری یەك کۆدەکاتەوە. ئەم دەرفەتە بۆ هەموو

سەرمایەدارێکی دیکە دەرەخسێت بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی ئیعتباری پیشەسازیدا لە پارەی سەرمایەدارەکانی دیکە سوود وەربگرن. لەلایەکی دیکەوە ئەمە بەشێوەی ئیعتبار بوار بۆ خێراتربوونەوەی ئاڵوگۆڕپێکردنی کالاو گەڕانەوەی سەرمایە بۆ بەرهەمهێنان، واتە سەرجەم وەگەڕکەوتنی بازنەیی پرۆسەی بەرهەمهێنان خۆش دەکات. ئەو کاریگەرییانەی کە ئەم دوو کارکردەی ئیعتبار لەسەر پێکهێنانی قەیران هەیانە، زۆر ساویلکانە لەبەرچاو ناگیردرێت. ئەگەر ئەوە راستە کەقەیرانەکان لەئاکامی ناکۆکی نێوان پوتانسیەلی پەرەسەندن، مەیلی بەرهەمهێنان بۆ زۆرتر بوون و پوتانسیەلی بەرتەسکی بەکارهێنان دێتە ئاراوە، بە پێی ئەو باسانەی لەسەرەوە کردمان، ئیعتبار تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ ئامرازی سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییەیە. بەتایبەتی هێزی گەشەی بەرهەمهێنان تا ئاستێکی سەرسووڕهێنەر بەرز دەکاتەوەو دەبێتە هێزێکی بزوێنەری دەرونی بۆ واوەترچوون لەچوارچێوەی بەرتەسکی بازاڕ. بەڵام ئیعتبار لەدوو لاوە گورزی خۆی دەوەشێنێت. ئیعتبار (وەکو هۆکاری رەوتی بەرهەمهێنان) لەدوای هاندان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی زیادی، لەکاتی قەیراندا (وەکو ناوبژیوانی رەوتی ئاڵوگۆڕی کالا) ئەو هێزە وەبەرهێنەرە لەناو دەبات کەخۆی خولقاندوویەتی. بەدەرکەوتنی یەکەم نیشانەکانی قەیران ئیعتبار بەرتەسك دەبێتەوەو لەجێگایەکدا کەئیعتبار پێویست بێت ئاڵوگۆڕپێکردنی کالا بەجێدەهێڵێت و لەجێگایەکدا کەهێشتا هەیە خۆی بەناکارامەو بێ سوود نیشان دەدات و بەم پێیە لەکاتی قەیراندا پوتانسیەلی بەکارهێنانی بازاڕ بەلانیکەم دەگەیەنێت.

بێجگە لەو دوو دەرئە نجامە گرینگە، ئیعتبار لەسەر سەرهەڵدانی قەیران کاریگەری جۆراوجۆری دیکە دادەنێت. ئیعتبار نە تەنها دەبێتە ئامێرێکی تەکنیکی بۆ دەستپێڕاگەیشتنی سەرمایەدار بەسەرمایەی سەرمایەدارەکانی دیکە، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەبێتە ئامرازێك بۆ سوودوەرگرتنی بێ شەرمانەو بێ رەوشتانە لەدارایی کەسانی دیکە. ئەمە سفتەبازییەکی بێ سنووری لێ دەکەوێتەوە. ئیعتبار لەسەر بنەمای زەرفیەتی خۆی وەکو ئامرازی شاراوەی ئاڵوگۆڕپێکردنی کالا نە تەنها قەیران تووندتر دەکاتەوە، بەڵکو لەم رێگەیەوە کەسەرجەم مامەڵەو ئاڵوگۆڕەکان دەکاتە مەکینەیەکی لێکئاڵاو و دەستکرد کە لانیکەمی سیکەکان دەکاتە پشتوانەی، دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی قەیران و بەمشێوەیە باشترین رێگا بۆ پەککەوتنی وەگەڕکەوتنی سەرمایەیە.

بەمشێوەیە دەبینین چاوەڕوان ناکرێت ئیعتبار ئامرازێك بۆ چارەسەرکردن یان تەنانەت دامرکاندنەوەی قەیرانەکان بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پێکهێنانی قەیراندا فاکتەرێکی زۆر بەهێز بەئەژمار دێت و بێجگە لەوە هیچ دەورێکی دیکەی نییە. بەگشتی کارکردی تایبەتی تەنها ئەوەیەکە بناغەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لەناو دەبات. تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ هەموو شوێنێك چەمەوازهەڵگر و نەرم و نیان دەکات. گشت هێزەکانی سەرمایەداری بە بەرزترین ئاستی پەرەسەندن دەگەیەنێت و رێژەیی و هەستیاری دەکات. ئیعتبار لەم رێگەیەوە، قەیرانەکان

**(کەبێجگە لە پێکدادانی دەورەیی هێزە ناکۆکەکانی ئابووری سەرمایەداری هیچی تر نین) خێراتر و توندتر دەکاتەوە.**

**ئەم بابەتە لەهەمان کاتدا بەمەسەلەیەکی دیکەمان دەگەیەنێت. ئیعتبار چۆن دەتوانێت بەگشتی وەکو ڕەنگدانەوەی "ئامرازی خۆڕێکخستن"ی سەرمایەداری خۆی دەربخات؟ "خۆڕێکخستن" بەیارمەتی ئیعتبار (لەهەر شێوەو لەهەر پەیوەندییەکیشدا بگونجێت) تەنها دەتوانێت بریتی بێ لەوەیکە لە پەیوەندییەکی سەرمایەداریدا هاوسەنگی پێکدەهێنێت، ناکۆکییەك چارەسەر دەکات یان دایدەمرکێنێتەوەو بەمشێوەیە بواری چالاکی بۆ ئەو هێزانە زەمانەت دەکات کە کەوتوونەتە بن بەستەوە. بەڵام ڕاستییەکەیە ئەوەیە کە ئەگەر لەسیستەمی سەرمایەداریدا ئامرازێك هەبێ کە ئەو ناکۆکییانە زۆرتر بکات، ئەوە ئیعتبارە. کاتێك بەرهەمهێنان تا ئەو جێگایەی دەکرێ پەرەدەستێنێت و هاوکات مامەڵە یەکی دەکەوێت، بچووکترین بیانوو دەبێتە هۆی ئەوەی ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی ئاڵوگۆڕپێکردنی کالا توندتر بێتەوە. بەجیاکردنەوەی بەرهەمهێنان لەخاوەنەکەی، واتە بەگۆڕینی سەرمایەی وەگەڕکەوتوو لەبەرهەمهێنانەوە بۆ سەرمایەی "کۆمەڵایەتی" و لەهەمان کاتدا بەگۆڕینی بەشێك لەقازانج لەژێر ناوی بەهرەی سەرمایە بۆ مافی خاوەندارێتی سادە، ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەندارێتی زۆرتر دەبێت. کاتێك قەبارەیەکی زۆر و زەبەند لەهێزەکانی بەرهەمهێنان لەدەست ژمارەیەکی بەرتەسك دادەنرێت و خاوەندارێتی لەژمارەیەکی زۆر لەسەرمایەدارانی ورد زەوت دەکرێت، ناکۆکی نێوان پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پەرەدەستێنێت. کاتێك پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لەبەرهەمهێنان (شەریکەکانی پشك[5]) دێتە گۆڕێ، ناکۆکی نێوان جەوهەری کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەندارێتی تاکەکەسی توندتر دەبێتەوە.**

**بەکورتی دەبێ بڵێین ئیعتبار تێکڕای ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی جیهانی سەرمایەداری سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوەو زەقتریان دەکاتەوە. ڕەوتی گەشەی ئەو ناکۆکییانە خێراتر دەکاتەوەو بەم شێوەیە جیهانی سەرمایەداری بەرەو لەناوچوونی خۆی (واتە لێکهەڵوەشان) پاڵ پێوەدەنێت. بەم پێیە، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بەئیعتبارەوە هەیە، یەکەمین ئامرازی خۆڕێکخستنی سەرمایەداری بریتییە لەوەیکە ئیعتبار لەنێو دەبات و هەڵیدەوەشێنێتەوە.
ڕاستییەکەی ئەوەیە کەئیعتبار بەهیچ شێوەیەك ئامرازی خۆڕێکخستنی سەرمایەداری نییە. بە پێچەوانەوە ئامرازی لەناوچوونی خۆیەتی، ئەو ئامرازە لەو بابەتەوە گرینگییەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. هەر ئەم خەسڵەتە شۆڕشگێڕانەیەی ئیعتبار (کە سنوورەکانی سەرمایەداری بەزاندووە) بووەتە هۆی جۆرێك چەواشەکاری و ڕەنگ و بۆنی**

---

[5] Holding Company

سۆسیالیستی بەم بەرنامە دەدەن. هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی لەفەڕەنسا گرینگترین پارێزەرانی ئیعتبار وەکو "ئیسحاق پرییەر" (هەر وەك مارکس وتبووی) وەکو نیوەپێغەمبەر و نیوەلۆمپەن پەیدا بن.

بەلێکۆڵینەوەی وردتر بۆمان روون دەبێتەوە کەدووهەمین "ئامرازی خۆڕێکخستن"، واتە رێکخراوەکانی خاوەنکارنیش هەر بەم شێوەیە سست و لەرزۆکە. "بێرنێشتاین" پێی وایە ئەم رێکخراوانە کۆتایی بەشپرزەیی بەرهەمهێنان دێنێت و بەگەڵاڵەڕێژی کردن بۆ بەرهەمهێنان قەیرانەکان لەنێو دەچن.[6] ئەوە راستە کە تا بەئەمڕۆ ئاکامەکانی گەشەکردنی کارتێلەکان و تراستەکان بەوردی نەدراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەو رێکخراوانە مەسەلەیەك دەردەخەن کە تەنهاو تەنها بەپێی تیۆری مارکسیستی چارەسەر دەکرێت. لەهەر رووەوە، ئەوەی روونە ئەوەیەکە تا ئەو رادەیە دەتوانین باس لەوە بکەین کەکارتێلەکانی خاوەنکاران تێکەولێکەیی سەرمایەداری کەم دەکەنەوە کەکارتێلەکان و تراستەکان و هیتر بتوانن ببن بەشێوەیەکی بەرهەمهێنانی گشتی و زاڵ. بەڵام ئەمە بەهۆی ماهیەتی ئەم کارتێلانەوە مومکین نییە. ئامانجی کۆتایی رێکخراوەکانی خاوەنکاران و کاریگەرییەکانی بەو شێوەیەیە: بە لەناوچوونی کێبڕکێ لەلقێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، کارتێل یان تراست دەتوانێت بەسەر دابەشکردنی سەرجەم قازانجێك کە لەو بازاڕە بەدەست دێت چاودێری بکات و زۆرترین قازانج بخاتە گیرفانی خۆیەوە، بەشێوەیەك کەبەشی ئەم لقە لەلقەکانی پیشەسازی زۆرتر دەبێت. رێکخراوێکی لەو چەشنە تەنها دەتوانێ رێژەی قازانجی خۆی لەلقێکی پیشەسازی بەزیانی لقەکەی دیکە بباتە سەرەوە. هەر بەم بۆنەشەوەیە کەناتوانێت پەرەبستێنێت. چونکە کاتێك کە بۆ هەموو لقە گرینگەکانی پیشەسازی پەرەبستێنێت، ئەم مەیلە کاریگەری خۆی لەدەست دەدات.

بەڵام رێکخراوەکانی خاوەنکاران تەنانەت لەبواری عەمەلیەوە رێك بە پێچەوانەی لەناوبردنی تێکەولێکەیی پیشەسازیی کاریگەری دادەنێن. بەپێی قاعیدە کارتێلەکان بردنەسەرەوەی سوودی خۆیان لەبازاڕی ناوخۆیی لەو رێگەیەوە دابین دەکەن کە ئەو سەرمایە زیادیەی کەناتوانن لەبازاڕی ناوخۆییدا بیخەنەگەڕ، لەدەرەوەی وڵات بەسوودێکی کەمتر دەیخەنەگەڕ، واتە لەدەرەوەی وڵات کالاکانی خۆیان بەنرخێکی زۆر هەرزانتر لەناوخۆ دەفرۆشن و لەئاکامدا لەبازاڕی دەرەوەی وڵاتدا کێبڕکێ تووندتر دەکەنەوەو لەبازاڕی جیهانیدا تێکەولێکەیی زۆرتر دەکەن. بەواتایەکی دیکە ئەگەر بتوانن لەبازاڕی ناوخۆدا ئەو کێبڕکێیە کەم بکەنەوە، بەدڵنیاییەوە لەبازاڕی یهانیدا

---

[6] هەڵەی بێرنێشتاین لەوەدایە کە پێی وایە ریشەی قەیرانەکان لەتێکەولێکەیی بەرهەمهێناندایە. ئەوە لەحاڵێکدایە کەریشەی قەیرانەکان لەپەیوەندییەکانی کار و سەرمایەدایەو ئەو ناکۆکییانە تەنها لەشپرزەیی و تێکەولێکەیی سەرمایەداری خۆیان دەردەخەن. بەواتایەکی دیکە شپرزەیی و تێکەولێکەیی بەرهەمهێنان تەنها رەنگدانەوەی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی سەرمایەدارییە. و

تێکەولێکەیی و کێبڕکێ تووندتر دەکەنەوە. بەواتایەکی دیکە ئەم رەوتە رێك بە پێچەوانەی ئەو شتەیە کەدەیانەوێ هەبێت. ئەم راستییە بەباشی لەمێژووی پیشەسازی شەکری نێونەتەوەییدا رەنگیداوەتەوە.

بەگشتی، رێکخراوەکانی خاوەنکاران وەکو رەنگدانەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنها دەتوانن قۆناغێکی دیاریکراو لەگەشەی سەرمایەداری بن. لەراستیدا کارتێلەکان لەبنچ و بناوانەوە تەنها ئامرازێکن کەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەستیان بۆ دەبات بۆ ئەوەی دارمانی کوشندەی رێژەی قازانج لەهەندێك لقی بەرهەمهێنان رابگرێت. بەڵام ئەو رێگایانەی کەکارتێلەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەکاری دەبەن، کامانەن؟ ئەوان لەبنەڕەتدا بەشێك لەسەرمایەی کەڵەکەکراو ناخەنەگەڕ و رایدەگرن. واتە هەر ئەو رێگایەی کە لەقەیرانەکاندا بەشێوەیەکی دیکە بەکار دەبرێت. هەڵبەت ئەم دەرمانە هەر ئەوەندە لەگەڵ نەخۆشییەکە جیاوازی هەیە کەدوو هێلکە پێکەوە جیاوازییان هەیە. ئەم رێگایە تەنها دەتوانێت بۆ ماوەیەکی بەرتەسك وەکو رێگاچارەیەکی کەم زەرەرتر لەگۆڕێدا بێت. بازاڕی جیهانی ئەوەندە گەشە دەکات تا بەلوتکەی خۆی دەگات و بەهۆی کێبڕکێی وڵاتانی سەرمایەدارییەوە پڕ دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بازاڕی فرۆش بەرتەسك بێتەوە (ئاساییە درەنگ یان زوو ساتی چاوەڕوان نەکراو دەگات). ئەو کاتە بەشێك لەسەرمایە کە بەناچاری وەگەڕنەخراوە، قەبارەیەکی وا پەیدا دەکات کە بەجێگای دەرمان دەبێتە نەخۆشی و سەرمایەیەك کە تا ئێستا لەلایەن رێکخراوی (سەرمایەداران)ەوە تێکەڵکرابوو و مەیلی بە "کۆمەڵایەتی بوون"ی هەبوو، دیسانەوە دەبێتە سەرمایەی تایبەتی. بەهۆی ئەوەیکە کێشەو گرفتەکان بۆ دۆزینەوەی تەنانەت بازاڕێکی بچووك رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت هەر کام لەبەشەکان پێی باشترە بەتاقی تەنیا بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. ئەو کاتە ئیتر رێکخراوەکانی (خاوەنکاران) وەکو بڵقی سەر ئاو دەتەقێت و جێگای خۆی دەدات بەکیبڕکێی ئازاد لەشێوەی تووندتریدا.[7]

---

[7] فریدریش ئەنگڵس لەساڵی ١٨٩٤ لەژێرنووسی بەرگی سێهەمی "سەرمایە"دا دەنووسێت:
"لەو کاتەوە کە ئەو بابەتانەی سەرەوە نووسراوە (مەبەست نووسینی بەرگی سێهەمی کاپیتاڵ لەساڵی ١٨٦٥ لەلایەن کارل مارکسە. و)، بەهۆی گەشەکردنی بەخێرایی پیشەسازی لەوڵاتە پێشکەوتووەکان بەتایبەتی لەئەمریکاو ئاڵمان، کێبڕکێ لەبازاڕی جیهانی بەشێوەیەکی بەرچاو زۆرتر بووە. ئەمرۆکە زانیاری سەبارەت بەو راستییە کە تەراکومی زۆر و زەبەند و بەخێرایی هێزەکانی وەبەرهێنەری مۆدێرن رۆژ بەرۆژ زیاتر سنوورەکانی یاساکانی مامەڵەی کالایی سەرمایەداری (کە دەبێ لەو چوارچێوەیەدا لەگەڕدا بن) دەبەزێنێت، رۆژ بەرۆژ زیاتر بەسەر سەرمایەدارانەدا دەسە پێت. ئەمە بەتایبەتی وەکو دوو نەخۆشی خۆی دەردەخات: یەکەم لەرێگەی شێوەی سەندنی گومرگ بەشێوەی گشتی کە لەشێوەی گومرگی رابردوو بەم شێوەیە جیا دەبێتەوە کە ئەم شێوەیە لەکالاکانی هەناردەکردن زۆرتر پشتیوانی دەکات. دووهەم، لەرێگەی کارتێلەکان (تراستەکان)ی خاوەن کارگەو کارخانەکانەوە

بەم پێیە، کارتێلەکان بەگشتی وەکو ئیعتبار قۆناغێکی دیاریکراو لەتەکاملی سەرمایەارین کە لەدوا لێکدانەوەدا تەنها تێکەولێکەیی سەرمایەداری پەرەپێدەدەن و ناکۆکییە دەرونییەکانی دەرئەخەن و بەلوتکە ئەگەیەنن. کارتێلەکان بەتووندترکردنەوەی خەباتی نێوان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی ئاڵوگۆڕ بەلوتکە دەگەیەنن، هەر بەو جۆرەی کە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەروونی ئەم بابەتە دەبینین. بێجگە لەوە بە دانانی سەرمایەی رێکخراو لەبەرانبەر چینی کرێکار، ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەندارێتی تووندتر دەکەنەوەو بەم شێوەیە ناکۆکی کار و سەرمایە پەرەپێدەدەن.

وە سەرئەنجام کارتێلەکان ناکۆکی نێوان خەسڵەتی نێونەتەوەیی ئابووری جیهانی سەرمایەداری و خەسڵەتی نەتەوەیی دەوڵەتی سەرمایەداری پەرەپێدەدەن کەشەڕێکی گومریکی گشتی بەدواوە دەبێت. ئەو شەڕە جیاوازییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری تیژتر دەکاتەوە. هەروەها پێویستە کاریگەری شۆڕشگێڕانەی کارتێلەکان لەسەر تەمەرکوزی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو هیتر بەم بابەتە زیاد بکەین.

بەم پێیە کاتێك کە کاریگەری یەکلایی کارتێلەکان و تراستەکان لەسەر ئابووری سەرمایەداریی هەڵدەسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو رێکخراوانە بەهیچ شێوەیەك وەکو "ئامرازی خۆرێکخستن" سەرکەوتوو نین. ناتوانن ناکۆکییەکانی سەرمایەداری دابمرکێننەوە. بەپێچەوانەوە ئامرازێکن کەتێکەولێکەیی سەرمایەداری گەورەتر دەکاتەوەو پەرەی پێدەدات. ناکۆکییە دەرونییەکانی سەرمایەداری گەشە پێدەدات و گەیشتنی کاتی هەڵوەشانەوەی گشتی سەرمایەداری خێراتر دەکاتەوە. ئەگەر مەسەلەی ئیعتبار، کارتێلەکان و لەو چەشنە تێکەولێکەیی ئابووری سەرمایەداری چارەسەر ناکەن، بۆچی لەماوەی دوو دەیەدا، واتە لەساڵی ١٨٧٣وە تا بەئەمڕۆ هیچ قەیرانێکی بازرگانی گشتیمان نەبووە؟ ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لانیکەم لەدوو بابەتی سەرەکیدا، بەراستی خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵگا "رێکخستووە"و لێکدانەوەیەك کەمارکس سەبارەت بەکۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەشی کردووە، کۆن بووەو هەڵوەشاوەتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

---

بازنەیەکی بەرهەمهێناین بەرینتر بۆ دیاریکردنی بەرهەمهێنان و لەو رێگەیەوە دیاریکردنی نرخەکان و قازانجەکان پێکدێنن. پێویست بەروونکردنەوەی زۆرتر نییە کە ئەم ئەزموونانە تەنها لەبارودۆخی ئابووری تارادەیەك گونجاودا تاقی دەکرێنەوە، هەڵکردنی یەکەم زریان تێکیدەشکێنێت و دەیسەلمێنێت کەئەگەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێویستی بەدارشتن و دیاریکردنە، بەدڵنیاییەوە ئەو راسپاردەیە لەتوانای چینی سەرمایەداردا نییە. لەم نێوانەدا ئامانجی کارتێلەکان تەنها ئەوەیە کەبوار بۆ هەڵلوشینی خێراتری خاوەنکارانی بچووکتر لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە خۆش بکەن: "رۆزا لوکزامبورگ"

لەساڵی ١٩٠٠ هێشتا دوو ساڵ لەو کاتەی کەبێرنێشتاین (لەساڵی ١٨٩٨) تیۆری قەیرانی مارکسی ڕەت کردبووەوە تێنەپڕیبوو کەقەیرانێکی گەورە هاتە ئاراوەو حەوت ساڵ دواتر، واتە لەساڵی ١٩٠٧ قەیرانێکی نوێ لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیپێکردو بۆ سەرانسەری جیهان تەشەنەی سەند. بەمشێوەیە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر تیۆری "خۆڕێکخستن"ی سەرمایەداری ڕەت کردەوە. پێ بەپێی ئەوە سەلما کەسانێك کەتیۆری قەیرانی مارکسیان "تەنها بەو بۆنەوە کە لەرووکەشدا لەدوو" نۆرەی مایە پووچ دەرچووندا "لەکوانووی تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نەهاتووەتە دەر" ڕەت کردبووەوە، کاکڵەی سەرەکی ئەم تیۆرییەیان لەگەڵ بەشێکی بێ نرخ لەتوێکڵی دەرەکی، واتە لەگەڵ قۆناغێکی دە ساڵە بەهەڵە گرتبوو. هەڵبەت دیاریکردنی یاسامەندی وەگەڕکەوتنی بازنەیی سەرمایەداری پیشەسازی مۆدێرن لەشێوەی قۆناغێکی دە ساڵە لەلایەن مارکس و ئەنگلس لەساڵەکانی ١٨٦٠ و ١٨٧٠ ئەو ڕاستییەی پشتڕاست دەکردەوە کە بەش بەحاڵی خۆی لەسەر بنەمای یاسایەکی سروشتی سادە دانەنرابوو، بەڵکو لەسەر زنجیرەیەك بارودۆخی مێژوویی دیاریکراو دیاریکرابوو کە پەیوەندی بە پەرەسەندنی سەرمایەداری تازەپێگەیشتوو هەبوو.

قەیرانی ساڵی ١٨٢٥ لەکردەوەدا دەرئەنجامی وەگەڕخستنی سەروەت و سامانێکی زۆر و زەبەند بۆ دامەزراندنی ڕێگاوبانەکان، کەناڵەکان و کارەکانی دیکە بوو کە لەدەیەی پێشتردا لەبەریتانیا بەباشترین شێوە بەڕێوەچوبوو، هەر بەو جۆرەی کەقەیرانە گرینگەکەش لەوێدا هاتە ئاراوە. هەر بەمشێوەیە دەبینین قەیرانی دوایی ١٨٣٦–١٨٣٩ بەهۆی دامەزراندنی ئامێرەکانی گەیاندن و گواستنەوە لەئاستێکی زۆر و زەبەندا بوو. هەروەك دەزانین قەیرانی ساڵی ١٨٤٧یش بەهۆی دامەزراندنی زریقەو بریقەداری ڕێگای ئاسنی بەریتانیا پێکهات (لەساڵی ١٨٤٤ەوە تا ١٨٤٧، واتە لەماوەی سێ ساڵدا پەرلەمانی بەریتانیا ئیمتیازی دامەزراندنی ڕێگا تازەکانی بەبڕی یەك ملیار و نیو تەیلر پەسەند کرد!).

بەم پێیە سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵێك بناغەی نوێ بەرهەمی گەشەی سەرمایەداری بوون کەقەیرانیشیان بەدوای خۆیاندا هێنا. قەیرانی ساڵی ١٨٥٧ بەهۆی کەشفکردنی کانەکانی ئاڵتوون لەئەمریکاو ئۆسترالیا هاتە ئاراوە. چونکە کەشف کردنی ئەو کانانە لەناکاو کۆمەڵێك بازاڕی فرۆشی نوێی بەرووی پیشەسازییەکانی ئەوروپادا کردەوە. بەتایبەتی فەڕەنسا لەبواری دامەزراندنی ڕێگای ئاسندا پێی نایە جێ پێی بەریتانیا، (لەساڵی ١٨٥٢ەوە تا ١٨٥٦ تۆڕی ڕێگای ئاسنی نوێ لەفەڕەنسا بە بڕی یەك ملیار و دووسەدو پەنجا ملیۆن فرانك دامەزرا). سەرئەنجام هەروەك دەزانین قەیرانی گەورەی ساڵی ١٨٧٣ دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ریزبەندی نوێ و یەکەمین هێرشی پیشەسازییە گەورەکان لەئاڵمانو ئۆتۆریش بوو کە بەدوای ڕوداوە سیاسییەکانی ١٨٦٦ و ١٨٧١ هاتە ئاراوە.

بەم پێیە تا ئێستا هەموو جارێك پەرەسەندنی لەناكاوی ئابووری سەرمایەداری هۆكاری سەرەكی هاتنە ئارای قەیرانی بازرگانی بووە. ئەو مەسەلەیە كەقەیرانە نێونەتەوەییەكان هەر دە ساڵ جارێك دووپات بوونەتەوە یان نا، مەسەلەیەكی رووكەشییەو گرینگییەكی ئەوتۆی نییە. گەڵاڵەی ماركس سەبارەت بە پێكهاتنی قەیرانەكان، هەروەك ئەنگڵس لە"ئانتی دوورینگ" و ماركس لەبەرگی سێهەمی "كاپیتاڵ"دا رایگەیانگەیاندووە، سەبارەت بەهەر كام لەقەیرانەكان تا ئەو جێگایە دروستە كەمیكانیزمی دەرونی ئەو قەیرانانەو هۆكارە قووڵەكانی بەگشتی كەشف دەكات. چ هەر دە ساڵ جارێك یان هەر پێنج ساڵ جارێك یان هەر بیست و هەشت ساڵ جارێك دووپات ببنەوە، هیچ فەرقێك ناكات. بەڵام ئەوەی چز لەتیۆری "بێرنێشتاین" دەوەشێنێت و بێ ئیعتباری دەكات ئەو راستییەیە كەتازەترین قەیران لەساڵی ١٩٠٧-١٩٠٨ بەتووندترین شێوە وڵاتێكی وەلەرزە هێنا كە"ئامرازی خۆرێكخستن"ی بەناوبانگی سەرمایەداری، واتە ئیعتبار، سیستەمی پەیوەندیگرتن و تراستەكان تێیدا بەباشترین شێوە گەشەیان كردبوو.

بەگشتی ئەو بۆچوونە كە پێی وایە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەتوانێت خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆری كالا "رێك" بخات، بە یەكێك لەم دوو ئەگەرەوە گرێ دەخوات: یان دەبێ بازاڕی جیهانی لەئاستێكی بێ سنوور و بێ كۆتاییدا گەشە بكات یان ئەوەیكە بە پێچەوانەوە گەشەی هێزەكانی بەرهەمهێنان رابگیردرێت و نەتوانێت لەسنووری بازاڕی جیهانی واوەتر بچێت. ئەگەری یەكەم لەبواری مادییەوە مەحاڵە، چونكە گۆی زەوی پوتانسیەلێكی دیاریكراوی هەیە. ئەگەری دووهەمیش بەو بۆنەوە دوور لەراستی دێتە بەرچاو كەگۆڕانكارییە تەكنیكییەكان لەهەموو بابەتەكانی بەرهەمهێناندا هەمیشە گەشەیان كردووەو هەموو رۆژێك هێزی وەبەرهێنەری نوێ پێكدێنێت.

"بێرنێشتاین" دەڵێت دیاردەیەكی دیكەش لەگەڵ ئاراستەی تەكامولی سەرمایەداری كە لەسەرەوە باسمان كرد، لەناكۆكیدایە. ئەویش "كاكڵەی سەرەكی خەوش تێنەكەوتوو" یان "فالانكسە[8] بەردەوام"ەكانی كارگە مامناوەندەكانە كەناوبراو ئاماژەی پێدەكات. "بێرنێشتاین" لەوەدا ئەو نیشانە دەبینێت كە گەشەی پیشەسازی گەورە بەئاراستەیەكی شۆڕشگێڕانەدا ناڕواتە پێش و بە پێی "تیۆری لێكهەڵوەشان" لەسەر پێكهێنانی گۆڕانكاری بەدیهێنەر و موتەمەركیزكەردا كاریگەرییەكی ئەوتۆی نییە. سەرەڕای ئەوە، "بێرنێشتاین" لێرەدا بووەتە قوربانی خراپ تێگەیشتنی خۆی. ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت كەكارگە مامناوەندەكان بەشێنی لەناو بچن، بەتەواوی بەشێوەیەكی هەڵە لەگەشەی پیشەسازی گەورە تێگەیشتووین.

---

[8] Phalanx جۆرێك رێكخستنی هێزی پیادە لەیۆنانی كەونارابوو. و

بەپێی تیۆری مارکسیستی، سەرمایە بچووکەکان لەئاراستەی گشتی گەشەی سەرمایەداریدا رۆڵی پێشەنگایەتی شۆڕشی پیشەسازی دەگێڕن. بەڵام ئەو سەرمایانە لەدوو بواردا ئەو رۆڵە دەگێڕن. یەکەم، لەلقە کۆن و سەقامگرتووەکانی بەرهەمهێناندا کۆمەڵێك مێتۆدی نوێ دادەمەزرێنن. دووهەم لەو لقە تازانەی بەرهەمهێنان کەهێشتا سەرمایەداری گەورە بەهرەبەرداری لێ نەکردووە. ئەم بۆچوونە نادروستە کەپێی وایە مێژووی ناوەندە بچووکەکانی سەرمایەداری بەو ئاراستەیەدا بەرەو پێش دەچێت کەبەشێنەیی لەناو دەچێت. ئاراستەی تەکامولی ئەو ناوەندانە بەتەواوەتی دیالیکتیکییەو بەردەوام لەنێو ناکۆکییەکاندا لەئارادان و دێن و دەگەڕێن. تووێژە مامناوەندەکانی سەرمایەداری (وەکو چینی کرێکار) لەژێر کاریگەری دوو مەیلی ناکۆك و دژ بەیەکدان، یەکیان گەشەی پێدەدات و ئەوی دیکەیان دایدەشکێنێت. لەو بابەتەدا مەیلی داشکێنەر بریتییە لەچوونەسەرەوەی پەیژەیی بەردەوامی بەرهەمهێنان کە بەشێوەی دەورەیی پێشی قەبارەی سەرمایەی مامناوەند دەکەوێت و بەمشێوەیە بەردەوام لەمەیدانی کێبڕکێ وەدەریدەنێت. مەیلی گەشەپێدەر بریتییە لەداشکانی دەورەیی بایەخی سەرمایەی وەگەڕکەوتوو کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ئاستی بایەخی لانیکەمی سەرمایە دادەبەزێنێت.

نابێت وەکو شەڕێکی رێك و پێك و بەردەوام چاو لەشەڕی کارگە مامناوەندەکان و سەرمایە گەورەکان بکەین کە هێزەکانی رکەبەری لاوازتر هەمیشە بەشێوەی راستەوخۆ و لەبواری چەندایەتییەوە لاواز دەبێت، بەڵکو دەبێ بەواتای درەوبوونی دەورەیی سەرمایە بچووکەکان چاوی لێ بکەین کەدیسانەوە سەرلەنوێ بەخێرایی دەڕوێنەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەلایەن داسی پیشەسازی گەورەوە درەو بکرێن. لەنێو ئەم دوو مەیلەدا کە لەنێو خۆیاندا وەکو تۆپ کایە بەتووێژی سەرمایەداری مامناوەند دەکەن (بەپێچەوانەی تەکامولی چینی کرێکار) سەرئەنجام مەیلی داشکێنەر سەردەکەوێت. پێویست ناکات سەرکەوتنی مەیلی داشکێنەر حەتمەنە خۆی لەدابەزینی رەهای ناوەندەکانی مامناوەندیدا نیشان بدات. ئەم مەیلە لەسەرەتادا خۆی لەچوونەسەرەوەی بەشێنەیی لانیکەمی سەرمایەی پێویست بۆ وەگەڕخستنی چالاکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لەلقەکانی کۆن نیشان دەدات. دواتر لەدابەزینی بەردەوامی مەودایەکی کاتی کە سەرمایەداراە بچوکەکان دەرفەتی کەڵکوەرگرتن لەلقە تازەکانی بەرهەمهێنان بەدەست دێنن، خۆی نیشان دەدات. تا ئەو جێگایەی بۆ سەرمایەداری بچووك دەگەڕێتەوە، ئاکامی ئەم مەسەلەیە بۆ سەرمایەی بچووك ئەوە دەبێت کەبەردەوام دەرفەتی ژیانی کەمتر دەکاتەوەو ماوەیەکی کەمتر دەتوانێت درێژە بەتەمەنی بدات و رەوتی گۆڕانکارییەکان لەمێتۆدەکانی بەرهەمهێنان خێراتر دەکاتەوەو لەئاکامدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی خێراتر کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

"بێرنێشتاین" ئەمە باش دەزانێ و بۆ خۆی لێی تێگەیشتووە. بەڵام لەبیری چووەتەوە کە ئەم یاسایە کارگە بچووکەکانی سەرمایەداریش دەگرێتەوە. ئەگەر سەرمایەداراە بچووکەکان پێشەنگی پێشکەوتنی تەکنیکین و

پێشکەوتنی تەکنیکی بزوێنەری ژیانی ئابووری سەرمایەدارییە، ئاشکرایە کەسەرمایەداره بچووکەکان بەشێکی جیانەکراوە لەتەکامولی سەرمایەدارین. لەناوچوونی بەشێنەیی ناوەندە مامناوەندەکان (بەواتای ڕەهای وشەکە کە پێی خۆشە وا بەکاری ببات) بەواتای بەرەوپێش چوونی شۆڕشگێڕانەی تەکامولی سەرمایەداری نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەمانای ڕاوەستاندنی تەکامول و خاوبوونەوەیەتی. مارکس دەیوت: "ڕێژەی قازانج، واتە چوونەسەرەوەی ڕێژەیی سەرمایە بەر لەهەمووان بۆ سەرمایەگوزارە تازەکان گرینگە کەگروپێکی سەربەخۆ پێکدەهێنن. کاتێك پێکهوەنانی سەرمایە بەشێوەی قۆرخکراو دەکەوێتە دەست ژمارەیەك سەرمایەداری گەورە، ئاگری ژینبەخشی بەرهەمهێنان دەکوژێتەوەو دادەمرێت."[9]

(بەمشێوەیە دەبینین ئامرازەکانی خۆڕێکخستنی "بێرنێشتاین" لەکوانووی تاقیکردنەوەدا ناکارامە دێتە دەر و دیاردەیەك کە ئەو بەنیشانەی خۆڕێکخستنی دەزانێت، دەبێ بەهۆکارەکانی دیکە بدرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## دەرئەنجامە سیاسییەکان و خەسڵەتی گشتی ڕێویزیۆنیزم

لە بەشی یەکەمدا هەوڵمان دا نیشانی بدەین تیۆری "بێرنیشتاین" بەرنامەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەبنەمای مادی خۆی جیا دەکاتەوەو لەسەر بناغەیەکی ئایدیالیستی دایدەنێت. ئەم بابەتە پەیوەندی بەبنەما فیکرییەکانیەوە هەیە. کاتێك ئەم تیۆرییە وەردەگێڕدرێتەوە سەر کردەوەو بۆ پڕاتیك پەرەپێدەدرێت، چۆن خۆی دەردەخات؟

لەسەرەتاداو بەقسەی خۆی ئەو بەرنامەیە تا ئێستا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پڕاتیکی سۆسیال دیموکراسی نەبووە. یەکێتییە کرێکارییەکان، خەبات بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوەندە سیاسییەکان ناوەڕۆکی فەرمی هەڵسووڕانی سۆسیال دیموکراسییە. جیاوازی لە"چی"دا نییە، بەڵکو لە"چۆن"دایە. لەئێستادا خەباتی سەندیکایی و خەباتی سیاسی ئامرازی ڕێبەرایەتیکردن و پەروەردەکردنی بەشێنەیی پڕۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بەئەژمار دێن. لەروانگەی ڕێویزیۆنیزمەوە، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەم مەحاڵەو هەم هیچ سوودێکیشی نییە. بەم پێیە، گوایە دەبێ هەڵسووڕانی سەندیکایی و پەرلەمانی تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامی هەنووکەیی، واتە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی مادی کرێکاران، کەم کردنەوەی بەشێنەیی چەوسانەوەی سەرمایەداری و پەرەپێدان بەکۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەڕێوەبچێت.

---

[9] کارڵ مارکس، سەرمایە، بەرگی سێهەم، لاپەڕەی ٢٤١.

ئەگەر باشتربوونی بارودۆخی ژیانی کرێکاران لەمڕۆ لەبەرچاو نەگرین (ئامانجی هاوبەشی حیزب و ریفۆرمیزم) بەکورتی جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە بەم جۆرەیە: بەپێی ئەو بۆچوونە گرینگی هەڵسووڕانی سەندیکایی و خەباتی لەبواری سۆسیالیستییەوە لەوەدایە کە پرۆلیتاریا، واتە فاکتەری زیهنی گۆڕانکاری سۆسیالیستی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی وەدیهێنانی سۆسیالیزم ئامادە دەکات. "بێرنێشتاین" پێی وایە خەباتی سەندیکایی و پەرلەمانی بەشێنەیی چەوسانەوەی سەرمایەداری کەم دەکاتەوە، خەسڵەتی سەرمایەدارانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەنێو دەبات و بەجێگای خەسڵەتی سۆسیالیستی دادەنێت. بەکورتی دەوترێت کە ئەم دوو شێوەیە لەخەبات گۆڕانکاری سۆسیالیستی بەواتای بابەتی وشەکە وەدی دێنێت. کاتێك بەشێوەیەکی وردتر بابەتەکە لێکدەدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دوو روانگەیە بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتییان لەگەڵ یەکترین هەیە. بەپێی بۆچوونی ئەمڕۆی حیزبی ئێمە، پرۆلیتاریا لەئاکامی خەباتی سەندیکایی و پەرلەمانیدا بەو قەناعەتە دەگات کە بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا مەحاڵەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی چارەهەڵنەگرە. بەڵام تیۆری "بێرنیشتاین" لەم خاڵەوە دەستپێدەکات کەدەستەبەرکردنی دەسەڵاتی سیاسی مەحاڵەو لەئاکامدا بەو دەرئەنجامە دەگات کەسیستەمی سۆسیالیستی تەنها لەئاکامی هەڵسووڕانی سەندیکایی و پەرلەمانیدا دێتە کایەوە.

"بێرنێشتاین" پێی وایە هەڵسووڕانی سەندیکایی و پەرلەمانی خەسڵەتێکی سۆسیالیستی هەیە، چوونکە کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی زۆر لەسەر ئابووری سەرمایەداری دادەنێت. هەوڵماندا نیشانی بدەین کە ئەم کاریگەرییە تەنها خەیاڵە. پێکهاتەکانی خاوەنداریێتی سەرمایەداری و دەوڵەتی سەرمایەداری لەئاراستەیەکی بەتەواوەتی نەیاردا گەشە دەکەن. بەڵام ئەمە لەدوا لێکدانەوەدا بەو مانایەیە کەهەڵسووڕانی پڕاتیکی سۆسیال دیموکراسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سۆسیالیزم لەدەست دەدات. گرینگی خەباتی سەندیکایی و پەرلەمانی لەبواری سۆسیالیستییەوە لەوەدایە کە لەو ڕێگەیەوە وشیاری، واتە وشیاری پرۆلیتاریا دەبێتە وشیاری سۆسیالیستی و وەکو چینێك ڕێکخراو دەبێت. بەڵام ئەگەر ئەم خەباتانە وەکو ئامرازێك بۆ سۆسیالیزەکردنی ڕاستەوخۆی ئابووری سەرمایەداری لەقەڵەم بدرێت، نە تەنها کاریگەری خۆیان لەو بوارەوە لەدەست دەدەن، بەڵکو ئیتر ئامرازێکیش نابن بۆ ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی پرۆلیتێری.

"ئێدوارد بێرنێشتاین" و "کۆنراد شمیت" کەخۆیان بەو باوەڕە دادەمرکێننەوە کە تەنانەت بەداشکاندنی بەرنامەی حیزب بەهەڵسووڕان لەپێناوی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و کاری سەندیکایی، ئامانجی کۆتایی بزووتنەوەی کرێکار وەلانانرێت، بەتەواوی لەمەسەلەکە خراپ تێگەیشتوون، چونکە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە هەنگاوی دیکەی لێدەبێتەوەو ئامانجی سۆسیالیستی وەکو مەیلێك لەو بزووتنەوەیەدا تەنها وەکو هێماو ئاماژە وجوودی

دەبێت. بێگومان ئەم تێگەیشتنە سەبارەت بەتاکتیکی ئەمڕۆکەی سۆسیال دیموکراسی ئاڵمان بەتەواوی دروستە کەهەوڵی بەردەوام و بەرنامەبۆدارێژراو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە پێشەوەی خەباتی سەندیکایی و هەڵسووڕان بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدایە. بەڵام ئەگەر ئەم هەوڵە دیاریکراوە لەبزووتنەوەکە جیا بێتەوەو ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ببێتە ئامانج، ئەو کاتە ئیتر ئەم هەڵسووڕانە نە تەنها وەدیهاتنی سۆسیالیزمی وەکو ئامانجی کۆتایی لێ نابێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەشی هەنگاو هەڵدەگرێت.

"کۆنراد شمیت" تەنها مل بەبزووتنەوەیەکی میکانیکی دەدات و دەڵێت کاتێك دەستپێبکات ئیتر راوەستانی بۆ نییە. ئەو بۆ پاساوکردنی ئەو بۆچوونەی دەڵێت: "کاتێك مرۆڤ دەخوات ئیشتیای زۆرتر دەبێت". گوایە چینی کرێکاریش تا کاتێك گۆڕانکاری کۆتایی سۆسیالیستی وەدی نەهێنێت، بەم چاکسازییانە قەناعەت ناکات. دوایین خاڵی ئەم رستانە بەتەواوەتی دروستە، بیٚ کەڵکی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداری ئەو راستییە زەمانەت دەکات. بەڵام دەرئەنجامەکەی بەو مەرجە دروستە کەریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان وەکو زنجیرەیەکی بەردەوام و نەگۆڕ بەشێوەی راستەوخۆ بتوانین لەسیستەمی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆوە بەرەو سۆسیالیزم بچێت. بەڵام ئەمە خۆشباوەڕییە. ئەڵقەکانی ئەم زنجیرە بە پێی ماهیەتی کاروبارەکەی بەخێرایی دەشکێت و ئەو ڕێگایانەی کە ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت لێیەوە بپەڕێتەوە فراوان و جیاواز دەبن.

دواتر بەر لەهەر شتێك رەنگە گۆڕانکارییەکان بەئاراستەی تاکتیکیدا روو بدەن بۆ ئەوەی بەیارمەتی گشت ئەو ئامرازانە، دەرئەنجامی بەکردەوەی خەبات، واتە ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان مسۆگەر بێت. دەستبەجیٚ دوای ئەوەی ئاکامە هەنووکەییەکان ببێتە ئامانجی سەرەکی، روانگەی چینایەتی و لەئاشتی نەهاتوو کە تەنها بەمانای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسییە، زیاتر لەجاران کۆسپ بەئەژمار دێت. دەرئەنجامی راستەوخۆی گرتنە پێشی "سیاسەتی قەرەبووکردنەوە" لەلایەن حیزبەوەیەو سیاسەتی سات و سەوداو هەڵوێستی سازانی دیپلۆماتیك بەئاقڵانە ئەژمار دەکرێت. بەڵام بزووتنەوەکە ناتوانیٚ بۆ ماوەیەکی زۆر سست بمێنێتەوە. چونکە لەجیهانی سەرمایەداریدا ریفۆرمی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی چ تاکتیکێك بەکار ببرێت بۆ وەدی هاتنی، گوێزێکی کوێرەو بۆ هەتاهەتایە بەو جۆرە دەمێنێتەوە. هەر بەم بۆنەشەوە هەنگاوی لۆژیکی دوایی سەرلێشێواوی و بیٚ هیوایی لەریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەبێت. کارەکە لەدوورگەیەکی هێمندا کۆتایی پیٚ دێت کە پرۆفیسۆر شوملێر و شەریکەکان

**لەدوای دەریاوانی لەئاوەکانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا لەنگەریان خستبوو و سەرئەنجام هەموو شتێکیان بەئیرادەی خودایان سپاردو وتیان هەرچی بادا بادا![10]**

**سۆسیالیزم لەئاکامی خەباتی رۆژانەی چینی کرێکاردا سەردەکەوێت، نەك بەشێوەی خۆڕسك و لەهەر بارودۆخێکدا. سۆسیالیزم تەنها بەرهەمی ناکۆکییەکانی ئابووری سەرمایەداری (کەرۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت) و تێگەیشتنی چینی کرێکار لەچارەهەڵنەگربوونی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناکۆکییانە لەرێگەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتییەوەیە. کاتێك کەرێویزیۆنیزم حاشا لەمەرجی یەکەم دەکات و مەرجی دووهەم رەت دەکاتەوە، بزووتنەوەی کرێکاری بۆ بزووتنەوەیەکی ریفۆرمخوازانە دادەشکێت و لەرێگایەکی راستدا بەئاراستەی وەلانانی بەتەواوەتی روانگەی چینایەتی دەچێت.**

**ئەم ئاکامانە کاتێك بەرجەستە دەبنەوە کە لەلایەنێکی دیکەوە بۆ رێویزیۆنیزم بڕوانین و خەسڵەتی گشتی ببەینە ژێر پرسیار. ئاشکرایە رێویزیۆنیزم دیفاع لەپەیوەندییەکانی سەرمایەداری ناکات. وەکو ئابووریناسانی بۆرژوا حاشا لەناکۆکییەکانی سەرمایەداری ناکات. لەبەرانبەردا تیۆریەکەی ئەوان وەکو تێگەیشتنی مارکسیستی ئەم ناکۆکییانە بەفەرمی دەناسێت و ملی پێ دەدات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کاکڵەی سەرەکی تیۆری رێویزیۆنیستی کە تا بەئەمڕۆ بەشێوەیەکی بنەڕەتی خۆی لەروانگەی سۆسیال دیموکراسی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کەپشتی بەهەڵوەشاندنەوەی ئەم ناکۆکییانە لەئاکامی تەکامولی دەرونی ئەو ناکۆکییانەدا نەبەستووە.**

---

**[10] لەساڵی ١٨٧٢ پڕۆفیسۆر واگنێر، پڕۆفیسۆر شمولێر، پڕفیسۆر بێرنتانۆ و کەسانی دیکە لە"ئایزنهاخ" کۆنگرەیەکیان بەڕێوەبرد. لەو کۆنگرەیەدا پڕۆفیسۆر شمولێر و شەریکەکانی بەهات و هاوارێکی زۆرە پێکهێنانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بۆ پشتیوانی کردن لەکرێکارانیان وەکو ئامانجی خۆیان راگەیاند. ئەم کابرایانە کە"ئۆین هایمێر" و لیبراڵەکان بەگاڵتەوە ناوی "کونی سۆسیالیستی"یان لەسەر دانابوون، لەدوای ئەو کۆنگرەیە "وانەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی"یان پێکهێنا. تەنها چەند ساڵ دواتر، کاتێك شەڕ لەدژی سۆسیال دیموکراسی تووندتر بووەوە، ئەم کابرایانە وەکو نوێنەری پەرلەمانی ئاڵمان دەنگیان بەنوێکردنەوەی یاسای دژەسۆسیالیستی دا. سەرجەم چالاکییەکانی ئەم وانەیە تەنها بەپێکهێنانی کۆنگرەی ساڵانە قەتیس دەبووەوە. لەناو ئەو کۆنگرەیەشدا چەند مامۆستایەك سەبارەت بەبابەتە جۆراوجۆرەکان وتاریان پێشکەش دەکرد. بێجگە لەوە لەلایەن ئەو وانەیەوە زیاتر لەسەد بەرگ کتێبی قەبە سەبارەت بەبابەتە ئابوورییەکان بڵاو کرایەوە. ئەم کابرایانە کە لایەنگرییان لەگومرێك و میلیتاریزم دەکرد، بەقەد نۆکە رەشەش گرینگییەکان بەریفۆرمی کۆمەڵایەتی نەدەداو هیچ کارێکیان بۆ نەدەکرد. سەرئەنجام ئەم وانەیە کێشەی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی وەلاناو خۆی بەو بابەتانەوە سەرقاڵ کرد کە پەیوەندی بەقەیرانەکان، کارتێلەکان و لەو چەشنەوە هەبوو.**

تیۆری ریویزیۆنیستی لەقەراخ دوو جیهانبینیدا دەمێنێتەوەو جێگاوشوێنی سانتر بۆ خۆی دیاری دەکات. ریۆیزیۆنیزم نایەوێت ببینێ کەناکۆکییەکانی سەرمایەداری بەلوتکە دەگەن و لەرێگەی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەوە هەڵدەوەشێنەوە. لەبەرانبەردا دەیەوێ ئەم ناکۆکییانە کەم بکاتەوە. بەمشێوەیە دەبینین بڕیار وایە بەراگرتنی قەیرانەکان و پێکهێنانی رێکخراوەکانی خاوەنکاران ناکۆکی نێوان بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی کالا دابمرکێتەوە، بەباشترکردنی هەلومەرجی کرێکاران و پاراستنی چینی مامناوەند ناکۆکی نێوان سەرمایەو کار کەم بکرێتەوەو لەرێگەی کۆنترۆڵ و دیموکراسییەوە ناکۆکی نێوان دەوڵەتی چینایەتی و کۆمەڵگا کەم بکرێتەوە.

هەڵبەت تاکتیکی ئەمڕۆکەی سۆسیال دیموکراسی ئەوە نییە کەهەتا ئەو کاتە کەناکۆکییەکانی سەرمایەداری بەلوتکە دەگات چاوەڕوان دابنیشێ و دەست لەسەر دەست دابنێ. رێك بەپێچەوانەوە، جەوهەری تاکتیکی شۆڕشگێڕانە لەتێگەیشتن لەئاراستەی ئەو تەکامولەو دواتر تووندترکردنەوەی خەباتی سیاسی و بەلوتکە گەیاندنییەتی. ئەمە ئەو شتەیە کەجەوهەری هەموو جۆرە تاکتیکێکی شۆڕشگێڕانە پێکدەهێنێت. بەمشێوەیە دەبینین سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ سیاسەتی میلیتاریستی و گومریکەکان خەباتی کرد، بەبێ ئەوەی چاوەڕوان دابنیشێت هەتا خەسڵەتی کۆنەپەرەستانەیان بەتەواوەتی ئاشکرا دەبن. سەرەڕای هەموو ئەوانە، تاکتیکەکانی "بێرنێشتاین" لەسەر بنەمای تەکامول و تووندتربوونەوەی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری دیاری نەکراوە، بەڵکو تەنها دامرکاندنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کردووەتە ئامانج و چرای رێنمای ئەوەیە. "بێرنێشتاین" کاتێك ئەم بابەتە بەشێوەیەکی بەرجەستە نیشان دەدات کە باس لە"خۆڕێکخستن"ی ئابووری سەرمایەداری دەکات. ئایا ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەبنەڕەتدا دەتوانێ دروست بێت؟ سەرجەم ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن بەرهەمی رەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین. ئەگەر ئەوە دروست بێت کەسەرمایەداری هەروا بەئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت کە تائێستا هەڵیگرتووە، ئەم دەرئە نجامانە چارەهەڵنەگرە کەناکۆکییەکانی بەجێگای ئەوەی دابمرکێنەوە، تووندتر و قووڵتر دەبنەوە. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ناکۆکییەکانی سەرمایەداری دادەمرکێتەوە، پشت بەوە دەبەستێت کەگوایە شێوەی بەرهەمهێنان پێش بەگەشەی خۆی دەگرێت. بەکورتی دەبێ بڵێین کەتیۆری "بێرنێشتاین" ئەو پێش فەرزە بۆ خۆی دیاریدەکات کە تەکامولی سەرمایەداری لەجێگایەکی دیاریکراودا رادەگیردرێت. بەڵام بەمشێوەیە ئەم تیۆرییە خۆی بەدوو شێوە مەحکوم دەکات. لەقۆناغی یەکەمدا لەهەڵوێستیدا سەبارەت بەدامەزراندنی سۆسیالیزم خەسڵەتی یۆتۆپیستی خۆی ئاشکرا دەکات. ئاشکرایە کەتەکامولی سەقەتی سەرمایەداری گۆڕانکاری سۆسیالیستی لێ نابێتەوە. ئەمە راستی و دروستی بۆچوونی ئێمە سەبارەت بەدەرئە نجامەکانی ئەو تیۆرییە دەسەلمێنێت. لەقۆناغی دووهەمدا تیۆری بێرنێشتاین کاتێك خەسڵەتی کۆنەپەرەستانەی خۆی ئاشکرا دەکات کە لەسەر تەکامولی خێراو بەکردەوەی

سەرمایەداری قسە دەکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی راستەقینەی سەرمایەداری چۆن دەتوانین هەڵوێستی "بێرنێشتاین" روون بکەینەوە یان بەواتایەکی دیکە خەسڵەتەکەی دیاری بکەین؟

لە بەشی یەکەمدا نیشانمان دا ئەو پێش مەرجە ئابوورییانەی "بێرنێشتاین" لێکدانەوەی خۆی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ (تیۆرییەکەی سەبارەت بە"ئامرازەکانی خۆڕێکخستن") لەسەری دادەنێت، بەهیچ شێوەیەك شیاوی دیفاع لێکردن نییە. دیتمان کە نە سیستەمی ئیعتباری و نە کارتێلەکان، هیچکامیان ناتوانن "ئامرازی خۆڕێکخستن"ی ئابووری سەرمایەداری بن. نە راوەستانی کاتی قەیرانەکان و نە مانەوەی چینی مامناوەند نیشانەی خۆڕێکخستنی سەرمایەداری نییە. هەڵبەت هەموو وردەکارییەکانی تیۆری خۆڕێکخستن کەناومان برد (بێجگە لەهەڵە راستەوخۆکانی) تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هاوبەشیان هەیە. ئەم تیۆرییە لق و پۆپەکانی ژیانی ئابووری هاوچەرخ بەو شێوەیە نابینێت کە لەگەڵ سەرجەم تەکامولی سەرمایەداری و میکانیزمەکانی ئابووری سەرمایەداری پەیوەندییەکی ئۆرگانیك و زیندوویان هەیە. تیۆری بێرنێشتاین ئەم وردەکارییانە لەسەر بەستێنێکی ئابووری زیندوو لادەبات و وەکو بەشە جیاوازەکانی مەکینەیەکی ساردو سڕ چاویان لێ دەکات. بۆ وێنە واتای کاریگەری ئیعتبار لەسەر خۆڕێکخستنی سەرمایەداری لەبەرچاو بگرن. ئەگەر ئیعتباری بازرگانی وەکو قۆناغێکی سروشتی و بەرز لەئاڵوگۆڕپێکردنی کالا چاو لێ بکەین و بەوردی بیدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئیتر ناتوانین وەکو ئامرازی خۆڕێکخستنی میکانیکی (کە لەدەرەوەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕدایە) چاوی لێ بکەین، هەر بەو رادەیە کەناتوانین پارە، کالاو سەرمایە بە"ئامرازی خۆڕێکخستن" لەقەڵەم بدەین. هەڵبەت ئیعتباری بازرگانی وەکو پارەو کالاو سەرمایە ئەندامێکی ئۆرگانیکی ئابووری سەرمایەداری لەقۆناغێکی دیاریکراو لەتەکامولیدایەو لەم قۆناغەدا لەمیکانیزمی ئابووری سەرمایەداریدا دەندەیەکی چارەهەڵنەگرەو لەهەمان کاتدا ئامرازی رووخانیشییە، چوونکە ناکۆکییە دەروونییەکانی سەرمایەداری توندتر دەکاتەوە. کارتێلەکان و ئامرازەکانی پەیوەندی گرتنی پێشکەوتووش هەر ئەم کارکردەیان هەیە.

"بێرنێشتاین" پێی وایە ئەم تێگەیشتنە میکانیکی و نادیالیکتیکییە لەشێوەی راگیرانی قەیرانەکان نیشانە ئەوەیە کەسەرمایەداری توانیویەتی سەرئەنجام "خۆی رێکبخات". ئەو پێی وایە قەیران تەنها پەك کەوتنی میکانیزمی ئابوورییە. "بێرنێشتاین" پێی وایە بەراگیرانی قەیرانەکان میکانیزمەکەش دەتوانێت بەبێ ئەوەی پەکی بکەوێ بەخەیاڵی ئاسوودە کار بکات. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کەقەیران "پەك کەوتن" نییە، بەواتایەکی دروست تر " پەك کەوتن"ێکە کەئابووری سەرمایەداری بەبێ ئەو پەك کەوتنە ناتوانێت گەشە بکات یان بەواتایی دیکە بەبێ قەیران ئەسڵەن ناتوانێ بوونی هەبێت. بەکورتی ئەگەر قەیران تاقە رێگای سەرمایەداری (و بەم پێیە رێگای

ئاسایی) بۆ چارەسەرکردنی دەورەیی ناکۆی نێوان پەرەسەندنی بێ سنووری بەرهەمهێنان و چوارچێوەکانی تەسکی بازاڕە، قەیران دیاردەیەکی ئۆرگانیك و جیانەکراوە لەئابووری سەرمایەدارییە.

لەبەردەم پێشکەوتنی "بێ پەککەوتن"ی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا مەترسییەك لەبۆسە دایە کەزۆر لەقەیران گەورەترە. ئەم مەترسییە بەهۆی ناکۆکییەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕپێکردنی کالاوە نییە، بەڵکو بەهۆی گەشەی راندومانی کارە کەدەبێتە هۆی ئەوەی رێژەی قازانج بەردەوام بێتە خوارەوە. هاتنەخوارەوەی رێژەی قازانج مەیلێکی زۆر مەترسیدارە کەبەرهەمهێنان بەسەرمایەی چکۆڵەو مامناوەند ناممومکین دەکات و بەم پێیە پێکهێنانی سەرمایەی نوێ و پەرەپێدان بە سەرمایەگوزاری بەرتەسك دەکاتەوە. لەراستیدا قەیرانەکان دەرئەنجامێکی دیکەی ئەم رەوتەن. قەیران دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای سەرمایە، داشکانی نرخی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئیفلیج بوونی بەشێك لەو سەرمایانەی وەگەڕکەوتوون و درەنگ یان زوو بەر بەچوونەسەرەوەی قازانجەکان دەگرن. قەیرانەکان بەمشێوەیە بوار بۆ سەرمایەگوزاری نوێ و بەم پێیە پێشڕەوی بەرهەمهێنان خۆش دەکەن. هەر بەم بۆنەشەوە ئامرازی هەڵکردنی ئاگری گەشەی سەرمایەدارین. راگیرانی قەیرانەکان (نە تەنها راگیرانی کاتی، بەڵکو لەناوچوونی بەتەواوەتی قەیرانەکان) بە پێچەوانەی ئەوەی "بێرنێشتاین" بیری لێدەکاتەوە، گەشەی زۆرتری ئابووری سەرمایەداری لێ ناکەوێتەوە. بە پێچەوانەوە سەرمایەداری بەرەو گێژاوێك دەبات کەهاتنە دەرەوە لێی مومکین نییە.

"بێرنێشتاین" هاوکات لەگەڵ بۆچوونی میکانیکی تیۆری "خۆڕێکخستن"، پێویستی قەیرانەکان و هەروەها پێویستی سەرمایەگوزاری نوێی سەرمایەی چکۆڵەو مامناوەند لەبیر دەباتەوە. هەر بەم بۆنەشەوە ئەو پێی وایە پەیدابوونی سەرلەنوێی سەرمایەی بچووك (بێجگە لەشتەکانی دیکە) نیشانەی تەکامولی سەرمایەدارییە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە لەراستیدا ئەمە نیشانەی سستی و قەیران لە سەرمایەدارییە.

هەڵبەت بۆچوونێك هەیە کە پێی وایە گشت ئەو دیاردانە هەر بەو شێوەیە خۆیان دەردەخەن کە لەلایەن تیۆری "خۆڕێکخستن"ەوە پێشکەش دەکرێت. ئەمە روانگەی سەرمایەداری تاکە کە لەبیریدا راستییە ئابوورییەکانی دەوروبەر هەر بەو شێوەیە رەنگ دەدەنەوە کە لەرەنگدانەوەیان لەیاساکانی کێبڕکێدا دێنە بەرچاو. سەرمایەداری تاك هەر کام لەبەشە ئۆرگانیکەکانی ئابووری سەرمایەداری بەگشت یان بوونێکی سەربەخۆ دەبینێت. بێجگە لەوە کاتێك دەیانبینێت کەوەکو سەرمایەدار کاریگەری لەسەر دابنێن. بەم پێیە ئەم راستییە ئابوورییانە بە"پەك کەوتن"ێکی ساکار بە "ئامرازی خۆڕێکخستن" دەبینێت. راگیرانی قەیرانەکان دەبێتە هۆی ئەوەی تەمەنی درێژ بێتەوە. تا ئەو جێگایەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئیعتبار تەنها ئامرازی "خۆڕێکخستن"ی هێزەکانی وەبەرهێنەری سەقەتی ئەو لەگەڵ

پێویستییەکانی بازاڕدایە. ئەو پێی وایە ئەو کارتێلەی ئەو یەکێك لەئەندامەکانیە، بەراستی تێکەوڵێکەیی پیشەسازی لەنێو دەبات.

بەواتایەکی دیکە، تیۆری خۆڕێکخستنی "بێرنێشتاین" بێجگە لە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی سەرمایەداری تاك لەتیۆریدا هیچی تر نییە. ئایا ئەم بۆچوونە لەروانگەی تیۆرییەوە بێجگە لەلایەنی بنەڕەتی و پێوەری زانستی ئابووری بۆرژوایی دەتوانێ چی دیکە بێت؟ تەواوی هەڵەی ئابووری ئەو مەکتەبە لەو تێگەیشتنەدایە کەدیاردەی کێبڕکێ کە لەروانگەی سەرمایەداری تاکەوە گرینگە، بەهەڵە بەجێگای دیاردەیەکی گشتی، واتە گشت ئابووری سەرمایەداری دادەنێت. هەروەك چۆن "بێرنێشتاین" ئیعتبار بەئامرازی "خۆڕێکخستن" دەزانێت، ئابووری سەرمایەداری پارە بەئامرازی ئاقڵانەی "خۆڕێکخستن" لەگەڵ پێویستییەکانی ئاڵوگۆڕی کالا دەزانێت. ئابووری سەرمایەداری لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدات لەناوخۆی سەرمایەداریدا دژەژارێك لەدژی خراپەکانی سەرمایەداری ببینێتەوە. ئابووری بۆرژوایی وەکو "بێرنێشتاین" باوەڕی بە ڕێك و پێك بوونی سەرمایەداری هەیەو پێی وایە تێکەوڵێکەیی ئەو سیستەمە لەناو دەچێت. ئەو ئابوورییە هەروەك "بێرنێشتاین" سەرئەنجام درەنگ یان زوو بەو مەیلە دەگات کەناکۆکییەکانی سەرمایەداری دا بمرکێنێتەوە، واتە بەو باوەڕە دەگات کەدەکرێ برینەکانی سەرمایەداری لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا چارەسەر بکرێت. بەواتایەکی دیکە کاری ئابووری خۆماڵییانە بە بەرنامەیەکی کۆنە پەرەستانە دەگات نەك شۆڕشگێڕانە، واتە بەیۆتۆپیا کۆتایی پێدێت.

بەم پێیە دەتوانین تیۆری ڕیویزیۆنیستی بەو شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە: ڕیویزیۆنیزم تیۆرییەکە کە لەسەر بنەمای ئابووری خۆماڵییانەی بۆرژوایی و بەیارمەتی تیۆری داماوی سەرمایەداری داماوی سۆسیالیزم رادەگەیەنێ.

بەشی دووهەم: گەشەی ئابووری و سۆسیالیزم

گەورەترین دەسکەوت لەتەکامولی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا کەشفی ئەو خاڵە بوو کەئاخێزگەی وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەناوخۆی پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدایە. (بەواتایەکی دیکە جێگە پێی سۆسیالیزم لەناوخۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداریدا کەشفکرا.و) لەئاکامدا، سۆسیالیزم لە"ئارەزوو"یەکەوە کەمرۆڤ هەزاران ساڵ خەونی پێوە دەبینی، بوو بە پێویستییەکی مێژوویی.

"بێرنێشتاین" حاشا لەو راستییە حاشاهەڵنەگرە دەکات کە پێش مەرجە ئابوورییەکانی سۆسیالیزم هەر لەنێو ئەو کۆمەڵگایەی ئەمڕۆدایە. بەو پێیە، هۆکارهێنانەوەکەی گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەردا هات. ئەو سەرەتا لە"نۆیە

تێسایت"دا ئامارەکانی پیشەیی ئاڵمانی لەساڵی ١٨٨٢ و ١٨٩٥ هەڵسەنگاندنو تەنها خێرایی رەوتی تەمەرکوزی سەرمایەی لە پیشەسازیدا بردە ژێر پرسیارەوە. ئەو بۆ ئەوەی ئەم ئامارانە بۆ ئامانجەکەی خۆی بەکار ببات، ناچار بوو پەنا بۆ شێوەی سەرسەری و میکانیکی ببات. بەڵام تەنانەت لەباشترین حاڵەتیشدا ئاماژەی ئەو بەسەقامگیری ناوەندە مامناوەندەکان بچووکترین خەوشێك ناخاتە نێو لێکدانەوەکانی مارکسەوە، چونکە ئەم لێکدانەوانە نە خێرایی دیاریکراوی تەمەرکوزی پیشەسازی، واتە مۆڵەتی شەخسی بۆ وەدیهاتنی گۆڕانکاری سۆسیالیستی دادەنێت و نە لەناوچوونی سەرمایە بچووکەکان (یان لەناوچوونی وردەبۆرژوازی) وەکو مەرجی پێویستی وەدیهاتنی سۆسیالیزم دێنێتە گۆڕێ.

"بێرنێشتاین" لەکتێبەکەیدا [11] لە پێداچوونەوەی دوایی بەسەر بۆچوونەکانیدا هەندێك نیشانەی نوێمان پێشکەش دەکات: ئامارەکان سەبارەت بەدامەزراوەکانی پشك. ئەو پێی وایە ئەم ئامارانە نیشانی دەدەن کەژمارەی خاوەن پشکەکان بەردەوام روو لەزیادبوون دەچن و لەئاکامدا چینی سەرمایەدار نە تەنها بچووکتر نابێتەوە، بەڵکو بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە. سەیر لەوەدایە کە"بێرنێشتاین" زۆر بەکەمی مەوادو مەلاتی خۆی دەناسێت و نازانێت بەچ شێوەیەك ئەم داتایانە بەقازانجی خۆی بەکار بکات.

ئەگەر ئەو دەیویست بەئاماژەکردن بەبارودۆخی دامەزراوەکانی پشك یاسای مارکسی سەبارەت بەگەشەی پیشەسازی رەت بکاتەوە، دەبووایە دەستەو داوێنی ئاماری زۆر جیاوازتر بووایە. بەواتایەکی دیکە هەر کەس کە لەسەر مێژووی کۆمپانیاکانی ئاڵمان زانیاری هەبێت، دەزانێت کەئاستی مامناوەندی سەرمایەی سەرەتایی ئەوان هەمیشە روو لەدابەزین چووە. ئەو رەوتە بەمشێوەیە بووە: لەحاڵێکدا کە بەر لەساڵی ١٨٧١ ئاستی مامناوەندی سەرمایەی پێویست بە ١٠.٥ ملیۆن مارك گەیشتبوو، لەساڵی ١٨٧١ ئەو رێژەیە تەنها ١٠.٤ ملیۆن مارك، لەساڵی ١٨٧٣ تەنها ٨.٣ ملیۆن و لەساڵی ١٨٨٢ هەتا ١٨٨٧ کەمتر لەیەك ملیۆن مارك بوو. لەساڵی ١٨٩١، ٥٦٠ هەزار مارك و لەساڵی ١٨٩٢ تەنها ٦٢٠ ملیۆن بوو. لەم رێکەوتە بەولاوە رەقەمەکان لەدەوروبەری یەك ملیۆن مارکدا بەرز و نزم دەبوونەوەو لەحاڵێکدا کە لەساڵی ١٨٩٥، ٧٨.١ ملیۆن مارك بوو، ئەو رێژەیە لەنیوەی یەکەمی ساڵی ١٨٩٧ بۆ ١٩.١ ملیۆن مارك دابەزی.[12]

---

[11] لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی "هەلومەرجی پێویست بۆ سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی"، بەرهەمی بێرنێشتاین، چاپی دیتس، ١٨٩٩، شتووتکارت. ئەو کتێبە هەر لەو ساڵە لە"رۆژنامەی گەلی لایپزیك"دا بەشێوەی تایبەتی بڵاو کراوەتەوە.

[12] ئەمە لە"کتێبی هەنبانەبۆرینەی گیرفانی زانستە سیاسییەکان" بەرهەمی "فان دربورگ" وەرگیراوە.

چ رەقەمێکی سەرسووڕهێنەرە! ڕەنگە "بێرنێشتاین" هیوادار بووە کە لەو ڕەقەمانە بۆ نیشاندانی مەیلێکی دژەمارکسی، واتە پەڕینەوەی ناوەندە گەورەکان بۆ ناوەندە بچووکەکان کەڵکوەربگرێت. بەڵام هەمووان دەتوانن لەو بوارەدا وەڵامی "بێرنێشتاین" بدەنەوە: ئەگەر دەتانەوێ بەم ڕەقەمانە شتێك بسەلمێنن، دەبێ بەر لەهەر شتێك نیشانی بدەن کە ئەم ئامارانە سەبارەت بەلقێکی دیاریکراوی پیشەسازییەو بەراستی ناوەندە بچووکەکان جێگای ناوەندە گەورەکان دەگرنەوەو ئەم ناوەندانە تەنها لەو جێگایەدا سەربەرز ناکەنەوە کە پێشتر ناوەندی بچووك، پیشەسازی پیشەگەری یان پیشەسازی ورد زاڵ بووە. بەڵام ناتوانن ئەمانە بسەلمێنن. پەڕینەوە لەکۆمپانیاکانی پشکی زۆر گەورەوە بۆ ناوەندە مامناوەندو بچووکەکان تەنها دەتوانێت بەو مانایە بێت کەسیستەمی کۆمپانیاکانی پشك هەمیشە ڕەخنە دەکاتە نێو لقی نوێ و لقەکانی پیەشازی دادەگرێت. پێشتر تەنها ژمارەیەکی کەم لەناوەندە گەورەکان وەکو دامەزراوەی پشك ڕێکدەخران. بەشێنەیی ڕێکخراوی پشك بەسەر ناوەندە مامناوەندو بچووکەکاندا زاڵ بوو (بەشێوەیەك کەئەمڕۆکە دەتوانین ئەو ناوەندانە ببینین کە سەرمایەکەیان کەمتر لە ١٠٠ مارکە.)

بەڵام گرینگی ئابووری ئەم پەرەسەندنەی سیستەمی شەریکەکانی پشك لەچیدایە؟ ئەم شەریکانە کۆمەڵایەتی بوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری بەرهەمهێنان (کۆمەڵایەتی بوونی نە تەنها بەرهەمهێنانی گەورە، بەڵکو لەهەمان کاتدا بەرهەمهێنانی مامناوەندو ورد) لەچوارچێوەی شێوەی سەرمایەداری نیشان دەدات. بەم پێیە پەرەسەندنی شەریکەکانی پشك نە تەنها تیۆری مارکسی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە بەروونی تەئیدی دەکات.

دیاردەی ئابووری دامەزراوەی پشك لەکردەوەدا چی نیشان دەدات؟ لەلایەکەوە کۆبوونەوەی ژمارەیەك سەروەت و سامانی ورد لەسەرمایەیەکی وەبەرهێنەری گەورە نیشان دەدات و لەلایەکی دیکەوە جیابوونەوەی بەرهەمهێنان لەخاوەندارێتی سەرمایەداری نیشان دەدات. بەواتایەکی دیکە ئەمە باس لەسەرکەوتن بەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەهێشتا لەسەر بناغەیەکی سەرمایەدارانەیە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو ئامارانەی "بێرنێشتاین" سەبارەت بەژمارەیەکی زۆر لەخاوەن پشکەکان کە لەناوەندەکانی سەرمایەداریدا بەشداری دەکەن، هێناویەتەوە بەچ مانایەکە؟ ئەم ئامارانە نیشانی دەدەن کەئەمڕۆکەش ناوەندەکانی سەرمایەداری لەگەڵ خاوەنێکی سەرمایەدا ناتەبان و سەرمایەداری ناچارە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەشێوەی کاتی گروپێك سەرمایەدار دیاری بکات، گروپێك کەڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان زیاتر دەبێت. لەئاکامدا ئیتر "سەرمایەدار" لەواتای ئابووریدا بەیەك کەسی دیاریکراو ناڵێن. ئەمڕۆکە سەرمایەداری پیشەسازی یەکەیەکی بەکۆمەڵە کە لەسەدان و بگرە هەزاران کەس پێکهاتووە. چەمکی "سەرمایەدار" لەچوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بووەتە چەمکێکی کۆمەڵایەتی. ئەم چەمکە کۆمەڵایەتی بووەتەوە.

بەسەرنجدان بەوەی پێشتر باسمان کرد، چۆن دەتوانین ئەو باوەڕەی "بێرنێشتاین" روون بکەینەوە کەدیاردەی دامەزراوەکانی پشك دەبنە هۆی پەرش و بڵاوی و تەمەرکوزی سەرمایەی لێ نابێتەوە؟ بۆچی "بێرنێشتاین" شتێك کەمارکس ناوی "سەرکوتی خاوەنداریێتی سەرمایەداری" لەسەر دەنێت، بە پەرەسەندنی سەرمایە دەزانێت؟ ئەمە هەڵەیەکی سادەی ئابووریناسیی بۆرژواییە. "بێرنێشتاین" وەکو چەمکێکی بەرهەمهێنان چاو لە"سەرمایەدار" ناکات، بەڵکو وەکو مافێکی یاسایی بۆی دەڕوانێت. وەکو ناوەندێکی ئابووری لەبەرچاوی ناگرێت، بەڵکو وەکو یەکەیەکی دارایی بەئەژماری دێنێت. ئەو لەئەنجامەکانیدا گشت بەرهەمهێنان بەحیساب ناهێنێت، بەڵکو چەندایەتییەکی دیاریکراو لە پارە دەبینێت. هەر بەم بۆنەشەوە لەتراستی بەنی بەریتانیادا تێکەڵبوونی ١٢٣٠٠ سەرمایەدار نابینێت، بەڵکو ١٢٣٠٠ سەرمایەداری جیا لەیەك دەبەینێت. هەر بەم هۆیەشەوەیە کەئەندازیارێك بەناوی شوڵتز کە بەجیازی ژنەکەی لەبازاڕی پشکی مولێردا "پشکێکی زۆر"ی کڕیوە، لەروانگەی بێرنێشتاینەوە سەرمایەدارە (لاپەڕەی ٥٣). هەر بەم بۆنەشەوەیە کەبێرنێشتاین پێی وایە تەواوی جیهان پڕە لەسەرمایەدارە.

لێرەشدا وەك پێشتر هەڵەکانی ئابووری خۆماڵییانەی بۆرژوایی تەنها بوارێك بۆ "بێرنێشتاین" خۆش دەکات بۆ ئەوەی سۆسیالیزم خۆماڵی بکاتەوە. ئەو چەمکی "سەرمایەدار" لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی دەگوازێتەوەو "بەجێگای خاوەنکارەکان قسە لەتاکەکان دەکات" (لاپەڕەی ٥٢) و بەمشێوەیە سۆسیالیزم لەبەرهەمهێنان دەردێنێت و دەیخاتە پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی و سەروەتەوە، واتە لە پەیوەندییەکانی سەرمایەو کارەوە بۆ پەیوەندییەکانی دەوڵەمەندان و هەژاران دەیگوازێتەوە.[13]

بەمشێوەیە بەخێر و خۆشی لەمارکس و ئەنگلسەوە بەنووسەری "مژدە بەماسیگری هەژار" دەگەین، جیاوازی تەنها لەوەدایە کەوایتلینگ بەغەریزەی پرۆلیتێری خۆی، ناکۆکییە چینایەتییەکان لەشێوەی سەرەتاییداو لەناکۆکی هەژار لەگەڵ دەوڵەمەنددا دەرك دەکات و دەیەوێت ئەم ناکۆکییانە بکاتە ئامرازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی. ئەوە لەحاڵێکدایە کە"بێرنێشتاین" ئاسۆی وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەدەوڵەمەندبوونی هەژاران یان بەواتایەکی دیکە دامرکاندنەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکاندا دەبینێت. هەر بەم بۆنەشەوە، "بێرنێشتاین" رێگای وردەبۆرژوایی گرتووەتەبەر.

بێگومان بێرنێشتاین دەست و باڵی خۆی بەئامارەکان سەبارەت بەداهات و دەرامەت نابەستێتەوە. ئامارەکانی ناوەندە ئابوورییەکان لەژمارەیەکی زۆر لەوڵاتانی سەرمایەداری بەدەست دێنێت: ئاڵمان، فەڕەنسا، بەریتانیا، سویسرا، ئۆتۆریشو ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەڵام ئەمانە چ جۆرە ئامارێکن؟ ئەم رەقەمانە ئاماری قۆناغی جۆراوجۆری

---

[13] هەر ئەو هەڵەیەی سۆسیالیزمی یۆتۆپیستی تووشی بوبوو. و

وڵاتێك نین کەهەڵسەنگێندرابێتن، بەڵکو ئامارەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەقۆناغێکی دیاریکراون. بەمشێوەیە بێجگە لەئاڵمان کە سەرلەنوێ جیاوازی کۆنی ئامارەکانی ساڵی ١٨٨٢ و ١٨٩٥ی بڵاوکردووەتەوە، ئاماری ناوەندەکانی وڵاتێکی دیاریکراو لەقۆناغە جۆراوجۆرەکان ناهێنێتەوە، بەڵکو تەنها ئامارەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەقۆناغێکی دیاریکراو دێنێتەوە: بەریتانیا لەساڵی ١٨٩١، فەرەنسا لەساڵی ١٨٩٤، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٨٩٠ و هیتر. ئەو بەو دەرئەنجامە دەگات کە"ئەگەرچی ئەمڕۆکە چەوسانەوەیەکی بەرین باڵی بەسەر پیشەسازیدا کێشاوە (لەوانە لەو ناوەندانەی کە بەپیشەسازی وابەستەن)، بەڵام تەنانەت لەوڵاتێکی گەشەکردووی وەکو **پێڕوسیا** لانیزۆرەکەی تەنها نیوەی خەڵك لەبەرهەمهێناندا کار دەکەن. (لاپەڕەی ٩٨) لەئاڵمان، بەریتانیاو بەلجیك و هیتریش دۆخەکە هەر بەو جۆرەیە.

ئەوەی "بێرنێشتاین" بەوشێوەیە دەیسەلمێنێت، ئەوە نییە کە ئەم یان ئەو مەیلی تەکامولی ئابووری هەیە یان نا، بەڵکو تەنها ڕێژەی هێزی شێوە جۆراوجۆرەکانی دامەزراوەکان بەشێوەی رەها یان بەواتایەکی دیکە چەندین جۆر پیشەیە. ئەگەر بڕیار وایە ئەوە بسەلمێندرێ کەسۆسیالیزم ئیمکانی نییە، ئەو شێوەیە لەهۆکارهێنانەوە بەتیۆرییەك پشت دەبەستێت کە بەپێی ئەو تۆیییە، ژمارەو ڕێژەی فیزیکی هێزە دژ بەیەکەکان و بەم پێیە فاکتەری توندوتیژی، چارەنووسی هەوڵە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات. "بێرنێشتاین" کەهەمیشە هێرش دەکاتە سەر بلانکیزم، لێرەدا بۆ خۆی تووشی خراپ لێ تێگەیشتنێکی بلانکیستی دەبێت. هەڵبەت جیاوازییان لەوەدایە کەبلانکیستەکان وەکو مەیلێکی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕ وایاندادەنا کەسۆسیالیزم هەر دەبێ وەدی بێ و لەو روانگەیەوە حەرەکەتیان دەکرد. هەر بەو بۆنەشەوە ڕوویان دەهێنایە شۆڕشی توندوتیژی ئامێز (تەنانەت بەکەمینەیەکی بچووکیشەوە). "بێرنێشتاین" ڕێك بەپێچەوانەوە کەمبوونی ژمارەی خەڵك بۆ وەدیهێنانی سۆسیالیزم بەمانای مەحاڵ بوونی سۆسیالیزم دەزانێت. سەرەڕای ئەوە سۆسیال دیموکراسی چاوەڕوانی ئەوە نییە کە لەئاکامی توندوتیژی سەرکەوتووانەی کەمینەیەك یان زۆرتربوونی زۆرینە لەبواری ژمارەوە بەئامانجی خۆی بگات. بەڵکو سۆسیالیزم بەپێویستییەکی ئابووری دەزانێت. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵك لەئاستی جەماوەریدا ئەم زەرورەتەیان بۆ رۆشن بێتەوە، جەماوەری خەڵك دەتوانن سەرمایەداری تێکەوە هەڵپێچن. ئەم پێویستییە بەر لەهەر شتێك لەتێکەوڵێکەیی سەرمایەداریدا خۆی دەردەخات.

"بێرنێشتاین" تەنانەت سەبارەت بەکێشەی چارەنووس سازی تێکەوڵێکەیی لەئابووری سەرمایەداری تەنها حاشا لەقەیرانی گەورەو گشتی دەکات، نەك قەیرانی وردو نەتەوەیی. ئەو بەمشێوەیە حاشا لەوە دەکات کەتێکەوڵێکەییەکی گورە هەیە. "بێرنێشتاین" لەهەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێت کەتێکەوڵێکەیی بچووك هەیە. **وەك مارکس دەڵێت بۆچوونی "بێرنێشتاین" سەبارەت بەئابووری سەرمایەداری وەکو ئەو ژنە وایە کە دیعایەی دەکرد داوێن پاکە بەڵام منداڵێکی هەیە (بەڵام منداڵەکەی بچووکە).** بەڵام کێشەکە لەوەدایە گەورەیی و بچووکی لەبابەتی وەکو

تێکەولێکەییدا بەیەکسان رووخێنەرن. ئەگەر "بێرنێشتاین" تێکەولێکەیی بچووك بەفەرمی دەناسێت، بەپێی میکانیزمی ئابووری کالایی، ئەو تێکەولێکەییە لەئاستێکی بیّ وێنەدا لێکهەڵوەشانی لیّ دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر هیواداره سیستەمی بەرهەمهێنانی کالایی بپارێزیّ و ئەم ورده تێکەولێکەییانە هاوئاهەنگ و کۆنترۆڵ بکات، جارێکی دیکە تووشی یەکێك لەهەڵە بنەڕەتییەکانی ئابووری بۆرژوایی دەبێت و شێوەی ئاڵوگۆڕ پێکردنی کالا سەربەخۆ لەشێوەی بەرهەمهێنان لێکدەداتەوە.

لێرەدا ناتوانین بەتێر و تەسەلی سەرلێشێواوی سەرسووڕهێنەری "بێرنێشتاین" لەسەر سەرەتایی ترین بنەماکانی ئابووری سیاسی نیشان بدەین. بەڵام پێویستە خاڵێك کە بەهۆی کێشەی بنەڕەتی تێکەولێکەیی سەرمایەدارییەوە دێتە گۆڕیّ، بەکورتی روون بکەینەوە.

"بێرنێشتاین" رایدەگەیەنێت کەتیۆری بەهای مارکس بەتەواوی ئینتزاعییە. ئەو پێی وایە ئەم دەستەواژەیە لەقامووسی ئابووری سیاسیدا بەئاشکرا بەمانای سووکایەتییە. بەڵام ئەگەر تیۆری بەهای مارکس تەنها ئینتزاعە، ئەگەر تەنها "بەرهەمێکی خەیاڵی"یە (لاپەڕەی ٣٨)، هەر هاوڵاتییەك کەخزمەتی خۆی بەجێگەیاندبیّ و باجی خۆی بدات، هەقیەتی وەکو کارڵ مارکس لەهەڵێت و پەڵیتەکانی خۆی "بەرهەمێکی خەیاڵی" و یاسای بەهای تایبەت بەخۆی ساز بکات."هەروەك چۆن مارکس هەقیەتی تا ئەو رادەیە چاوپۆشی لەتایبەتمەندییەکانی کالاکان بکات کە بێجگە لەرەنگدانەوەی چەندایەتی کاری سادەی مرۆیی هیچیتر نەبن، ئابووریناسانی مەکتەبی "بوهێم–جۆنز"یش هەقیانە بێجگە لەسودمەندی کالاکان لەهەموو کوالیتییەکی دیکەی چاوپۆشی بکەن" (لاپەڕەی ٣٤).

بەمشێوەیە" بێرنێشتاین" پێی وایە کاری کۆمەڵایەتی مارکس و سوودمەندی ئینتزاعی مەنگێر وەك یەك وان و هەر دووکیان ئینتزاعی رووتن. "بێرنێشتاین" لەم بابەتەوە لەبیری دەباتەوە کەئینتزاعی مارکس جۆرێك لەداهێنان نییە، بەڵکو کەشفێکە. ئەم ئینتزاعە لەمێشکی مارکسدا نییە، بەڵکو لەئابووری کالاییدا وجوودی هەیەو لەمێشکی مارکسدا رەنگدەداتەوە. لەخەیاڵدا نییە، بەڵکو لەکۆمەڵگادایە، ئەوەندە هەقیقییە کەدەتوانین بیبڕینەوە، بیرازی بکەین، کێشی هەڵسەنگێنین و بەو پێیە سیکە زەرب بکەین. هێزی کاری ئینتزاعی مرۆڤ کە لەلایەن مارکسەوە کەشف کرا، لەشێوەی گەشەکردووی خۆیدا، بێجگە لەپارە هیچی تر نییە. ئەمە یەکێك لەدرەوشاوەترین کەشفەکانی

مارکسە. ئەوە لەحاڵێکدایە کەگەوهەری پارە بۆ تەواوی ئابووریناسانی سیاسی بۆرژوایی، لەیەکەم مێرکانتلیستەکان[14]ەوە بگرە تا دوایین کلاسیکەکان، وەکو کتێبێکی پلۆمپ و داخراو مابووەوە.

ئەوە لەحاڵێکدایە کەسوودمەندی ئینتزاعی بوهێم–جۆنز پێکهاتەیەکی خەیاڵی رووتە. یان بەواتایەکی دیکە بەرهەمی بیرێکی پووچ و روانگەیەکی پووچە کە نە سەرمایەداری و نە هیچ کۆمەڵگایەکی دیکە بەرپرسی نییە، بەڵکو ئابووری بۆرژوایی خۆماڵی بەرپرسیەتی. بێرنێشتاین، بوهێم و جۆنز و سەرجەم ئەنجومەنی سستی زەین گەراکان بەم "بەرهەمە خەیاڵییە" دەتوانن بۆ ماوەی بیست ساڵی رەبەق لەبەرانبەر پرسیاری پارەدا دابنیشن و چۆکدابدەن، بەبێ ئەوەی بەرێگاچارەیەك بگەن، ئەوە لەحاڵێکدایە کەهەموو پێنە چییەك دەزانێت: پارە شتێکی "بەسوود"ە.

"بێرنێشتاین" بەمشێوەیە تێکرای تێگەیشتنی خۆی لەیاسای بەهای مارکس لەدەست داوە. سەرەڕای ئەوە، هەر کەس کەتۆزێك لەئابووری مارکسی تێگەیشتبێت، دەتوانێت بزانێت کە بەبێ یاسای بەها، تێکرای سیستەمی مارکسی مانایەکی نییە. بەواتایەکی دیکە بەبێ تێگەیشتن لەماهیەتی کالاو ئاڵوگۆڕپێکردنی، سەرجەم ئابووری سەرمایەداری بەزنجیرەکانیەوە هەروا وەك پرسیارێکی بێ وەڵام دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەو کلیلە ئەفسووناوییە چیە کەمارکس توانی دەرگا بەرەورووی قووڵترین نهێنییەکانی هەموو دیاردەکانی سەرمایەداری بکاتەوەو ئەو کێشانە چارەسەر بکات کەتەنانەت بەبیری بەرجەستەترین بیرمەندانی ئابووری سیاسی کلاسیکی بۆرژوایی، وەکو ئادام سمیت و ریکاردۆش نەهاتبوو؟ (ئەو کلیلە ئەفسووناوییە) بێجگە لەوەیکە ئەو وەکو دیاردەیەکی مێژوویی چاوی لەسەرجەم ئابووری سەرمایەداری دەکرد هیچی تر نەبوو. ئەو مێتۆدە ئەو توانایییەی بەمارکس بەخشی کە نە تەنها وەکو باشترین ئابووریناسان ئاوڕی لەرابردووی سەرمایەداری (دەرەبەگایەتی) دەدایەوە، بەڵکو گۆشە نیگایەکیشی لەداهاتووی سۆسیالیستی هەبوو. نهێنی تیۆری مارکس سەبارەت بە بەها، لێکدانەوەی سەبارەت بەپارە، تیۆرییەکەی دەربارەی سەرمایە، تیۆرییەکەی سەبارەت بەرێژەی قازانج و سەرجەم سیستەمی ئابووری مەوجوود لەتێگەیشتنی ئەو لەماهیەتی کاتی ئابووری سەرمایەداری، لێکهەڵوەشانیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر ئەو شتەی کە لەلایەنێکی دیکەوە تەنها ئامانجی کۆتایی، واتە سۆسیالیزمە. بەهۆی ئەوەیکە مارکس لەروانگەی سۆسیالیستییەوە، واتە لەروانگەی مێژووییەوە چاوی لەسەرمایەداری دەکرد، توانی گرێکوێڵەکانی

[14] Meroantalism یان سیستەمی مێرکانتیل مەکتەبی ئابووری رەهاخواز و سیاسەتێکی ئابوورییە کەخوازیاری ئەوەی تا ئەو جێگایەی دەکرێ کالای زیاتر هەناردە بکرێت و دەوڵەت لەپیشەسازییەکان پشتیوانی بکات. و

ئابووری سەرمایەداری بکاتەوە. هەروەها بەهۆی ئەوەیکە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری مێتۆدی سۆسیالیستی بەکارهێنا، لەجێگاوشوێنێکدابوو کەدەیتوانی سۆسیالیزم لەسەر بناغەیەکی زانستی دابنێت.

ئەمە ئەو پێوانەیە کەدەتوانین لەسەر بنەمای تێبینییەکانی "بێرنێشتاین" لەکۆتایی کتێبەکەی، واتە لەوێدا کە سکاڵا لە"پارادۆکس" لە"هەموو جێگایەکی بەرهەمە مەزنەکەی مارکس" (کاپیتاڵ) دەکات، هەڵسەنگێنین. "پارادۆکس لەوەدایە کە ئەم بەرهەمە دەیەوێت خوێندنەوەیەکی زانستی بێت و لەهەمان کاتدا تێزێك بسەلمێنێ کەدەمێك ساڵ لەوەپێش بەتەواوەتی بیراز کرابوو. ئەم بەرهەمە پشتی بەگەڵاڵەیەك بەستووە کە هەر لە پێشدا ئەو دەرئەنجامەی تێدایە کەنووسەر دەیەوێت پێی بگات. بەواتایەکی دیکە شتێك کەدەبێ بەهۆی تەکامولەوە بەدەست بێت، هەر لەسەرەتاوە بێ ئەملاو ئەولا ناودەبرێ. گەڕانەوە بۆ مانیفیستی کومۆنیست، واتە بۆ ئامانجی سۆسیالیستی بەروونی پاشماوەکانی یۆتۆپیستی لەسیستەمی مارکس دەسەلمێنێت." (لاپەڕەی ٢١٠)

سەرەڕای هەموو ئەوانە "دوالیزمی" مارکس بێجگە لەناکۆکی سۆسیالیزمی داهاتوو و سەرمایەداری ئەمڕۆ، کار و سەرمایە، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی هیچیتر نییە. ئەمە رەنگدانەوەی زانستی ئەو ناکۆکییەیە کە لەکۆمەڵگای بۆرژواییدا لەئارادایە، واتە پارادۆکسی ناکۆکییە چینایەتییەکانی بۆرژواییە.

کاتێك کە"بێرنێشتاین" ئەو پارادۆکسە تیۆرییە لەلای مارکس بە"پاشماوەی یۆتۆپیزم" لەقەڵەم دەدات، لەراستیدا تەنها بەو بۆنەوەیە کە بەشێوەیەکی گەمژانە ناکۆکی مێژوویی کۆمەڵگای بۆرژوایی و بوونی ناکۆکییە چینایەتییەکان لەکۆمەڵگای سەرمایەداری رەت دەکاتەوەو لەسەر ئەو باوەڕەیە سۆسیالیزم تەنها "پاشماوەیەکی یۆتۆپیا"یە. یەکپارچەیی تیۆری "بێرنێشتاین" یەکپارچەیی سیستەمی سەرمایەداری هەتاهەتایی کراو، یەکپارچەیی تیۆری سۆسیالیستییە کەئامانجەکەی وەلاناوەو بڕیاری داوە لەناو کۆمەڵگای بۆرژوایی، تاقانەو نەگۆڕدا شوێنی ئامانجی گەشەی مرۆڤ بگرێت.

ئەگەرچی "بێرنێشتاین" ناکۆکی لە پێکهاتەی ئابووری سەرمایەداریدا دەبینێت و گەشەی سۆسیالیزم لەبەرچاو ناگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی لانیکەم بەشێوەیەکی رواڵەتی بەرنامەی سۆسیالیستی رزگار بکات، ناچارە پەنا بۆ تەکامولێك ببات کە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئابووریدایەو لە پێکهاتەیەکی ئایدیالیستیدا بەدوای ئەو ناکۆکییانەدا دەگەڕێت. ئەو ناچارە سۆسیالیزم لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو لەتەکامولی کۆمەڵایەتییەوە بۆ "بنەمایەك"ی ئینتزاعی دابشکێنێت. لەم بابەتەوە "بنەمای یاریدەدەری گشتی" جێگای سەرنجی "بێرنێشتاین" کەدەبێ ئابووری سەرمایەداری پێ بڕازێندرێتەوە (واتە ناسکترین "تووێژی پاشماوە"ی ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم) بەمانای دان

پێدانانی تیۆری بۆرژوایی ئەو بەداهاتووی سۆسیالستی نییە، بەڵکو بەواتای دانپێدانان بەرابردووی سۆسیالیستی بێرنێشتاینە.

**یەکێتییە کرێکارییەکان، تەعاونییەکان و دیموکراسی سیاسی**

...بێرنێشتاین پێی وایە دیموکراسی قۆناغێکی چارەهەڵنەگر لەتەکامولی کۆمەڵگای مۆدێرنە. ئەو و تیۆریسییەنەکانی بۆرژوازی لەسەر ئەو باوەڕەن کەدیموکراسی بەگشتی یاسایەکی بنەڕەتی گەورەی تەکامولی مێژووییە کەدەبیّ هەموو هێزە چالاکەکانی گۆڕەپانی سیاسی بۆ وەدیهاتنی تێبکۆشن. هەڵبەت ئەو باوەڕە لەو جۆرە فۆرمە رەهادا بەتەواوەتی هەڵەیە. بێرنێشتاین تەنها بەشێوەی رووکەشی و وردەبۆرژوایی دیموکراسی کلك و گویّ قرتاو و بەرتەسکی بۆرژوایی وەك سەرمەشقی خۆی دادەنیّ، قۆناغێك کە بەزەحمەت تەمەنی بەبیست و پێنج یان سی ساڵ دەگات. کاتێك بەوردی تەکامولی مێژوویی دیموکراسی و لەهەمان کاتدا مێژووی سیاسی گشتی سەرمایەداری لێکدەدەینەوە، بەدەرئەنجامی زۆر جیاواز دەگەین.

پێویستە سەبارەت بەگەشەی مێژوویی دیموکراسی بڵێین کە لەفۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا، لەوانە لەکۆمەڵە کومۆنیستییە سەرەتاییەکاندا، لەدەوڵەتانی کۆیلەداری سەردەمی کەونارادا و لەشار-کومۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نیشانەگەلێك لەدیموکراسی دەبینین. هەر بەمشێوەیە لەپاشایەتی رەهاو مەشروتەشدا لەپەیوەندی و هەلومەرجی جۆراوجۆردا دەیبینین. لەلایەکی دیکەوە، سەرمایەداری وەکو شێوەیەکی بەرهەمهێنان لەهەمان سەرەتاوە لەشار-کومۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوەندێکی دیموکراتیکی پێکهێنا. دواتر لەشێوەیەکی گەشەکردووتردا، واتە مانۆفاکتەر وەکو سیستەمێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان لەدەسەڵاتی پاشایەتیدا شێوەی سیاسی هاوتەریب لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی دۆزیەوە. سەرئەنجام سەرمایەداری ئابوورییەکی گەشەکردووی لەفەرەنسا پێکهێناو پیّ بەپێی ئەو گەشەیە بەریز شێوەی کۆماری دیموکراتیك (**١٧٩٣**)، دەسەڵاتی پاشایەتی رەهای ناپلیۆنی یەکەم، دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتی (١٨١٥-١٨٣٠)، دەسەڵاتی پاشایەتی مەشروتەی بۆرژوایی لویی فیلیپ و جارێکی دیکە کۆماری دیموکراتیك و سەرلەنویّ دەسەڵاتی پاشایەتی ناپلیۆنی سێهەم و سەرئەنجام بۆ جاری سێهەم دەسەڵاتی کۆماری دامەزراند. لەئاڵمان تاقە ناوەندی بەراستی دیموکراتیك، واتە مافی دەنگدانی گشتی دەسکەوتی لیبراڵیزمی بۆرژوایی نەبوو. مافی دەنگدانی گشتی لەئاڵمان تەنها ئامرازێك بۆ تێکەڵکردنی ویلایەتە بچووکەکان بوو و گرینگی بۆ گەشەی بۆرژوازی ئاڵمان هەر تا ئەو ئاستەیە، ئەگینا ئەگەر وا نەبووایە بەدەسەڵاتی مەشروتەی نیوەفیۆدالی قەناعەتی

دەکرد. سەرمایەداری لەرووسیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە لەرژێمێکی سەرەڕۆی رۆژهەڵاتیدا خۆی دەرخست، بەبێ ئەوەی بۆرژوازی حەزێکی ئەوتۆی لەدیموکراسی هەبێت. مافی دەنگدانی گشتی لەئۆتۆریش زیاتر لەهەر شتێك گوریسی رزگاری پاشایەتی لەحالی فەوتانە (دەسەڵاتی خاڵی ١٤ نیشانی دەدات کە تا چ رادەیەك لەگەڵ دیموکراسی راستەقینە گرێی خواردووە). سەرئەنجام سەبارەت بە بەلجیك دەبێ بڵێین کەبێگومان دەستپێڕاگەیشتن بەمافی دەنگدانی گشتی لەلایەن بزووتنەوەی کرێکارییەوە بەرهەمی لاوازی میلیتاریزم و بارودۆخی جوگڕافیایی و سیاسی تایبەتی ئەو وڵاتەیە. بەر لەهەر شتێك دەبێ بڵێین کە ئەم "وردەدیموکراسییە" بۆرژوازی دەستەبەری نەکردووە، بەڵکو لەدژی بۆرژوازی بەدەستهاتووە.

کاتێك بەشێوەی قووڵتر ورد دەبینەوە (بۆمان دەردەکەوێ کە) گەشەکردنی بەردەوامی دیموکراسی کە رێویزیۆنیزم و لیبراڵیزمی بۆرژوایی پێیان وایە وەکو یاسای بنەڕەتی مێژووی مرۆڤ سەرهەڵدەدات، لانیکەم لەمێژووی مۆدێرندا تەنها تارماییەو هیچی تر. هیچ پەیوەندییەکی رەهاو گشتی لەنێوان گەشەی سەرمایەداری و دیموکراسیدا نییە. دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە بەرهەمی سەرجەم هۆکارە سیاسی، ناوچەیی و دەرەکییەکانە. ئەم شێوەیە لەدەسەڵاتی سیاسی لەسنوورەکانی خۆیدا شێوەی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێ، لەپاشایەتی رەهاوە بگرە هەتا کۆماری دیموکراتیك.

بەم پێیە، دەبێ هیوا بەجێگیرکردنی یاسای گشتی گەشەی مێژوویی دیموکراسی تەنانەت لەچوارچێوەی کۆمەڵگای مۆدێرن بخەینە ژێر گڵ. ئەگەر چاوێك لەقۆناغی ئێستای مێژووی بۆرژوایی بکەین، لەو بارودۆخە سیاسیەدا هەندێك هۆکار دەبینین کەنیشانی دەدەن نە تەنها نیمچەگەڵاڵەکانی "بێرنێشتاین" مەحاڵە وەدی بێن، بەڵکو کۆمەڵگای بۆرژوایی تەنانەت ئەو دەسکەوتە دیموکراتیکانەی کە تائێستا بەدەست هاتووە، وەلادەنێت.

لەلایەکی دیکەوە (ئەم خاڵە گرینگییەکی زۆری هەیە کە) ناوەندە دیموکراتیکەکان زۆرتر لەسەر تەکاملی بۆرژوازی رۆڵی یارمەتیدەریان گێڕاوە. ئەو کاتەی کە بۆ تێکەڵاوکردنی ویلایەتە بچووکەکان و پێکهێنانی دەوڵەت–نەتەوە[15] گەورەکان (ئاڵمان، ئیتاڵیا) پێویست بوون، بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر لەئارادا بوون. بەڵام لەم ماوەیەدا گەشەی ئابووری بووەتە هۆی ئەوەی ئابووری سەرمایەداری بەشێوەیەکی ئۆرگانیك لێك بئاڵێت. ئەم بابەتە لەسەر گۆڕینی شێوەی دام و دەزگای سیاسی–ئیداری دەوڵەت لەسیستەمێکی نیوەفیۆداڵ یان بەتەواوەتی فیۆدالیەوە بۆ میکانیزمێکی سەرمایەداریش دێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە لەشێوەی دەوڵەت کە لەبواری مێژووییەوە لەدیموکراسی جیانەکراوەبوو، ئەمڕۆ ئیتر بەئاستێك گەیشتووە کە دەتوانن بەئاسانی بەشە دیموکراتیکەکانی کاروباری دەوڵەتی، لەوانە مافی

---

[15] The nation-state

**دەنگدانی گشتی و شێوەی دەسەڵاتی کۆماری ڕەت بکەنەوە، بە بێ ئەوەی ڕێکخراوی ئیداری، کاروباری دارایی، سەربازی و هیتر ناچار بەگەڕانەوە بکرێن. لەحاڵێکدا کەناوەندە دیموکراتیکەکان بەئاسانی لادەبرێن، ئەم ناوەندانە لەسەر جێگای خۆیان دەمێننەوە. (بەمشێوەیە دەبینین کە پاسمانی نەشتەرگەری، واتە دیموکراسی سیاسی دەتوانێت بە بێ ئەوەی مەترسییەکی ئەوتۆ بۆ ئۆرگانیزمی کۆمەڵگای بۆرژوایی بخولقێنێت، هەڵبگیردرێت!)**

**ئەگەر ئەمڕۆکە لیبراڵیزم بەمانای تایبەتی وشەکە بۆ کۆمەڵگای بۆرژوایی بێ کەڵکە، لەلایەکی دیکەوە لەهەندێك لایەنی گرینگدا بووەتە کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگای ئەو کۆمەڵگایە. دوو فاکتەر بەتەواوەتی لەسەر دیاریکردنی ژیانی سیاسی دەوڵەتانی هاوچەرخ دەخیلن: سیاسەتی نێونەتەوەیی و بزووتنەوەی کرێکاری. هەر کام لەم فاکتەرانە تەنها لایەنێکی جیاواز لەقۆناغی گەشەی سەرمایەدارین.**

**لەئاکامدا دەبینین ئەمڕۆکە لەئاکامی گەشەی ئابووری جیهانی و تووندتربوونەوەو پەرەسەندنی کێبڕکێ لەبازاڕی جیهانیدا، میلیتاریزم و دەسەڵاتی دەریایی، وەکو ئامرازەکانی سیاسەتی جیهان بوونەتە دوو فاکتەری چارەنووس ساز لەدیاریکردنی ژیانی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتانی گەورەدا. ئەگەر ئەوە ڕاستە کەسیاسەتە نێونەتەوەییەکان و میلیتاریزم ڕەنگدانەوەی مەیلی ڕوو لەگەشەی ئەم قۆناغەیە، کەوایە دیموکراسی بۆرژوایی دەبێ بەئاراستەیەکی رووخێنەردا بچێت. (بەرجەستە ترین نمونە: یەکێتی ئەمریکای باکوور لەدوای شەڕی ئیسپانیایە. لەفەڕەنسا، کۆماری ئەو وڵاتە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی نێونەتەوەیی ماوەتەوە، بارودۆخێك کە بەشێوەی کاتی کەوتنەڕێی شەڕێکی مسۆگەر کردووە. ئەگەر شەڕێك بێتە ئاراوە (هەروەك هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن شەڕێکی وا لەرێدایە) و فەڕەنسا نەتوانێت لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو بێتە دەر، بەدڵنیاییەوە وەڵامی یەکەمین شکستی فەڕەنسا ڕاگەیاندنی کۆمار دەبێت. لەئاڵمان سەردەمی چەك و چۆڵی سەربازی کە لەساڵی ١٨٩٣وە دەستپێکردووەو سیاسەتی جیهانی کە بەداگیرکردنی "کیائۆچۆ"[16] دەستپێیکرد، دوو قووربانی دا: یەکەم، لیبراڵەکان تووشی دابڕان بوون و دووهەم جێگاوشوێنی حیزبی "سەنترۆم" گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەکەمینەوە بوون بەحیزبی دەسەڵاتدار. هەڵبژاردنی ئەمدواییانەی (١٩٠٧) پەرلەمانی ئاڵمان کە لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئیستعماریخوازانەدا بەڕێوەچوو، بەمانا بەخاکسپاردنی مێژوویی لیبراڵیزمی ئاڵمانیە.**

---

[16] **کیائۆچۆ (Kiaoohow) ناوچەیەك بە پانتایی نزیکەی ٥٠٠ کیلومەتری چوارگۆشە لەکەنارەکانی چین بوو، کەئیمپراتووری ئاڵمان لەساڵی ١٨٩٨بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ لەچین ئیجارەی کرد. بەڵام ئەو ناوچەیە لەدوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٤ لەلایەن ژاپۆنەوە داگیرکراو دواتر لەساڵی ١٩٢٢ بەوڵاتی چین گەڕێندرایەوە. ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە نزیکەی دووسەد هەزار کەس (١٩١٤) بوو. و**

بەمشێوەیە لەلایەکەوە سیاسەتی دەرەکی و لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی ناوخۆیی، واتە ئاخێزی چینی کرێکار بۆرژوازی دەخاتە باوەش کۆنەپەرەستییەوە. بەواتایەکی دیکە بۆرژوازی لەترسی پڕۆلیتاریا دەستی یارمەتی بۆ کۆنەپەرەستی درێژ دەکاتەوە. "بێرنێشتاین" بۆ خۆی دان بەو بابەتەدا دەنێت. ئەو دەڵێت "ئەفسانە"ی سۆسیال دیموکراسی کە"دەیەوێ هەموو شتێك هەڵلوشێت" (مەبەستی خەباتی سۆسیالیستی چینی کرێکارە). ئەو بەم قسانەی نیشانی دەدات کەدەزانێت ئەم خەباتە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆرژوازی لیبراڵ (لەهاوپەیمانییەکی کاتی لەگەڵ سۆسیالی دیموکراسی) خۆی بکێشێتەوە. لەم بابەتەوە بەپڕۆلیتاریا پێشنیار دەکات ئامانجی سۆسیالیستی خۆی وەلابنێت بۆ ئەوەی لیبراڵە ترسنۆکەکان لەکونە مشکەکانی قەیسەری بێنە دەر. "بێرنێشتاین" دەڵێت وەلانانی بزووتنەوەی کرێکاری–سۆسیالیستی مەرجی بنەڕەتی پاراستن و مانەوەی دیموکراسی بۆرژواییە. ئەو بەم قسەیەی بەزەقترین شێوە نیشانی دەدات کە هەر بەو رادەیە کەبزووتنەوەی سۆسیالیستی–کرێکاری بەرهەمی راستەوخۆی رەوتی دەرونی تەکامولی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە، هەر بەو رادەیەش ئەم دیموکراسییە لەگەڵ ئەو رەوتەدا ناکۆکە.

سەرەرای ئەوە، بێرنێشتاین لەم رێگەیەوە شتێکی دیکە دەسەلمێنێت. ئەو کەوەلانانی ئامانجی سۆسیالیستی لەلایەن چینی کرێکارەوە بەپێش مەرجی بووژاندنەوەی دیموکراسی بۆرژوایی دادەنێت، نیشانی دەدات کە ئەم دیعایانە چەندە پڕوپووچە کەدیموکراسی بۆرژوایی مەرجی پێویستی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و سەرکەوتنی سۆسیالیزمە. هۆکارەکانی "بێرنێشتاین" لەبازنەیەکی بەتاڵدا لەتووش و توانج دەکەوێت. دەرئەنجامەکانی مەرجی سەرەتایی رەت دەکاتەوە.

دەرچوون لەو بازنەیە زۆر سادەیە. بەسەرنجدان بەو راستییە کەلیبراڵیزمی بۆرژوایی لەترسی بزووتنەوەی روو لەگەشەی کرێکاریدا رۆح و ئامانجی کۆتایی خۆی فرۆشتووە، بەو دەرئەنجامە دەگەین کەبزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری ئەمرۆکە تاقە پشتیوانی دیموکراسییەو تەنها ئەو دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت. چارەنووسی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەدیموکراسییەوە گرێی نەخواردووە، رێك بەپێچەوانەوە چارەنووسی دیموکراسی بەبزووتنەوەی سۆسیالیستی وابەستەیە. ئەگەر چینی کرێکار خەبات بۆ رزگاری خۆی وەلابنێت، بەختی دیموکراسی بۆ مانەوە زۆرتر نابێت. بەپێچەوانەوە، هەرچی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەخەباتەکەیدا بەئاکامە کۆنەپەرەستانەکانی سیاسەتە نێونەتەوەییەکان و وەلانانی دیموکراسی لەلایەن بۆرژوازییەوە بەهێزتر بێت، بەختی مانەوەی دیموکراسیش زۆرتر دەبێت. کەسێك کەدەیەوێ دیموکراسی بەهێزتر بێت دەبێ لەهەمان کاتدا خوازیاری بەهێزتر بوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بێت، نەك لاوازبوونی. وە بەچاوپۆشی کردن لەخەبات بۆ سۆسیالیزم هەم بزووتنەوەی کرێکاری و هەم دیموکراسیش وەلادەنێت.

(بێرنێشتاین لەفۆروێرتس ( ٢٦ی مارسی ١٨٩٩) لەکۆتایی "وەڵامەکەی"دا بەکائۆتێسکی دەڵێت کە بەتەواوەتی لەگەڵ بەرنامەی هەنووکەیی سۆسیال دیموکراسیدا هاوڕایە. ئەو تەنها لەگەڵ بەشە تیۆریکەکانی ئەو بەرنامەیە دژایەتی هەیە. جیاواز لەو بابەتە، ئەو بەئاشکرا پێی وایە بەتەواوی دەتوانێت لەنێو ریزی ئەو حیزبەدا هەڵسووڕێت. چونکە ئەوە چ "گرینگی"یەکی هەیە کە"لەبەشی تیۆری بەرنامەی حیزبدا بابەتێك بێت کەئیتر لەگەڵ تێگەیشتنی تاك لەرەوتی گەشە نەیەتەوە؟". ئەم بابەتە بەروونی نیشانی دەدات کە "بێرنێشتاین" لە پەیوەندی نێوان هەڵسووڕانی هەنوکەیی سۆسیال دیموکراسی و بنەما گشتییەکانی تێناگات و تا چ رادەیەك وشەکان ئیتر بۆ "بێرنێشتاین" و حیزب مانایەکی یەکسانیان نییە. هەروەك دیتمان تیۆریی "بێرنێشتاین" دەبێتە هۆی ئەوەی سەرەتایی ترین تێگەیشتنی سۆسیال دیموکراسی وەلابنرێت، واتە ئەو تێگەیشتنەی سۆسیال دیموکراسی کە بەبێ بناغەیەکی بنەڕەتی، خەباتی هەنووکەیی بێ کەڵك و بێ ئامانجەو بەوەلانانی ئامانجی کۆتایی، بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر دەبێ بزووتنەوەکەش وەلابنرێت.)

## بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی

هەروەك دیتمان چارەنووسی دیموکراسی لەگرەوی چارەنووسی بزووتنەوەی کرێکاریدایە. بەڵام ئایا گەشەی دیموکراسی لەباشترین حاڵەتدا شۆڕشی پرۆلیتێری بەمانای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، واتە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بێ سوودو نامسۆگەر دەکات؟

"بێرنێشتاین" بەهەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانی ریفۆرمی یاسایی و شۆڕش، هەر بەو شێوەیە وەڵام بەو پرسیارە دەداتەوە کە دارچین یان بیبەر لەدووکانێکدا کێش دەکرێت. ئەو رێگای یاسایی تەکامول بەکاردانەوەی ئەقڵ دەزانێت، بەڵام رێگای شۆڕشگێڕانە بەکاردانەوەی هەست دەزانێت. هەڵسووڕانی ریفۆرمخوازانە وەکو رێگای هێمنی پێشکەوتنی مێژوویی و شۆڕش وەکو رێگای خێرای لەقەڵەم دەدات. "بێرنێشتاین" لەیاسادانانەدا هێزێکی بەرنامەبۆدارێژراو و لەشۆڕشدا هێزێکی هەوسارپچڕاو دەدۆزێتەوە (لاپەڕەی ٢١٨).

دەمێکە دەزانین کەریفۆرمیستی وردەبۆرژوا لەهەموو شتێکدا لایەنی "باش" و "خراپ" دەبینێتەوە. ئەو دەستەو داوێنی هەموو خۆڵ و خەوشێك دەبێت. بەڵام هەر بەو شێوەیەش دەمێکە دەزانین رێگای راستەقینەی رووداوەکان زۆر بەدەگمەن لەژێر کاریگەری ئەم شەلەم شۆربا وردەبۆرژواییەدایەو کیسەیەکی بچووك کە لە"لایەنە باشەکانی" هەموو شتێك پڕ کراوە، بەیەکەم پلتۆکی مێژوویی تێکدەڕووخێت.

لەمێژووی کۆمەڵگای بۆرژواییدا ریفۆرمی یاسایی بەگشتی لەخزمەت بەهێزکردنی چینێکدایە کەخەریکە پێدەگات، تا ئەو کاتەی هەست بکات ئەوەندە بەهێز بووە کەدەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت، سیستەمی یاسایی باو بڕوخێنێت و سیستەمێکی نوێ بێنێتە سەر کار. "بێرنێشتاین" کە لەدژی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی هات و هاوار وەرێدەخات و بەتیۆری بلانکیستی ناوی دەبات، لەگەڵ ئەو چارەڕەشییەدا بەرەوڕووە کەمۆرکی بلانکیستی لەشتێك دەدات کەچەندین سەدەیە تەوەر و هێزی بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی بووە. لەو کاتەوە کەکۆمەڵە چینایەتییەکان پەیدابوون و خەباتی چینایەتی ناوەرۆکی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایانە بووە، هەمیشە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئامانجی ئەو چینانە بووە کەتازە پێگەیشتوون و سەرەتاو کۆتایی هەموو قۆناغێکی مێژوویی بووە. دەتوانین ئەو راستییە لەخەباتی درێژماوەی جوتیاران لەگەڵ ئەریستۆکراتەکان و دەوڵەمەندانی ڕۆمای کەونارا، لەخەباتی ئەریستۆکراتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ ئۆسقۆفەکان، لەخەباتی پیشەگەران لەگەڵ ئەشراف لەشارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و لەسەردەمی نوێدا لەخەباتی بۆرژوازی لەگەڵ دەرەبەگایەتی ببینینەوە.

ریفۆرمی یاسایی و شۆڕش ڕێگای جۆراوجۆری پێشکەوتنی مێژوویی نین کە بەدڵخوازی خۆمان بتوانین وەکو سۆسیسی گەرم و سارد لەسەر سفرەی مێژوو هەڵیبژێرین. ریفۆرم و شۆڕش قۆناغی جۆراوجۆری گەشەی کۆمەڵگای چینایەتین کە لەهەمان کاتدا یەکترین تەواو دەکەن وەکو جەمسەری باکوور و باشوور یەکتری رەفز دەکەن: بۆرژوازی و پرۆلیتاریا.

راستییەکەی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەیەکی یاسایی لەهەموو کاتێکدا بەرهەمی شۆڕشە. شۆڕش کردەوەیەکی داهێنەرانەی مێژووی چینەکانە، ئەوە لەحاڵێکدایە کەیاسادانان رەنگدانەوەی سیاسی ژیانی کۆمەڵگایەکە کە پێشتر هاتووەتە مەیدان. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ریفۆرمی یاسایی هێزێکی بزوێنەری تایبەت نییە کەسەربەخۆ لەشۆڕش بێت. لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا خەبات بۆ پێکهێنانی ریفۆرم تەنها بەئاراستەیەکدا بەرێوەدەچێت کەهاندەرەکانی شۆڕشی پێشوو دیاری کردووەو تا کاتێك کە ئەو هاندەرە هەستی پێبکرێت، هەروا درێژەی دەبێت. یان بەواتایەکی دیکە ریفۆرم تەنها لەچوارچێوەی ئەو شێوە کۆمەڵایەتییەدا بەرێوەدەچێت کە لەلایەن شۆڕشی پێشووەوە خولقاوە. کاکڵەی بابەتەکە ئەمەیە.

ئەوە بەتەواوەتی ناردوستەو بەهیچ شێوەیەك مێژوویی نییە کەهەوڵ بۆ پێکهێنانی ریفۆرم بەشۆڕشێکی درێژماوە دەزانن و شۆڕش بەزنجیرەیەکی لێکئاڵاو لەریفۆرم ناو دەبەن. جیاوازی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ریفۆرمی یاسایی لەماوەدا نییە، بەڵکو لەجەوهەردایە. تەواوی نهێنی گۆڕانکارییە مێژووییەکان لەرێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی

سیاسی بریتییە لە پەڕینەوە لەگۆڕانکاری چەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتییەکی نوێ، پەڕینەوە لەقۆناغێکی مێژوویی و سیستەمێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ قۆناغ و سیستەمێکی نوێ.

لەراستیدا کەسێك کەرێگای ریفۆرمی یاسایی لەبەرانبەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەجێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی دادەنێت، رێگایەکی هێمن تر، دڵنیاتر و خاوتر بەرەو ئامانجی کۆتایی، واتە شۆڕش هەڵنابژێرێت. ئەو کەسە بەپێچەوانەوە ئامانجێکی جیاوازتر هەڵدەبژێرێت. هەڵوێستی ئەو کەسە پارێزگاریکردن لەجێگیرکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ نییە، بەڵکو پێکهێنانی گۆڕانکاری رووکەشی لەسیستەمی کۆندایە. (بەکورتی چۆلەکەت بۆ رەنگ دەکەن و بەجێگای قەناریت پێ دەفرۆشن.و) بەمشێوەیە دەبینین بۆچوونە سیاسییەکانی رێویزیۆنیزم هەر بەو دەرئەنجامانە دەگات کەتیۆرییە ئابوورییەکانی پێی گەیشتبوو: ئیتر ئامانجی ئێمە وەدی هێنانی سۆسیالیزم نییە، بەڵکو چاك کردنی سەرمایەدارییە، ئیتر ئامانجی ئێمە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کرێ - گرتە نییە، بەڵکو دابەزاندنی چەوسانەوەیە، بەواتایەکی دیکە دەمانەوێ خراپەکانی سەرمایەداری لاببەین، بەڵام دەست لەسیستەمەکە نەدەین.

هەڵبەت رەنگە وا بێتە بەرچاو کە ئەو رستانەی سەرەوە سەبارەت بەکارکردی ریفۆرمی یاسایی و شۆڕش تەنها سەبارەت بەو خەباتە چینایەتییە دروستە کە تا ئێستا لەئارادا بووەو لەوانەیە لەوە بەولاوە بەهۆی گەشەو تەکاملی سیستەمی دادوەری بۆرژوایی، ئەرکی پەڕینەوەی کۆمەڵگا لەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی دیکەش بەریفۆرمی یاسایی سپێردرابێت و هەروەك "بێرنێشتاین" لەلاپەڕەی ١٨٣ی کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت رەنگە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە بووبێتە بابەتێکی ناشیرین و بێ مانا؟ بەڵام مەسەلەکە رێك بەپێچەوانەوەو بەتەواوەتی لەبەرانبەر ئەوەدایە. چ شتێك کۆمەڵی بۆرژوازی و کۆمەڵگا چینایەتییەکانی پێشوو، واتە کۆمەڵی کۆیلەداری و کۆمەڵی سەدەکانی ناوەڕاست لەیەکترین جیا دەکاتەوە؟ ئەو راستییە کەحکومەتی چینایەتی نەك بەپێی "مافی دەستەبەرکراو" لەسەر حوکم نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکەی لەسەر بناغەی پەیوەندییەکی راستەقینەی ئابووری دامەزراوە. چونکە سیستەمی کرێگرتە دیاردەیەکی دادوەری یان یاسایی نییە، بەڵکو تەنها پەیوەندییەکی ئابووری پەتییە. لەسەرانسەر سیستەمی دادوەریدا هیچ فرمولێکی یاسایی بۆ دەسەڵاتی چینایەتی بۆرژوازی نادۆزیتەوەو ئەگەر ئاسەوارێك لەریزبەندی کردنی پلەو پایە دەبینێت یان پەیوەندی زنجیرەیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەبینین، تەنهاو تەنها پاشماوەی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتییە.

هەر بەم بۆنەشەوە کاتێك کە لەنێو یاسادا هیچ وشەیەك سەبارەت بەسیستەمی کۆیلەداری کرێگرتە باس نەکراوە، چۆن دەتوانی "لەرێگەی یاسایی"یەوە هەڵیوەشێنیتەوە؟ "بێرنێشتاین" کەرووی هێناوەتە کاری یاسایی ریفۆرمیستی

بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە کۆتایی بەکاری سەرمایەداری بێنێت، لەبارودۆخی ئەو پۆلیسەی ڕۆمادایە کە لەچیرۆکی "ئۆس بینێسکی"دا بەو شێوەیە باسی بەسەرهاتەکەی خۆی دەکات:... "بەخێرایی یەخەی ئەو پیاوەم گرت، دەزانیت چیم کەشف کرد؟ ئەو پیاوە پۆزخرە ئەسڵەن یەخەی نەبوو!". کاکڵەی مەسەلەکە لەوەدایە.

"تەواوی ئەو کۆمەڵگایانەی تا ئێستا بوون لەسەر بنەمای ناکۆکی نێوان چینە چەوساوەکان و چینە چەوسێنەرەکان راوەستاون (مانیفێستی کومۆنیست لاپەڕەی ١٧). بەڵام لەقۆناغەکانی پێشووی کۆمەڵگای مۆدێرندا ئەو ناکۆکییە لەپەیوەندییە دادوەرییەکاندا دیاریکرابوو. هەر بەم بۆنەشەوە توانیویەتی پەیوەندییە تازەکان کە لەحاڵی گەشەن لەچوارچێوەی کەش و هەوای کۆندا بپارێزێت. "مرۆڤی نیوە کۆیلە لەسیستەمی نیوەکۆیلەداریدا بوو بەئەندامی کومۆن". (مانیفێستی کومۆنیست لاپەڕەی ١٧) چۆن؟ لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی بەشێنەیی ئەو ئیمتیازە جۆراوجۆرانەی کەهەموویان سیستەمی نیوەکۆیلەدارییان پێکدەهێنا.

هەر بەم شێوەیە "وردەبۆرژوا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی دەرەبەگایەتی رەهادا جێگاوشوێنی خۆی هەتا پەلی بۆرژوا بەرز کردەوە" (مانیفێستی کومۆنیست لاپەڕەی ١٧)... لەچ ڕێگەیەکەوە؟ لەرێگەی لەنێوبردنی رواڵەتی یان سست کردنی کۆت و بەندە پیشەییەکان و لەرێگەی گۆڕینی بەشێنەیی شێوەی دام و دەزگای ئیداری، دارایی و سەربازییەوە، ئەویش لەئاستێکدا کە پێویستە.

بەم پێیە ئەگەر بمانەوێ بەجێگای لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر مەسەلەکە بەشێوەی ئینتزاعی بیهێنینەوە گۆڕێ، دەتوانین لەبابەت پەیوەندییە چینایەتییەکانی رابردوودا پەڕینەوەیەکی یاسایی-ریفۆرمیستی پەتی لەکۆمەڵی دەرەبەگایەتیەوە بۆ کۆمەڵی سەرمایەداری بێنینە بەرچاو. پرسیار ئەوەیە لەکردەوەدا چی دەبینین؟ دەبینین کە لەوێشدا ریفۆرمی یاسایی نەبووە هۆی ئەوەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بۆرژواکانەوە رەت بکرێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئامادەکارییان بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەو دەسەڵاتە کرد. گۆڕانکارییەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی رووکەشی هەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی نیوەکۆیلەداری و هەم بۆ لەنێو بردنی فیۆدالیزم پێویست بوو.

بەڵام ئێستا بابەتەکان بەشێوەیەکی دیکە دێنە گۆڕێ. پرۆلیتاریا بەپێی هیچ یاسایەك ناچار نییە خۆی لەکۆت و بەندی سەرمایە رزگار بکات، بەڵکو بەهۆی پێویستی و بەو بۆنەوە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەدەستییەوە نییە ناچارە ئەو کارە بکات. هەڵبەت لەجیهاندا هیچ یاسایەك ناتوانێت لەچوارچێوەی کۆمەڵی بۆرژواییدا ئەو ئامرازانە بۆ پرۆلیتاریا بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەو ئامرازانە لەرێگەی هیچ یاسایەکەوە لێی زەوت نەکراوە، بەڵکو لەرێگەی گەشەی ئابوورییەوە لەدەستی دەرهێنراوە.

بێجگە لەوە، هەر بەمشێوەیە دەبینین چەوسانەوە لەناو پەیوەندییەکانی سیستەمی کرێگرتەشدا بە پێی یاسا بەڕێوەناچێت، چونکە ئاستی هەقدەستەکان بە پێی یاسا دیاری ناکرێت، بەڵکو هۆکارە ئابوورییەکان دیاریدەکەن. ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کەتەنانەت چەوسانەوە بە پشتبەستن بەیاسا بەڕێوەناچێت، بەڵکو بە پێی ئەو واقیعیەتە ئابوورییانەوەیە کە هێزی کار دەکاتە کالا. کالایەك کەهەموو تایبە تمەندییەکانی کالاکانی دیکەی هەیە. بێجگە لەوە ئەو تایبە تمەندییەشی هەیە کەبەها بەرهەم دێنێت و بەهایەکی زیاتر لە پێویستییەکانی کرێکار بەرهەم دێنێت، کە پێی دەڵێن زێدەبایی.

بەکورتی دەبێ بلێین دیموکراسی شتێکی چارەهەڵنەگرەو هەر دەبێ، ئەویش نەك بەو بۆنەوە کە پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە رەت دەکاتەوە، بەڵکو رێك بە پێچەوانەوە بەو بۆنەوە کە نەتەنها بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە دەکاتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر، بەڵکو مسۆگەریشی دەکات. کاتێك کەئەنگلس لە پێشەکییەکەیدا لەسەر کتێبی "خەباتی چینایەتی لەفەرەنسا" پێداچوونەوەی بەسەر تاکتیکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری مۆدێرندا کردو خەباتی یاسایی لەبەرانبەر وەرێخستنی باریکادەکان دانا، مەبەستی پێداچوونەوە بەسەر مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، بەڵکو مەبەستی خەباتی رۆژانەی نوێ بوو، ئەم بابەتە لەسەرانسەر پاراگرافەکانی ئەو پێشەکییەدا رەنگیداوەتەوە. مەبەستی ئەنگلس هەڵوێستی پرۆلیتاریا لەبەرانبەر دەوڵەتی سەرمایەداری لەکاتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبوو، بەڵکو هەڵوێستی ئەو لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەرمایەداریدا بوو. (واتە کاتێك کەتەوژمی شۆڕش لەئارادا نییە...و) بەکورتی ئەنگلس کۆمەڵێك پێشنیاری بە پرۆلیتاریای ژێر دەستە پێشکەش کردبوو، نەك بە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو.

لەلایەکی دیکەوە ئەو رستە بەناوبانگەی مارکس سەبارەت بەکێشەی زەوی لەبەریتانیا کە"بێرنێشتاین" زۆر پشتی پێدەبەستێت ("رەنگە بەکڕینی مڵك و دارایی ئاغاکان ئاسانتر سەرکەوین") ئاماژە بەهەڵوێستی پرۆلیتاریا لەدوای سەرکەوتن دەکات، نەك بەر لەوە. چونکە کاتێك مەسەلەی کڕینی زەوی لەچینە دەسەڵاتدارەکانی پێشوو دێتە گۆڕێ کەچینی کرێکار لەدەسەڵاتدا بێت. مەبەستی مارکس ئیمکانی داسەپاندنی هێمنانەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوو. مەبەستی ئەو بەهیچ شێوەیەك ئەوە نەبوو کەریفۆرمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بەجێگای ئەو دیکتاتۆرییە دابنێن.

پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە قەد لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە نەچووەتە ژێر پرسیار. بەلای بێرنێشتاینەوە تەنها دەواجینی پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی وەکو ناوەندێکی شیاو دەمێنێتەوەو

گوایە بەیارمەتی ئەو ناوەندە سامناکترین گۆڕانکاری مێژووی مرۆڤ، واتە پەڕینەوەی کۆمەڵگا لەشێوەی سەرمایەدارییەوە بۆ شێوەی سۆسیالیستی کامڵ دەبێت.

سەرەڕای ئەوە "بێرنێشتاین" بەترس و لەرز و دڵەڕاوکێ لە مەترسی بەدەستهێنانی نابەوەختی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە، تیۆرییەکەی خۆی دێنێتە گۆڕێ! بەواتایەکی دیکە "بێرنێشتاین" پێی وایە پرۆلیتاریا ئەرکی سەرشانیەتی لەبارودۆخی ئەمڕۆدا کۆمەڵگای بۆرژوایی وەلابنێت و تووشی شکستێکی سامناك بێت. دەرئەنجامی ئەو ترس و لەرزە ئەوەیە کە ئەگەر هەلومەرجەکە بەئاراستەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە بڕواتە پێش، تیۆری "بێرنێشتاین" تەنها یەك دەرئەنجامی "عەمەلی" لێ دەکەوێتەوە: بڕۆن بخەون. بەمشێوەیە ئەم تیۆرییە بانگ دەکرێت لەسەر خۆی قەزاوەت بکات. ئەمە ئەو روانگەیە کە لەهەستیارترین کات و ساتەکانی خەباتی پرۆلیتاریادا خەیانەت بەئامانجی پرۆلیتاریا دەکات و هەڵوێستێکی پاسیو دەگرێتە بەر.

راستییەکەی ئەوەیە کە بەرنامە ئەگەر لەهەموو پێشهاتەکان و لەهەموو ساتەوەختەکانی خەباتدا لەخزمەتماندا نەبێت و کاتێك بەکاری دەبەین (نەك بەکاری نابەین) یارمەتیدەرمان نەبێت، بێجگە لەقاقەزە دڕاوێك هیچی تر نییە. ئەگەر بەرنامەکەمان تەکامولی مێژوویی کۆمەڵگا لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزمی دارشتووە، دەبێ لەهەموو ئاراستەیەکی بنەڕەتیدا، لەهەموو قۆناغەکانی پەڕینەوەی ئەم تەکامولەداو لەئاکامدا لەهەموو ساتێکدا بتوانێت رێنیشاندەری پرۆلیتاریا بێت و بڵێت کام هەڵوێست دروستەو بۆ گەیشتن بەسۆسیالیزم دەبێ چ بکەین. بەگشتی بەو دەرئەنجامە دەگەین کە کاتی وا هەرگیز نایەتە پێشەوە کە پرۆلیتاریا بتوانێت بەرنامەکەی وەلابنێت یان بەرنامەکەی لەبیر بباتەوە.

ئەم بابەتە لەو راستییەدا خۆی دەنوێنێت کەهیچ کاتێك نییە پرۆلیتارییایەك کە بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرتووە، لەبارودۆخێکدا نەبێت یان لەبواری ئەخلاقییەوە ئەرکی سەر شانی نەبێت رێوشوێنێکی دیاریکراو، رێوشوێنێکی کاتی بەئاراستەی سۆسیالیزمداو بۆ وەدی هێنانی بەرنامەکەی بگرێتەبەر. لەپشت ئەو بۆچوونەدا کەپێی وایە بەرنامەی سۆسیالیستی دەتوانێت لەهەر ساتێك لەدەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریادا وەلا بنرێت و هیچ رێنمایەکیش بۆ وەدیهاتنی نەدرێت، ئەو باوەڕە خەوتووە کە بەرنامەی سۆسیالیستی بەگشتی و لەهەموو کات و ساتێکدا وەدی نایەت.

بەڵام ئەگەر رێوشوێنەکانی قۆناغی پەڕینەوە نابەوەخت بن، چ روو دەدات؟ ئەم پرسیارە یەك دنیا خراپ تێگەیشتن لەئاراستەی راستەقینەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تێدایە.

بەر لەهەر شتێك دەبێ بڵێین کە دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەلایەن پرۆلیتاریاوە، واتە چینێکی گەورەی جەماوەری بەشێوەی ساختەو دەستکرد بەڕێوەناچێت. پێویستە پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان تا رادەیەکی دیاریکراو بەلوتکە گەیشتبێت (بێجگە لەهەندێك بابەتی وەکو کۆمۆنی پاریس کەدەسەڵات لەدوای خەباتێکی وشیارانەو بەرنامەبۆدارێژراو بەدەست نەهات، بەڵکو کاتێك کەهەمووان جڵەویان وێڵ کردبوو کەوتە دەست پرۆلیتاریا). لێرەدا لەنێوان کودەتای بلانکیستی لەلایەن "کەمینەیەکی شێلگیر" کە گوایە لەهەر کات و ساتێکدا دەتوانن وەکو گولەی چەك (هەر بەم بۆنەشەوە نابەوەخت) بتەقێن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کۆمەڵانی بەرین و وشیاردا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەم جەماوەرە تەنها دەتوانێت بەرهەمی دەستپێکی هەرەسهێنانی کۆمەڵگای بۆرژوایی بێت. هەر بەم بۆنەشەوە کاتێك کەرەوایی ئابووری سیاسی سەرمایەداری دەچێتە ژێر پرسیار، ئەمان سەرهەڵدەدەن.

بەم پێیە، ئەگەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە لەبواری پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە "نابەوەخت" روو نەدات، لەروانگەی کاریگەری سیاسییەوە (پاراستنی دەسەڵات) "نابەوەخت" دەبێت. گوایە شۆڕشی نابەوەخت کەخەونی لە"بێرنێشتاین" زراندووە، وەکو شمشێری داموکلیس [17] لەبان سەرمانەوە دەسووڕێتەوەو هەڕەشەمان لێ دەکات. لەرانبەردا نە دووعاو نە پاڕانەوەو لاڵانەوە، نە ترس و نە دڵەڕاوکێ کاریگەر نییە. ئەمە بە دوو هۆکاری زۆر سادەوەیە.

لەقۆناغی یەکەمدا ئەو بۆچوونە کە گۆڕانکارییەکی گەورەی وەکو پەڕینەوە لەکۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەناکاو و بە زەربەیەکی سەرکەوتووانەی پرۆلیتاریا وەدی بێت، خەیاڵی خاوە. بەمسۆگەر زانینی ئەم بۆچوونە بەمانای ئەوەیە بگەڕینەوە بۆ تێگەیشتنی بلانکیستی پەتی. پێشەکی پێکهێنانی گۆڕانکاری سۆسیالیستی خەباتێکی درێژماوەو شێلگیرانەیە. ئەگەری زۆری هەیە لەو خەباتەدا پرۆلیتاریا بۆ چەندین و چەندجار پاشەکشەی پێ بکرێت، بەجۆرێك کە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە بۆ یەکەمین جار "نابەوەخت" لەقەڵەم بدرێ.

---

[17] "شمشێری داموکلیس" کە لەئەدبیاتی ئەورووپیدا زۆر بەکار دەبرێت، بەواتای هەنگوێنێکە کە ژاری پێوەیە، واتە بەختەوەرییەك کەهەمیشە لەلایەن مەترسییەکەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت. چیرۆکی ئەوەیکە ئەم دەستەواژەیە هاتە نێو ئەدەبیاتەوە بەمجۆرەیە: دیونی سیوسی دووهەم ( ٣٩٢–٣٣٧ی بەر لەزایین)، پاشای سیراکوس (ویلایەتی رۆژهەڵاتی دوورگەی سیسیل) خزمەتکارێکی دەربارەکەی بەناوی داموکلیسی لەژێر شمشێرێکدا دانا کە بەتاڵێك یالی ئەسپەوە گرێی خواردبوو و باشترین خۆراکەکان و خواردنەوەکانی خستە بەردەست. و

سەرەڕای ئەوە، لەقۆناغی یەکەمدا خۆبوواردن لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی "بەشێوەی نابەوەخت" ئیمکانی نییە، چونکە ئەم هێرشە "نابەوەخت"انەی پرۆلیتاریا هۆکار و لەراستیدا هۆکارێکی زۆر گرینگ دەبێت کەبوار بۆ سەرکەوتنی کۆتایی خۆش دەکات. پرۆلیتاریا لەکاتی قەیرانی سیاسیدا کە پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دێنێتە کایەوە، لەنێو ئاگری خەباتی درێژماوەو سەرسەختانەدا بەئاستێك لەوشیاری سیاسی دەگات کەرێگای ئەوەی پێ دەدات شۆڕش بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری ببات. بەمشێوەیە دەبینین کە ئەم هێرشە "نابەوەختانە"ی پرۆلیتاریا بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی هەندێك خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی تێدایە کە سەرکەوتنی یەکجاری لێدەکەوێتەوەو چارەنووسەکەی دیاریدەکات. ئەگەر لەم روانگەیەوە بابەتەکە لێکبدەینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کەبیرۆکەی بەدەستەوەگرتنی "نابەوەختی" دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی زەحمەتکێش ئەندێشەیەکی پووچی سیاسییە کە بەهۆی تێگەیشتنی میکانیکی لەگەشەی کۆمەڵایەتی هاتووەتە ئاراوەو بۆ سەرکەوتن لەخەباتی چینایەتیدا کاتێك دیاریدەکات کە لەدەرەوەو سەربەخۆ لەو خەباتە چینایەتییە دیاریکراوە.

بەهۆی ئەوەیکە پرۆلیتاریا لەبارودۆخێکدا نییە بتوانێت بەهیچ شێوەیەکی دیکە بێجگە لەشێوەی "نابەوەخت" دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت، بەهۆی ئەوەیکە پرۆلیتاریا بەر لەوەی بتوانێت دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات ناچارە یەك یان چەند جار "بەشێوەی نابەوەخت" دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، دژایەتی کردن لەگەڵ بەدەستهێنانی "نابەوەخت"ی دەسەڵات بێجگە لەدژایەتی گشتی لەگەڵ خواستی پرۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات هیچی تر نییە.

هەروەك چۆن هەموو رێگایەك بەرۆم دەگات، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە پێشنیاری رێویزیۆنیستانە بۆ وەلانانی ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم تەنها بەمانای چاوپۆشی کردن لەبزووتنەوەی سۆسیالیستییەو هیچی تر. (ئەو پێشنیارەی رێویزیۆنیزم بەسۆسیال دیموکراسی سەبارەت بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی کە"برۆن بخەون" بەمانای ئەوەیە: برۆن بۆ هەتاهەتایە بخەون، واتە خەباتی چینایەتی بەجێ بێڵن. (با سەرمایە بەباوی دڵی خۆی رەمبازێن بکات.و)

## لێکهەڵوەشان

"بێرنێشتاین" بەوەلانانی تیۆری لێکهەڵوەشانی سەرمایەداری دەستی دایە پێداچوونەوە بەسەر سۆسیال دیموکراسیدا. بەڵام ئەم تیۆرییە بەردی بناغەی سۆسیالیزمی زانستییە. ئەگەر "بێرنێشتاین" دەیەوێ بەردی بناغەی

سۆسیالیزمی زانستی لاببات، دەبێ سەرجەم دۆکترینی سۆسیالیستی وەلابنێت. ئەو لەقسەو باسەکانیدا یەك لەدوای یەك هەڵوێستەکانی سۆسیالیزم رەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت باوەڕی یەکەمی خۆی بسەلمێنێت.

بەبێ لێکهەڵوەشانی سەرمایەداری، زەوت کردنی خاوەندارێتی لەچینی سەرمایەدار ئیمکانی نییە. هەر بەم بۆنەشەوە "بێرنێشتاین" زەوت کردنی خاوەندارێتی رەت دەکاتەوەو وەدی هاتنی بەشێنەیی "بنەمای هاوبەشێتی" وەکو ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری دیاریدەکات. بەم پێیە، "بێرنێشتاین" کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمهێنان رەت دەکاتەوەو پێشنیار دەکات لەبازرگانیدا ریفۆرم پێکبهێنرێت و تەعاونییەکانی بەکارهێنەران پەرەپێ بدرێت.

هەڵبەت پێکهێنانی گۆڕانکاری لەرێگەی تەعاونییەکانی بەکارهێنەرانەوە (تەنانەت لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییەکان بێتە ئاراوە) لەگەڵ گەشەی مادی کۆمەڵگای سەرمایەداری نایەتەوە. بەم پێیە، "بێرنێشتاین" تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو وەلادەنێت. بەڵام بۆچوونی ئەو بەئاراستەی تەکامولی ئابووری لەگەڵ تیۆری مارکسیستی زێدەبایی ناتەبایە. هەر بەم بۆنەشەوە "بێرنێشتاین" تیۆری بەهاو زێدەبایی و لەو رێگەیەوە سەرجەم تیۆری ئابووری کارڵ مارکس رەت دەکاتەوە.

بەڵام خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لەکۆمەڵگا بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو و بەبێ بناغەیەکی ئابووری بەرێوەناچێت. هەر بەم بۆنەشەوە "بێرنێشتاین" خەباتی چینایەتی رەت دەکاتەوەو ئاشتی لەگەڵ لیبراڵیزمی بۆرژوایی رادەگەیەنێت.

بەڵام خەباتی چینایەتی لەکۆمەڵگای چینایەتیدا دیاردەیەکی زۆر سروشتی و چارەهەڵنەگرە. هەر بەم بۆنەشەوە "بێرنێشتاین" تەنانەت بوونی چینەکان لەکۆمەڵگا دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو پێی وایە چینی کرێکار جەماوەرێکن کە نە تەنها لەبواری سیاسی و فیکرییەوە، بەڵکو لەبواری ئابووریشەوە دابەش کراون. بەپێی بۆچوونی ئەو، بۆرژوازی نەك بەپێی قازانج و بەرژەوەندی ئابووری دەرونی، بەڵکو بەهۆی گوشاری دەرەکی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) لەبواری سیاسییەوە رێکخراو بووە.

بەڵام ئەگەر بناغەیەکی ئابووری بۆ خەباتی چینایەتی وجوودی نییەو ئەگەر چینێك لەئارادا نییە، نە تەنها خەباتی داهاتوو، بەڵکو تەنانەت خەباتی رابردووی پرۆلیتاریا لەدژی بۆرژوازی مەحاڵەو سۆسیال دیموکراسی و سەرکەوتنەکانی هیچ واتایەکیان نابێت، ئەگەریش واتایەکیان هەبێت هەر بەم شێوەیە تەنها ئاکامی گوشاری سیاسی حکومەت دەبێت. ئەمە بەو واتایە دەرئەنجامی سروشتی تەکامولی مێژوویی نین، بەڵکو دەرئەنجامی

بەهەڵکەوتی سیاسەتی خانەدانی "هۆهێن زۆلێرن[18]"ن، ئەم سەرکەوتنانە منداڵی ڕەوای کۆمەڵگای سەرمایەداری نین، بەڵکو منداڵی ناڕەوای کۆنە پەرەستین. "بێرنێشتاین" بەمشێوەیە بەلۆژیکی بیرازکراوی خۆیەوە لەتێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژووەوە بەروانگەی "فرانکفۆرتێر سایتۆنگ" و "فۆسیشە سایتۆنگ"[19] دەگات.

دوای ڕەتکردنەوەی تێکڕای ڕەخنەی سۆسیالیستی لەکۆمەڵگای سەرمایەداری تەنها یەك شت دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیەکە ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لەئارادایە بەگشتی ڕەزایەتبەخشە. "بێرنێشتاین" لەم بابەتەشەوە هەر ئەو مێتۆدەی بەکار دەبات. لەناکاو تێدەگات کە لەئێستادا کۆنە پەرەستی لەئاڵمان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەهێز نییەو "ئەمڕۆکە لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا کۆنە پەرەستی سیاسی نابینین" و لەگشت وڵاتانی ڕۆژئاواییدا "تێڕوانینی چینە بۆرژواکان بەرانبەر بەبزووتنەوەی سۆسیالیستی لانیزۆر بەرگریکارانەیەو سەرکوتگەرانە نییە" ("فۆروێرتێس"، ٢٦ی مارسی ١٨٩٩). بارودۆخی کرێکاران نە تەنها خراپتر نەبووە، بەڵکو باشتریش بووە. بۆرژوازی لەبواری سیاسییەوە پێشکەوتنخوازەو تەنانەت لەبواری ئەخلاقییەوە پاك و بێ گەردە. لەگەڵ کۆنە پەرەستی یان سەرکوت بەرەوڕوو نین و لەباشترین جیهانیشدا دۆخەکە لەوە باشتر نابێت...

بەمشێوەیە دەبینین کە"بێرنێشتاین" یەك لەدوای یەك ڕێگای لۆژیکی خۆی دەپێوێت. ئەو بەوەلانانی ئامانجی کۆتایی بەقازانجی بزووتنەوە دەستیپێکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە هیچ بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی بەبێ ئامانجی سۆسیالیستی ناتوانێت بوونی هەبێت، بزووتنەوەش ڕەت دەکاتەوە.

بەمشێوەیە دەبینین کەتێگەیشتنی "بێرنێشتاین" لەسۆسیالیزم بەگشتی دادەڕمێت. لەبۆچوونی ئەودا، پێکهاتەی شکۆدار و مەزنی سیستەمی مارکسیستی دەبێتە کۆگایەك زبڵ کە پاشماوەکانی گشت سیستەمەکان، ئەو بەشانە لەئەندێشەی مرۆڤە بەرجەستەو سووکەکان گۆڕێکی هاوبەش پەیدا دەکەن. مارکس و پرۆدۆن، لیۆن فۆن بۆخ و فرانتس ئۆپینهایم، فریدریش ئالبێرت لانگەو کانت[20]، پرۆکۆپویچ و دوکتور ڕەیتر فۆن نۆی پاوێر، هێرکنێر و شۆڵتز-گاونیتز[21]، لاساڵ و پرۆفیسۆر یولیوس ڤۆڵف[22]، هەموو ئەمانە لەسیستەمی بێرنێشتایندا ڕۆڵیان هەیەو لەهەر کامەیان شتێك هەڵدەگرێت. شەلەم شۆرباوێکە کەهەر مەپرسە. هەڵبەت ئەمە سەیر نییە، چونکە کاتێك کەروانگەی چینایەتی وەلادەنێت، ئاسۆی سیاسیشی لەدەست دەدات، کاتێك کەسۆسیالیزمی زانستی وەلادەنێت،

---

[18] Hohenzollern

[19] Frankfurter Zeitung. Vossische Zcitung

[20] Leon von Buch, Franz Oppenheimer, Friedrich Albert Lange, Kant

[21] Herr Prokovich, Dr. Ritter von Nwupauer, Herkner, Shulze-Gaevenitz

[22] Lassale, Professor Julius Qolf

تەوەری ئەو رەنگدانەوە فیکرییانە لەدەست دەدات کە بەدەوری ئەو هەقیقەتەوە لەگشتێکی ئۆرگانیك لە تێگەیشتنێکی یەکپارچە لەجیهاندا کۆ دەبنەوە.

لەسەرەتادا وادێتە بەرچاو کەدۆکترینەکەی ئەو کە لەتێکەڵاوێك لەبەشەکانی هەموو سیستەمەکان پێکهاتووە، لەهەر چەشنە پێشداوەری و قەزاوەتێك بەدوورە. "بێرنێشتاین" حەز ناکات قسە لە"زانستی لایەنگر" یان بەواتایەکی دیکە زانستی چینایەتی بکات، هەر بەو رادەیە کەحەز ناکات باسی لیبراڵیزمی چینایەتی یان ئەخلاقی چینایەتی بکات. ئەو پێی وایە لەدەربڕینی زانستی ئینتزاعی مرۆڤی گشتی، لیبراڵیزمی ئینتزاعی و ئەخلاقی ئینتزاعیدا سەرکەوتوو بووە. بەڵام بەهۆی ئەوەیکە کۆمەڵگا لەو چینانە پێکهاتووە کەقازانج و بەرژەوەندی، خواست و تێگەیشتنیان بەتەواوی نەیاری یەکترینە، زانستی مرۆیی گشتی لەکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا یان لیبراڵیزمی ئینتزاعی و ئەخلاقیاتی ئینتزاعی بێجگە لەخۆشباوەڕییەکی ساوێلکانە هیچی تر نییە. ئەوەی "بێرنێشتاین" بەزانستی گشتی، دیموکراسی و ئەخلاقی دەزانێت، تەنها زانستی زاڵ، دیموکراسی زاڵ و ئەخلاقی زاڵ، واتە زانستی بۆرژوایی، دیموکراسی بۆرژوایی و ئەخلاقی بۆرژواییە.

کاتێك کەبێرنێشتاین سیستەمی ئابووری مارکسیستی رەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی سوێند بەفێرکارییەکانی بێرنتانۆ، بوهێم-جونز، سەو یولیوس ڤۆڵف بخوات، ئایا تەنها بناغەی زانستی رزگاری چینی کرێکار لانابات و پاساوەکانی بۆرژوازی بەجێگای دانانێت؟ کاتێك کە باس لەگەوهەری جیهانداگری مرۆیی لیبراڵیزم دەکات و سۆسیالیزم بۆ جۆرێك سەرمایەداری دادەشکێنێت، ئایا تەنها کارێك کەدەیکات ئەوە نییە کەبزووتنەوەی سۆسیالیستی لەناوەرۆکی چینایەتی و مێژوویی و بەگشتی لەهەر چەشنە ناوەرۆکێك بێبەش دەکات و لەهەمان کاتدا بە پێچەوانەیەوە، هەڵگری مێژوویی لیبراڵیزم، واتە بۆرژوازی دەکاتە ئاڵاهەڵگری بەرژەوەندی جیهانداگری مرۆڤەکان؟

کاتێك کە"گەشەکردنی فاکتەرە مادییەکان هەتا ئاستی هێزێکی بەهێزی تەکامول" مەحکوم دەکات، کاتێك بەرانبەر بە"سووك ئەژمارکردنی ئارمان" لەسۆسیال دیموکراسی نارەزایی دەردەبڕێت، کاتێك کە بەئەرکی خۆی دەزانێت لەئایدیالیزم و ئەخلاق دیفاع بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرانبەر بەتاقە سەرچاوەی نوێبوونەوەی ئەخلاقی پرۆلیتاریا، واتە خەباتی چینایەتی نارەزایی دەردەبڕێت، لەکردەوەدا بێجگە لەوەیکە بۆ چینی کرێکار باسی گەوهەری ئەخلاقی بۆرژوازی دەکات چ دەکات، واتە باسی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەم سیستەمەو گواستنەوەی هیواکانی پرۆلیتاریا بۆ ئەودیوی جیهانی ئارمانی-ئەخلاقی؟

لەراستیدا کاتێك کەچزێنەرترین گولەکانی خۆی بەرەو دیالیکتیك دەهاوێژێت، بەشێوەیەکی تایبەتی هێرش دەکاتە سەر بیروباوەڕی پرۆلیتاریا کە لەوشیاری چینایەتی بەرهەمەندە. ئایا دیالیکتیك هەر ئەو شمشێرە نییە

کەیارمەتی بە پرۆلیتاریا دەدات تاریکی داهاتووی مێژوو هەڵدڕێ، ئایا دیالیکتیك هەر ئەو تیشکە نییە کە دەهاوێژرێ بۆ ئەوەی داهاتووی مێژووی پرۆلیتاریا رووناك بکاتەوە، چەکێکی فیکری نییە کە ئەو توانایییە بە پرۆلیتاریای کۆت و بەندکراو دەبەخشێت کە بەسەر بۆرژوازیدا سەربکەوێ و خەسڵەتی کاتی خۆی بۆرژوازی دەسەلمێنێ و چارەهەڵنەگربوونی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا نیشان دەدات؟ ئایا دیالیکتیك لەبواری ئەندێشەدا شۆڕشێکی پێکنەهێناوە؟ "بێرنێشتاین" بەوەلانانی دیالیکتیك و پەنابردن بۆ هەلەق و مەلەقی فیکری "لەلایکەوە- لەلایەکی دیکەوە"، "بەڵێ-بەڵام"، "ئەگەرچی-بەڵام"، "کەم-زۆر"، دەخزێتە ناو ئەو شێوە بەرتەسکە مێژووییەی بۆرژوازی کەخەریکە دەفەوتێت، شێوەیەك لەبیر و باوەڕ کە رەنگدانەوەی فیکری بوونی کۆمەڵایەتی و هەڵسووڕانی سیاسییە. "لەلایەکەوە- لەلایەکی دیکەوە"، "بەڵێ-بەڵام"ی سیاسی بۆرژوازی ئەمڕۆ رێك وەکو شێوەی بیرکردنەوەی "بێرنێشتاین" وایە. ئەمە بەرچاوترین و بێ ئەملاولاترین نیشانەی تێگەیشتنی بۆرژواییانەی ئەو لەجیهانە.

بەڵام وشەی "بۆرژوا" بۆ "بێرنێشتاین" رەنگدانەوەی چینایەتی نییە، بەڵکو چەمکێکی کۆمەڵایەتی گشتییە. "بێرنێشتاین" لەرەوتی لۆژیکی خۆیدا زمانی مێژوویی پرۆلیتاریای وێڕای زانست، سیاسەت، ئەخلاق و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو چینە لەگەڵ زمانی بۆرژوایی گۆڕیوە. کاتێك کەهیچ جیاوازییەك لەنێوان دەستەواژەی "هاوڵاتی" نابینێت و بۆ ئاماژەکردن بەبۆرژوازی و پرۆلیتاریا بەکاری دەبات، لەراستیدا مرۆڤ لەگەڵ بۆرژوازی و کۆمەڵی بۆرژوایی لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆیی بەیەکسان دەزانێت.

(ئەگەر لەسەرەتای باسەکە لەگەڵ بێرنێشتایندا هێشتا ئەو هیوایە هەبوو بتوانین بەقەناعەتی بگەیەنین و بەهۆکارهێنانەوە لەجبەخانەی زانستی سۆسیال دیموکراسی بۆ نێو بزووتنەوەکەی بگەڕێنینەوە، ئێستا ئیتر دەبێ یەکسەر وێڵی بکەین. ئێستا ئیتر وشەکانی هاوشێوەی یەکتری و چەمکەکانی دیکە راستییەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوە بۆ هەر دوو لایەن باس ناکەن. مەناقەشە لەگەڵ "بێرنێشتاین" بووەتە مەناقەشەی دوو جیهانبینی، مەناقەشەی دوو چین، دوو شێوەی کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆکە "بێرنێشتاین" و سۆسیال دیموکراسی لەدوو زەوی بەتەواوەتی جیاوازدا بەرەورووی یەکترین وەستاونەتەوە.)

## ئۆپۆرتۆنیزم لەتیۆری و پراتیکدا

کتێبی "بێرنێشتاین" گرینگییەکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری ئاڵمانو جیهان هەیە. ئەمە یەکەم هەوڵی لایەنە ئۆپۆرتۆنیستییەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی بۆ پێکهێنانی بناغەیەکی تیۆریکە.

ئەگەر خۆدەرخستنی وەرزی رەوتە ئۆپۆڕتۆنیستییەکان بۆ وێنە کێشەی بەناوبانگی سەرپۆشی هەڵم لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێ دەمێکە لەنێو بزووتنەوەکەماندا رەوتە ئۆپۆڕتۆنیستییەکان پەیدا بوون، بەڵام تەنها لەسەرەتای دەیەی ۱۸۹۰داو پاش هەڵوەشانەوەی یاسای دژەسۆسیالیستی و کرانەوەی بواری یاسایی رەوتێکی ئۆپۆڕتۆنیستی بەراشکاوی خۆی دەرخست. "سۆسیالیزمی دەوڵەتی" فۆلمار، دەنگدان بەبوودجەی ویلایەتی باواریا، "سۆسیالیزمی کشتوکاڵی" ئاڵمانی باشوور، سیاسەتی غەرامەی گینە، هەڵوێستی شیپڵ سەبارەت بەگومریك و میلیتاریزم لەگەشەی پراتیکی ئۆپۆڕتۆنیستیدا خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بەئەژمار دێن.

تایبەتمەندی رووالەتی ئەم کردەوانە چییە؟ دوژمنایەتی لەگەڵ "تیۆری". ئەمە زۆر قابلی دەرکە، چونکە "تیۆری"یەکەمان، واتە بنەماکانی سۆسیالیزمی زانستی رێگای دیاریکراو بۆ هەڵسووڕانی عەمەلی (سەبارەت بەئامانجەکانی ئەم هەڵسووڕانە، ئەو ئامرازانەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە بەکاری دەبرێن و رێگای خەبات) دیاریدەکات. هەر بەم بۆنەشەوە زۆر ئاساییە کەسانێك کەتەنها بەدوای ئاکامی هەنووکەییەوەن، بیانەوێ خۆیان لەم کۆت و بەندە رزگار بکەن، واتە پراتیکی خۆیان لە"تیۆری" جیا بکەنەوە.

بەڵام ئەم تیۆرییە لەهەر هەوڵێکی پراتیکدا بێ ئاکام ماوەتەوە. سۆسیالیزمی دەوڵەتی، سۆسیالیزمی کشتوکاڵ، سیاسەتی قەرەبووکردنەوە، کێشەی هێزی سەربازی، هەموو ئەمانە باس لەشکستی ئۆپۆڕتۆنیزم دەکەن. ئاشکرایە ئەگەر ئەم رەوتە بیەوێت لەبەرانبەر پرەنسیپەکانی ئێمەدا سەر بەرز بکاتەوە، دەبێ بەجێگایەك بگات کەهێرش بکاتە سەر تیۆری و پرەنسیپەکان و بەجێگای ئەوەی لەبەرچاویان نەگرێت لەناویان ببات و بەردی بناغەی تیۆری خۆی بونیات بنێت. کتێبەکەی "بێرنێشتاین" هەوڵێکە بەم ئاراستەیەدا. هەر بەم بۆنەشەوەیە کە لەکۆنگرەی حیزب لەئیشتووتکارت (لەساڵی ۱۸۹۸) ئۆپۆڕتۆنیستەکانی ناو حیزبەکەمان دەستبەجێ لەژێر ئاڵای بێرنێشتایندا کۆبوونەوە. ئەگەر لەلایەکەوە رەوتە ئۆپۆڕتۆنیستییەکان لەهەڵسووڕانی عەمەلی خۆیاندا یەکسەر دیاردەیەکی سروشتین و دەتوانین لەژێر تیشکی بارودۆخی هەڵسووڕانی ئەمڕۆمان و گەشەی ئەو هەڵسووڕانەدا شی بکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە تیۆری "بێرنێشتاین" هەوڵێکی سروشتی دیکەیە بۆ رێکخستنی ئەم رەوتانە لەدەوری تیۆرییەکی یەکپارچەدا کە پێش مەرجە تایبەتییە تیۆریەکانی خۆیان دەدۆزنەوەو پەیوەندی خۆیان لەگەڵ سۆسیالیزمی زانستی دەپچڕێنن. تیۆری "بێرنێشتاین" لەو شێوەیەدا کوانوویەکی تاقیکردنەوەی تیۆری ئۆپۆڕتۆنیزم و یەکەمین هەوڵ بۆ دۆزینەوەی رەوایی زانستی لەقەڵەم دەدرێت.

ئۆپۆڕتۆنیزم لەکوانووی تاقیکردنەوەدا چۆن هاتەدەر؟ بەچاوی خۆمان دەرئەنجامەکانمان بینی. ئۆپۆڕتۆنیزم ناتوانێت تیۆرییەکی ئیجابی پێکبهێنێت کە لەبەرانبەر رەخنەی توندوتۆڵی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕدا

خۆڕاگری بکات. تەنها دەتوانێت بەدانە دانە هێرش بکاتە سەر تێزە جۆراوجۆرەکانی دۆکترینی مارکسیستی و بەهۆی ئەوەیکە دۆکترینی مارکسیستی لەسەر بناغەیەکی پتەو و قایم بونیات نراوە، سەرجەم ئەو سیستەمە لەبناغەوە تا نووك وێران بکات. ئەوە نیشانی دەدات کە پڕاتیکی ئۆپۆرتۆنیستی لەگەوهەر و پایەکانیدا لەگەڵ مارکسیزم ناتەبایە.

بەڵام بەمشێوەیە نیشانی دەدات کەئۆپۆرتۆنیزم لەگەڵ سۆسیالیزم بەگشتی ناتەبایەو مەیلی دەرونی ئۆپۆرتۆنیزم ئەوەیە کەبزووتنەوەی کرێکاری بەرەو ڕێگای بۆرژوازی ببات، واتە خەباتی چینایەتی پڕۆلیتێری بەتەواوەتی پەك بخات.

ئەگەر لەبواری مێژووییەوە بۆ خەباتی چینایەتی پڕۆلیتێری بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کەخەباتی چینایەتی و مارکسیزم پێ بە پێی یەکترین پەیدا نەبوون. بەر لەمارکسیزم بزووتنەوەی کرێکاری و سیستەمی سۆسیالیستی جۆراوجۆر هەبوو کە هەر کامەیان بە پێی پێویستی سەردەم بەشێوەی خۆی ڕەنگدانەوەی خەباتی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری لەتیۆریدا بوون. دامەزراندنی سۆسیالیزم لەسەر چەمکی ئەخلاقی وەکو داد پەروەری، خەبات لەدژی شێوەی دابەشکردنی کالا (بەجێگای خەبات لەدژی شێوەی بەرهەمهێنان)، تێگەیشتن لەخەباتی چینایەتی وەکو ناکۆکی نێوان هەژار و دەوڵەمەند (بەجێگای ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە)، هەوڵدان بۆ لکاندنی "بنەمای هاوبەشێتی" بەئابووری سەرمایەداری، هەموو ئەمانە ئەو شتانەن کە لەسیستەمی بێرنێشتایندا دەیبینینەوەو بەر لەویش بووە. ئەم تیۆرییانە سەرەڕای کەم و کورتییەکانیان، لەسەردەمی خۆیاندا هێزی بزوێنەری خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا بوون. ئەمانە پێڵاوی منداڵانەی سەردەمی منداڵی پڕۆلیتاریا بوون. پڕۆلیتاریا بەو پێڵاوە گەورانە توانی پێبگرێت و لەساحەی مێژوودا ڕێپێوان بکات.

بەڵام لەدوای ئەوەی خەباتی چینایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو خەباتە ئەوەندە گەشەی کرد کەبووە هۆی ئەوەی (لانیکەم لەئاڵمان) ئەم تیۆرییانە وەلابنرێت و بنەماکانی سۆسیالیزمی زانستی دابڕێژرێت، ئیتر سۆسیالیزمێك لەدەرەوەی سۆسیالیزمی مارکسیستی و خەباتێکی چینایەتی لەدەرەوەی خەباتی سۆسیال دیموکراسی وجوودی نییە. لەوەبەولاوە سۆسیالیزم و مارکسیزم، خەباتی پڕۆلیتاریا بۆ ڕزگاری و سۆسیال دیموکراسی یەکسانن. بەم پێیە، ئەمڕۆ ئیتر گەڕانەوە بۆ تیۆرییەکانی بەر لەمارکس تەنها بەمانای گەڕانەوە بۆ پێڵاوەکانی سەردەمی منداڵی پڕۆلیتاریایە. تەنها ئەوەش نییە، ئەمە گەڕانەوە بۆ سەرپاییە شل و شۆڵ و بەکارهاتووەکانی بۆرژوازییە.

تیۆری "بێرنێشتاین" یەکەمین و لەهەمان کاتدا دوایین هەوڵ بۆ دانانی ئۆپۆرتۆنیزم لەسەر بناغەیەکی تیۆریك بوو. بەم بۆنەوە دەڵێین "دوایین" هەوڵ، چونکە ئۆپۆرتۆنیزم لەسیستەمی بێرنێشتایندا تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرا

چووەتە پێشەوە (چ بەشێوەی سەلبی لەرێگەی رەتکردنەوەی سۆسیالیزمی زانستی و چ بەشێوەی ئیجابی لەرێگەی تێکەڵکردنی بەشە شپرزەکانی ئەو تیۆرییە) و ئیتر کارێکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە. ئۆپۆرتۆنیزم بەکتێبەکەی "بێرنێشتاین" ئیتر لەبواری تیۆرییەوە بەتەواوەتی تەکامولی پەیدا کردووە (هەر بەو جۆرەی کەتەکامولی ئەو تیۆرییە لە پراتیکدا لەهەڵوێستەکانی شیپڵ سەبارەت بەکێشەی میلیتاریزمدا تەواو بووە) و بەدوا ئەنجامەکانی خۆی گەیشتووە.

دۆکترینی مارکسی نە تەنها دەتوانێت لەبواری تیۆرییەوە ئۆرتۆنیزم رەت بکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت ئۆپۆرتۆنیزم وەکو دیاردەیەکی مێژوویی لەرەوتی تەکامولی حیزبدا روون بکاتەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە پێشڕەوی مێژوویی– جیهانی پرۆلیتاریا بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری "کارێکی سادە" نییە. (بەواتایەکی دیکە رێگای سۆسیالیزم وەکو شەقامەکانی پێترۆگراد سەنگفەرش نەکراوە. لێنین) خەسڵەتی داهێنەرانەی ئەم بزووتنەوەیە لەوەدایە کە بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا جەماوەری خەڵك لەدژایەتی لەگەڵ چینە دەسەڵاتدارەکان ئیرادەی خۆیان دەسەپێنن.
جەماوەر تەنها دەتوانن لەرەوتی خەباتی بەردەوام لەدژی سیستەمی سەرمایەداری و تەنها لەو چوارچێوەیەدا (واتە خەباتی دژە سەرمایەداری) ئەو ئیرادەیە شکڵ پێ بدەن. یەکگرتنی جەماوەری هەرەزۆری خەڵك بەئامانجی واوەترچوون لە سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بەگشتی، یەکگرتنی خەباتی رۆژانە بۆ گۆڕینی ریشەیی جیهان، واتە بەجێگەیاندنی ئەرکی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتیك دەبێ لەجادەی تەکامولیدا لەنێوان دوو خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی مەترسیداردا، واتە وەلانانی خەسڵەتی جەماوەری یان وەلانانی ئامانجی کۆتایی، خزانە نێو سیکتاریزم یان خزانە نێو ریفۆرمی بۆرژوایی، ئانارشیزم یان ئۆپۆرتۆنیزم بپەڕێتەوە.

بەدڵنیاییەوە نیوسەدە لەوەپێش جبەخانەی دۆکترینی تیۆری مارکسیستی چەك و چۆڵی کاریگەری لەدژی ئەو توندرەوییە ئامادە کردووە. بەڵام بەهۆی ئەوەیکە بزووتنەوەکەمان بزووتنەوەیەکی جەماوەرییەو ئەو مەترسییانەی هەڕەشەی لێ دەکات مەترسییەك نییە کە لەمێشکی مرۆڤەوە رژابێتە دەرەوە، بەڵکو بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتییە، دۆکترینی مارکسیستی ناتوانێت پێشوەخت و جارێك بۆ هەتاهەتایە واکسەنێکمان پێشکەش بکات و لەبەرانبەر لادانی ئانارشیستی و ئۆپۆرتۆنیستیدا گەرەنتیمان بکات. کاتێك ئەم لادانانە دەبنە پراتیك، تەنها لەرێگەی بزووتنەوەکەوە دەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین، هەڵبەت بەیارمەتی ئەو چەکانەی مارکس بۆی داناوین. سۆسیال دیموکراسی پێشتر بەسەر مەترسی بچووکتری وەکو مەیلی منداڵانەی ئانارشیستی زاڵ بووە. لەئێستادا لەرەوتی زاڵبوون بەسەر مەترسییەکی گەورەتر، واتە نەخۆشی ئۆپۆرتۆنیستیدایە.

بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری لەم چەند ساڵەی دواییداو ئاڵۆزکاوتربوونی هەلومەرج و ئەو ئامانجەی خەباتی بۆ دەکرێت، ئاشکرایە کاتێك دەگات کەگەیشتن بەئامانجی کۆتایی و لایەنی تیۆری بزووتنەوە لەگەڵ شك و گومان بەرەورووو دەبێتەوە. بزووتنەوەی مەزنی پرۆلیتێری تەنها بەوشێوەیە دەتوانێت و دەبێ بەرەو پێش بچێت. کات و ساتی گومان و ڕاڕایی بۆ دۆکترینی مارکسیستی سەیر نییە. مارکس زیاتر لەنیو سەدە لەوەپێش ئەو بابەتەی پێشبینی کردبوو:

مارکس نیوسەدە لەوەپێش لەکتێبی "هەژدەهەمی برومێر، لویی بوناپارت"دا نووسی: "شۆڕشە بۆرژواییەکان، لەجۆری شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەم بەخێرایی لەسەرکەوتنێکەوە بەسەرکەوتنێکی دیکە دەگەن. ئاکامە دراماتیکەکانی هەرکام لەم شۆڕشانە زیاتر لەوی دیکەیانە. مرۆڤەکان و شتومەکەکان نوقمی تیشك و ئاگرن و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەخۆیان دەردەچن. بەڵام هەموو ئەمانە دەوامی نییەو زۆری پێناچێت کە ئەم هەراو هوریا بەلوتکەی خۆی دەگات. و کۆمەڵگا پێ دەنێتە نێو سەردەمێکی درێژماوە لەپەشیمانی و نوقمی حاڵەتێکی سستی دەبێت کەهێشتا مەجالی پەیدا نەکردووە لەکەش و هەوایەکی هێمندا سەرکەوتنەکانی سەردەمی زریان و هەڵچوون وەربگرێت. بەڵام شۆڕشەکانی پرۆلیتاریا بەپێچەوانەوە، وەکو شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەمیشە ڕەخنە لەخۆیان دەگرن، سات بەسات ڕادەوەستن بۆ ئەوەی بپەرژێنە سەر شتێك کەوادێتە بەرچاو ئەنجام دراوەو سەرلەنوێ هەوڵەکانیان دەستپێدەکەنەوە. بێ بەزەییانە بەیەکەم دوودڵی، ڕاڕایی و بێ ئاکام مانەوەکانیان لەیەکەم هەوڵەکەنیان پێدەکەنن، ڕکەبەرەکەیان لەعەرز نادەن مەگەر بۆ ئەوەی مەجالی پێ بدەن سەرلەنوێ هەستێتەوە و بەشێوەیەکی توندتر لەجاران بەرەورووویان دەوەستنەوە، چەندین جار لەبەرانبەر مەزنی و بێ کۆتایی نادیاری ئامانجەکانی خۆیاندا پاشەکشە دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ساتەی کەکار بەجێگایەك دەگات ئیتر هیچ جۆرە پاشەکشەیەك مومکین نییەو بارودۆخەکە دەنگ هەڵدەبڕێت کە"ڕۆدس لێرەیە، دەبێ لێرەدا هەڵپەڕین! گوڵ لێرەیە، دەبێ لێرەدا سەما بکەین!"

تەنانەت لەدوای خاراوبوونی سۆسیالیزمی زانستیش ئەم بارودۆخە دێتە کایەوە. بزووتنەوەی کرێکاری تەنانەت لەئاڵمانش بەتەواوەتی نەبووەتە سۆسیال دیموکراتیك. بەڵام بەزاڵبوونی بەردەوام بەسەر لادانی توندڕەوانەی ئانارشیزم و ئۆپۆرتۆنیزم کە هەر دووکیان قۆناغە دیاریکراوەکانی ڕەوتی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی بەئەژمار دێن، ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لەجاران سۆسیال دیموکراتیك دەبێت.

هەر بەم بۆنەشەوە سەرهەڵدانی ڕەوتی ئۆپۆرتۆنیستی سەیر نییە، بەڵکو لاوازبوونی سەیرە. تا کاتێك کەئۆپۆرتۆنیزم لەبابەتی تاك و تەرا لەهەڵسووڕانی پراتیکی حیزبدا خۆی نیشان دەدا، هێشتا دەمانتوانی وایدابنین کە لەپشتەوەیدا بناغەیەکی تیۆری جیدی هەیە. بەڵام ئێستا کە لەکتێبەکەی بێرنێشتایندا بەتەواوەتی

خۆی نیشان دەدات، ناتوانین بەسەرسوورمانەوە هاوار نەکەین: چی؟ ئەمە گشت ئەو شتەیە بۆ وتن پێتانە؟ تەنانەت سێبەری بیرێکی داهێنەرانەشی تێدا نییە! تەنانەت بیرێکیشی تێدا نییە کە چەند دەیە لەوەپێش لەلایەن مارکسیزمەوە رەت نەکرابێتەوە، تێکنەشکێندرابێ و گاڵتەی پێ نەکرابێ و لەعەرز نەدرابێ!

تەنها ئەوە بەس بوو ئۆپۆرتۆنیزم قسە بکات بۆ ئەوەی نیشانی بدات هیچ شتێکی دیکەی پێ نییە. گرینگی کتێبەکەی "بێرنێشتاین" لەمێژووی حیزبدا هەر ئەوەیە. بەمشێوەیە "بێرنێشتاین"لەحاڵێکدا کە لەروانگەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، دیالیکتیك و تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو ماڵئاوایی دەکات، دەتوانێت سوپاسی هەموو ئەوانە بکات کەهەلومەرجیان بۆ داشکاندنی بۆچوونەکەی رەخساند. چونکە تەنها دیالیکتیك و تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو دەتوانێت سەربەرزانە "بێرنێشتاین" بەئامرازێك بزانێت کەمەحکوم بەشکستەو لەهەمان کاتدا بەکۆسپێك بزانێت کە بەیارمەتی ئەو کۆسپە چینی کرێکاری پێگەیشتوو خاڵە لاوازەکانی خۆی بەیان دەکات، بۆ ئەوەی لەدوای بەرەوڕوو بوونەوەی لەگەڵ هەقیقەت بەسووکایەتی و غرورەوە وەلای بنێت.

(ئێمە وتمان کەبزووتنەوە بەزاڵبوون بەسەر لادانی ئانارشیستی و ئۆپۆرتۆنیستیدا کە لەدوای گەشەی بزووتنەوەکە پەیدا دەبن، سۆسیال دیموکراتیك دەبێت. بەڵام زاڵبوون بەو مانایە نییە کەرێگا بدەین هەموو شتێك لەسەر خواستی خوداو لەوپەڕی هێمنیدا بەڕێوەبچێت. زاڵبوون بەسەر مەیلی ئۆپۆرتۆنیستی ئەمڕۆکە بەمانای ئەوەیە رەتی بکەینەوە.

بێرنێشتاین کتێبەکەی خۆی بەو پێشنیارە بەحیزب کۆتایی پێ دێنێت کەدەبێ هەر بەو جۆرەی کەهەیە خۆی دەربخات، واتە وەکو حیزبێکی ریفۆرمیستی-سۆسیالیستی دیموکراتیك. ئێمە وەك حیزب، واتە بەرزترین ناوەندەکەی کەکۆنگرەی حیزبە پێمان وایە دەبێ بە"بێرنێشتاین" پێشنیار بکەین کە ئەویش دەبێ هەر بەو جۆرەی کەهەیە خۆی دەربخات، واتە وەکو دیموکراتێکی وردەبۆرژوای پێشکەوتنخواز.)